# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٣٩
چوارشەممە
٢٠١٠/٧/٧
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




**بودجە موحافیزکارێتی دروستکردووە بۆ حیزبە ئیسلامییەکان**

ل٧

# دەستوور وردەکاری ڕێکخستنەکانی گۆڕان بڵاودەکاتەوە

## سەرکردایەتی پارێزگاکانی بزووتنەوەکە زۆرینەیان لەباڵی ریفۆرم دەبن

**تایبەت بەدەستوور**

دەستوور وردەکاری ڕێکخستنەکانی گۆڕان لەپارێزگاو قەزاو ناحییەکاندا بڵاودەکاتەوەو بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتووە، بەشێکی زۆری سەرکردەکانی باڵی ریفۆرم، سەرکردایەتی پارێزگاکانی بزووتنەوەکە دەکەنو بەشێکی کەمی ئەوانەی بەگۆڕانخوازەکان ناسێنراون، لەسەرکردایەتی بزووتنەوەکەدا دەبن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای ناوەندەکانی دەنگدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕێکخستنەکانی خۆی دادەنێتو لەهەموو قەزایەکیشدا بارەگایەک دەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەڕێکخستنەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بەدەستووری وت "قەزای مەڵبەندی سلێمانی یەک بارەگای تێدا دەبێتو دابەشدەبێت بۆ ٢١ بازنە، هەربازنەیەک لەچەند گەڕەکێک پێکدێتو لیژنەیەکی ١٤ کەسی کاری تێدادەکاتو یەک کەس وەک سەرۆکی لیژنەکە دەستنیشاندەکرێت".

دەستوور زانیویەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەر قەزایەکدا بارەگایەک دەکاتەوەو بەو پێیەش لەپارێزگای سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان ١٦ بارەگای سەرەکی دەکاتەوەو لەوێوە سەرپەرشتی بازنەکان دەکرێت لەناو قەزاو ناحیەکاندا.

هەروەها وتی "بۆ پارێزگاکانیتریش بەهەمان شێوە دەبێت، بەتایبەت لەسلێمانیو دهۆکو هەولێرو کەرکوک".

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "لەئێستادا ناتوانین باس لەشێوازی خۆڕێکخستنەوەکە بکەین تا تەواونەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی هەڵسوڕاون لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا، بەپێی شوێنەکان بانگدەکرێنو قسەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ دانانی ئالیەتی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەداهاتوودا".

سەرچاوەیەکیتر لەبزووتنەوەی گۆڕان، بەدەستووری وت "ژمارەی پێویستی خەڵک لەبەردەستدایە بۆ دانانی لەو بازنەو بارەگایانە، لەقۆناغەکانی داهاتوودا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن ئەو کادیرانە رابهێنرێنو توانای فیکریو سیاسیان بەرزبکرێتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، هەریەکە لەپارێزگاکان سەرکردایەتییەکی تایبەت بەخۆی دەبێت، وتی "ئەو کەسانە دادەنرێن کەئەزموونیان لەناو پارتەکاندا هەبووە، بەتایبەت ئەوانەی بەباڵی ریفۆرم ناسراون، لەگەڵیشیاندا کەسانی نوێی تێدا دەبێت، کە لەناو بزووتنەوەکەدا هاتوونەتە پێشەوە".



## لڤین شەڕ بۆ یەکگرتوو دەکات

ڕۆژنامەی دەستوور وەڵامی گۆڤاری لڤینی یەکگرتووی ئیسلامی دەداتەوە، کە لەدواژمارەیدا لەڕاپۆرتێکدا بەناوی کێ لەپشت فەوزای میدیاوەیە، دەستووری تۆمەتبارکردبوو بەوەی لەیەکێتییەوە نزیکە. بۆیە دەستوور ئەوە دەخاتەڕوو کەلڤین سێبەری یەکگرتووەو لەپشت ئەو فەوزاوەیە کە لەپشت میدیای کوردییەوەیە.

لڤین سەرەتا بەپارەی جەلال تاڵەبانی کەوەک بەخشش بەسەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری یەکگرتووی دابوو، دەرچووە، دواتریش لەژێر فشاری پارتیو یەکێتیدا، یەکگرتوو ناوی خۆی لەسەر گۆڤارەکە لابردو لەپشتەوە ئاڕاستەی دەکات.

لەبابەتێکدا دەستوور چۆنیەتی سێبەربوونی لڤین ڕووندەکاتەوە، ئەوەش دەخاتەڕوو کەئەو جۆرە لەراپۆرتی بێ سەرچاوە کەرۆژنامەنووس لەماڵی خۆیەوە بەئارەزووی میزاجی خۆی دەینووسی، لڤین دایهێنا، کەئێستا میدیای کوردی بەدەستییەوە گیرۆدە بووەو هێزە سیاسییەکان وەک یەکگرتوو، لەدژی یەکتر دەستیانکردووە بەدەرکردنی گۆڤاری وەک لڤینو نووسینی راپۆرتی بێسەرچاوە، بەناوی راپۆرتی شیکارییەوە.

زانیاری زیاتر لەلاپەڕە٨ و ٩ دەخوێنیتەوە

# پارتی کاتی کۆنگرەی دیاریکرد

## محەمەدی مەلا قادر: دواخستنی کۆنگرە هۆکاری شەخسی بووە نەك فیکری

**گۆران وەهاب**

محەمەدی مەلا قادر رایدەگەیەنێت کەئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی ڕێککەوتوون لەسەر کاتی بەستنی کۆنگرە، ئاماژە بەوەشدەدات دواکەوتنی کۆنگرە پەیوەندی بەهەندێک هۆکاری شەخسییەوە هەیە، نەک بەمەسائیلی فیکریو مەبدەئی.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتدا بەدەستووری وت "ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، کاتی بەستنی کۆنگرەیان دیاریکردووە، کە لەمانگی ١١ی ئەمساڵدا دەبێت، بەڵام ڕۆژەکەی دیارینەکراوە کە لەچ ڕۆژێکدا بێت، ئەویش لەچەند هەفتەی ئایندەدا دیاریدەکرێت".

لەبارەی دواکەوتنی کاتی کۆنگرەشەوە، محەمەدی مەلا قادر، وتی "دواکەوتنی کۆنگرە هیچ پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوە نەبووە، کەپارتی لەلقەکانی سنووری پارێزگاری سلێمانیو کەرکوکدا کردوویەتی، بەڵکو پەیوەندی بەبارودۆخی سیاسیو ئەو هەڵبژاردنانەی پێشتر کراون، ئەوانە کاریگەری هەبووە لەسەر دواخستنی کۆنگرە، ئەگینا هیچ شتێکیتر نەبووە، نەسیاسی نەتەنزیمی بوو".

هەروەها رایگەیاند "چونکە پێویستە کاک مەسعودیش ماوەیەک خۆی تەرخانبکات بۆ مەسائیلی کۆنگرەو ئەو شتە ئەساسییانەی لەناو کۆنگرەدا باسدەکرێت".

محەمەدی مەلاقادر وتی"بەبڕوای خۆم رەنگە دواکەوتنی کۆنگرە پەیوەندی بەهەندێک مەسائیلی شەخسی هەبێت، هەرچەند شتێکی ئەساسی یان فیکری و مەبدەئی نەبووە کەبووبێتە هۆی دواکەوتنی کۆنگرەکە".

5

# کۆمەڵو عەلی باپیر داوای لێبووردن ناکەن

# شەهیدانی هەرێمی کوردستان، لە٨٠ ملیۆن دینارەکە بێبەشدەکرێن

**زانا ئەحمەد**

بەپێی بڕیارێکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەر خێزانێکی شەهیدی عێراقی بڕی (٨٠) ملیۆن دیناری وەک قەرەبوو بۆ سەرفدەکرێت، بەڵام سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی ئەنفال، تەئکید لەسەر ئەوەدەکاتەوە کەبڕیارەکە تایبەت بۆ شەهیدەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق و شەهیدانی هەرێمی کوردستان بێبەشن لێی.

لەبڕیارەکەی نوری مالکیدا بەهیچ شێوەیەک ناوی شەهیدەکانی هەرێمی کوردستان نەبراوە، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانیش بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە وەزارەتی کاروباری شەهیدان لەگەڵ پارێزەرانی دۆسیەی ئەنفالو سەرکووتکردنی راپەڕین کۆببێتەوە.

عەبدولڕەحمان زێباری سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسییەی ئەنفالو راپەڕینی (١٩٩١) لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند "بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانەی کەشەهیدیان داوە، نوری مالیکی بڕیارێکی تایبەتی دەرکردووەو بۆ هەر خێزانێک (٨٠) ملیۆن دیناریان بۆ سەرفدەکات".

زێباری وتی "تائێستا لەبڕیارەکەدا بەهیچ شێوەیەک ناوی شەهیدانی هەرێمی کوردستان نەبراوە، بۆیە پێویستە هەرچی زووە بەرپرسانی کورد بەجدی قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەنو هەوڵبدەن تا وارسی شەهیدانی کوردستانیش لەو بڕیارە سوودمەندببن".

سەرۆکی تیمی پارێزەرانی دۆسیەی ئەنفالو راپەڕینی (١٩٩١) ئاماژەی بەوەشدا کە لەگەڵ پارێزەرەکانی دۆسیەی دووجەیل قسەیکردووەووتی "پێیانڕاگەیاندووم کە لەدادگای کازمییە سکاڵایەکیان



بەرزکردووەتەوەو داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن بۆ قوربانییەکانی دووجەیل کەبۆ هەر قوربانییەک کەگیانیلەدەستدابێت، داوای (١٥٠) ملیۆن دینارو بۆ زیندانییەکانیش داوای (٥٠) ملیۆن دیناریان کردووە".

زێباری ڕوونیکردەوە کەبڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە وەزارەتی کاروباری شەهیدان لەگەڵ تیمی پارێزەرانی دۆسیەی ئەنفالو راپەڕینی (١٩٩١) کۆببێتەوە.



**تۆ بڵێی کێ بێت جێگری سەرۆکی هەرێم!**

# گۆڕی شەهیدەکانی هەڵەبجە هەڵدەدرێتەوە



زانا ئەحمەد لەهەڵەبجە

بەگوێرەی لێدوانی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئێران لەهەوڵی ئەوەدایە کەگۆڕی بەشێک لەشەهیدەکانی هەڵەبجە کە لەبەهەشتی زەهرادایە، هەڵبداتەوەو لەجێگەی ئەوان خەڵکیتری تێدا بەخاک بسپێرێت.

لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بەگوێرەی چەند زانیارییەکی تایبەت کە لەکەسێکی باوەڕپێکراوی بەهەشتی زەهراوە لەئێران دەستمانکەوتووە، دواتر خۆمان مەیدانیی سەردانی مەزارگەکەمان کرد، ئێران لەهەوڵی هەڵدانەوەی بەشێک لەگۆڕەکانی شەهیدەکانی هەڵەبجەیە لەبەهەشتی زەهرا".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە ئەوەشی وت "چەندجارێک بەرپرسانی باڵای وەزارەتی شەهیدانمان لێ ئاگادارکردووتەوە، بەڵام تائێستا چارەسەرنەکراوە».

لوقمان وتی "ئێمە زانیاریمان لایە کەگۆڕی ژمارە (٢٥)و (٤٠) بەتایبەت خەریکە لەناودەچێتو لەسەردانی ئەم هەفتەیەشماندا بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەوڵماندا سەردانی بەشێک لەگۆڕەکانمان بکەین، بەڵام بەبیانووی جۆراوجۆرەوە ڕێگەمان لێگیرا بچینە ئەو بەشەی خەریکە گۆڕەکانی هەڵدەوەشێتەوە، ئێمەش ڕاستەوخۆ وەزیری کاروباری شەهیدانمان لێ ئاگادارکردووەتەوەو چاوەڕێی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی مەسەلەکەین".

ئەو داوایکرد یان گۆڕەکانیان بپارێزرێت یان بگەڕێنرێنەوە بۆ زێدی خۆیان.

لوقمان وتی "پێیانڕاگەیاندووین ئەو گۆڕانەی کە لەبەهەشتی زەهران، ساڵانە پارەیان لەسەرە، بەوەزیرمان ڕاگەیاندووە یان حکومەت پارەکەی سەرفبکات یان هەولێکیتری بۆ بدات، ئەویش لای خۆیەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کردووە، وەزیر پێی ڕاگەیاندووین کەدواتر لەسەر گۆڕەکانی بەهەشتی زەهرا ڕێکدەکەوین".

لەکاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا ژمارەیەک هاووڵاتی ئەو شارە بەبرینداری دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەکانی تاران، بەڵام دواتر بەهۆی سەختی ڕادەی برینداریەکەیانەوە، بەشێکیان گیانلەدەستدەدەنو هەر لەگۆڕستانی بەهەشتی زەهرای ئێران بەخاک دەسپێرێن.

# بەفەرمانێکی نهێنی، بەڕێوەبەرێك دووردەخرێتەوەو فەرمانبەرێکیش سزادەدرێت

فەرمان چۆمانی

بەفەرمانێکی نهێنی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی ڕانیە سزادەدرێت بەدوروخستنەوەی لەپۆستەکەیو هەر لەهەمان فەرماندا، فەرمانبەرێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش سزادەدرێت، بەبێئەوەی هۆکاری سزادانەکانیان ئاشکراکرابێت.

بەپێی نووسراوی ژمارە ٢٩٣٣ ڕێککەوتی ٢٧-٥-٢٠١٠ کە لەلایەن وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ئاڕاستەی بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندنی سلێمانی کراوەو وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتووە، هەریەکە لەبەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستەو گەیاندنی ڕانیەو فەرمانبەرێکی فەرمانگەکە سزادراون، لەنووسراوەکەدا داواشدەکات کەفەرمانگەکە ئەو بینایە چۆڵبکەن.

لەو نووسراوەدا ئاماژە بەفەرمانێکی نهێنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوەو هاتووە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی دراوە بەوەزیری گواستنەوەو گەیاندن، بڕیاردراوە بە "سزادانی هاوار حەسەن بەسزای ئاگادارکردنەوەو لابردنی لەبەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن، هەروەها گواستنەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی ڕانیە، فەرمانبەرێکیش بەناوی (ب.م. ح) سزادراوە».

لەنووسراوەکەدا هاتووە، کەدەبێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا کەنەگاتە ٤٥ ڕۆژ، ئەو بینایەی کەفەرمانگەی ناوبراوی تێدایە، چۆڵبکرێت، هەروەها کەسێکیتر بەناوی عومەر ڕەسوڵ داود کراوە بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکە بەوەکالەت.

# سێ فەرمانگەی حکومی لەناحیەی ژاراوە فێڵدەکەن

هەریەکە لەبەڕێوەبەرایەتی ناحیەی ژاراوەو بنکەی پۆلیسو فەرمانگەی دارایی ژاراوە، تائێستا هاوبەش (ئیشتراک)ی کارەبای حکومیان نەکردووە، لەکاتێکدا کارەبایان هەیە.

سەرچاوەیەک لەفەرمانگەی کارەبای سەنگەسەر کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری وت «تائێستا ئەو بینایەی کەبەڕێوەبەرایەتی ناحیەی ژاراوەو بنکەی پۆلیسو فەرمانگەی دارایی ژاراوەی تێدایە، نەهاتوون ئیشتراکی کارەبا بکەن، لەکاتێکدا ئێمە ئاگاداریشمان کردوونەتەوە".

ئازاد وسو بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە بێئاگایی خۆی لەنەبوونی هاوبەشی کارەبا ڕاگەیاندوو بەدەستووری وت "ئاگادارنیم کەهاوبەشی کارەبامان نەبێت، ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی ژاراوە لەو بینایەدا میوانینو ئەو بینایە هی بنکەی پۆلیسە، هەرکاتێکیش بینای فەرمانگەکەمان تەواوبوو، ئێمە هاوبەشی کارەبا دەکەین".

تائێستا فەرمانگەی کارەبای سەنگەسەر کاروباری هاووڵاتیانی ناحیەی ژاراوەش بەڕێوەدەبات.

# حکومەت ناتوانێت کۆنترۆڵی مەرزەکان بکات

## ڕۆژانە کەلوپەلێکی زۆری قاچاغ ئاودیوی سنوورەکانی ئێران دەکرێتو لەوێشەوە شتومەکی قاچاغ دەهێنرێتە کوردستانەوە

محەمەد حەمە نەجیب

ڕۆژانە چەندین کەلوپەلی قاچاغ لەسنوورەکانی ئێرانەوە، لەهەرێمی کوردستانەوە ئاودیوی ئەو وڵاتە دەکرێتو بەرپرسانی مەرزەکانیش ڕاستەوخۆ دانبەوەدا دەنێن کەناتوانن کۆنترۆڵی قاچاغچێتی بکەن لەدەوروبەری مەرزەکاندا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەست ڕۆژنامەی دەستوور کەوتووە، ڕۆژانە کەلوپەلێکی زۆر بەقاچاغی لەڕێگای مەرزەکانی هەرێمەوە ئاودیوی ئێرانو تورکیا دەکرێن.

دەستوور لەبەدواداچوونێکی سەبارەت بەو مادەو کەلوپەلانەی کەبەقاچاغی ئاودیوی ئێران دەکرێن، دەرکەوتووە ئەو مادانە بریتین لەجیوەو پارچەکانی ئۆتۆمبێلو دەرمان.

عەقید ڕۆستەم کۆکۆی بەڕێوەبەری گومرگی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە سەرەڕای کونترۆڵو چاودێرێکی زۆر وردی مەرزەکە، بەڵام هەندێک شت ناتوانرێت کونترۆڵبکرێت".

ئەو وتی "ئێران هەندێک مادەو کەلوپەل هەیە وەریناگرێت، ئەگەر گومرگیش بکرێت، چونکە ئێران وڵاتێکە خۆشی چەندین کارگەی هەیەو ئەو کەلوپەلانە بەکاردەهێنێت، بۆیە لەڕێگای قاچاغییەوە دەڕۆن، بەڵام قاچاغی لەهیچ وڵاتێکدا ناتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت، ئەمە مانای ئەوەنییە کەمن پشتگیری لەخەڵکو کەلوپەلی قاچاغ بکەم".

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەست دەستوور کەوتوون، ئەو مادە قاچاغانەی کەبەڕێگای قاچاغی لەئێرانەوە دەهێنرێتە هەرێمەوە، بریتین لەتلیاکو نەوتو گازو بەنزینو بتڵی غازو هەنگوینو دەرمانی جوانکردنی لەش.

سەبارەت بەڕۆیشتنی مادەی جیوە لەو مەرزەوە بۆ ئێران، عەقید ڕۆستەم ئاماژەی بەوەدا کە بەهیچ شێوەیەک مادەی جیوە لەو سنوورەوە ناڕوات، وتی"چونکە ئێمە بەردەوام چاودێریو بەدواداچوون دەکەین، ئەگەر شتێک لەڕێگەی مەرزکەی ئێمەوە بچێتە ئەودیوەوە، کونترۆڵی دەکەینو هەر زانیارییەکمان پێبگات، ئەوا یەکسەر بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

بەرپرسانی مەرزەکان، ئاماژە بەهێنانو بردنی کەلوپەلی قاچاغی دەکەنو پێیانوایە کەناتوانرێت کونترۆڵی ئەو مادانە بکەن.

لەلایەکی ترەوە، ئەدوەر جەبەلی بەڕێوەبەری گومرگی مەرزی حاجی ئۆمەران بەدەستووری وت "حاجی ئۆمەران مەرزێکی نێودەوڵەتییە، بۆیە ئەو شتانەی کە لەڕێگای مەرزەکەی ئێمەوە دەڕوات، شتی قاچاغی نییە، بەڵام هەندێکجار هەوڵدەدرێت لەدیوی ئێرانەوە گازو بەنزین بهێنرێتە هەرێمەوە، بەڵام ئەویش ئاشکرادەبێت، دەگیرێتو بەئیجرائاتی یاسایی لێیان وەردەگیرێت".

ئەو وتی "زۆر بەدەگمەن نەبێت قاچاغی ناڕواتو نایەت، بۆیە ئەگەر بێت، ئەوا دەستگیری دەکەین، لەبەرئەوەی دەزگایەکی زۆر کونترۆڵمان هەیە، بەهاوبەشی کۆمەڵگا کۆنترۆڵیدەکەین".



# فیلێکیتر بۆ خانەقین بەڕێوەیە

## داوادەکرێت لەو ٤٣ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە ٧ هەزاری بۆ خانەقین بێت، بەڵام کوردەکان ترسیان لەوە هەیە




فەرمان خێلانی

لەو یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونە کە لەناوەڕاستو خوارووی عێراق دروستدەکرێن، ٤٣ هەزار یەکەیان بەر پشکی پارێزگای دیالە دەکەوێت، بەڵام دیارنییە تائێستا ناوچە کوردییەکانی ئەو پارێزگایە چەند یەکەی بەردەکەوێت، بەرپرسە کوردەکانی پارێزگای دیالەش لەئێستاوە ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، هاوشێوەی کەمکردنەوەی بودجەی خانەقین، فیلێکیتر لەکوردەکان بکرێت.

بەرپرسە کوردەکان داوادەکەن لەو ڕێژەیە لانیکەم ٧ هەزار یەکەیان تەنها بۆ قەزای خانەقین بێت، ئاماژە بەوەشدەدەن ئەگەر ئەوە قبوڵنەکرێت، ئەوە رازینابنو هەڵوێست وەردەگرن.

بەپێی نووسراوێکی دەستەی وەبەرهێنانی عێراق کەوێنەیەکی دەست دەستوور کەوتووە، بڕیاری دروستکردنی یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون دراوە لەباشوورو ناوەڕاستی عێراق.

بەپێی نووسراوی ژمارە ٥٩٢ لەبەرواری ٢٠١٠/٥/٢٦ کە لەپارێزگای دیالەوە هاوپێچکراوە لەگەڵ دەقی نووسراوەکەی دەستەی وەبەرهێنانی عێراقدا، کەتایبەتە بەدروستکردنی یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون لەباشوورو خوارووی عێراقو وێنەی بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی سەر بەو پارێزگایە نێردراوە، تێیدا هاتووە «لەو یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونە ٤٣,٠٠٠ چلو سێ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ پارێزگای دیالە دروستدەکرێت».

هەر لەنووسراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کەنرخی هەر یەکەیەک لەو یەکانە ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار دۆلارە (٥ دەفتەر دۆلار)ەو هەروەها لە٢٥٪ی پارەی یەکەکان لەفەرمانبەرانو هاووڵاتیان وەردەگیرێتو ئەوەی دەمێنێتەوە بەقیستی ١٠ ساڵ وەردەگیرێت.

بەڵام ئەوەی بووەتە ترس بۆ بەرپرسە کوردەکانی پارێزگاکە، ئەوەیە لەنووسراوەکەدا ئاماژە بەوەنەکراوە کە لەسەر چ بنەمایەک ئەو ڕێژەیە بەسەر شارو شارۆچکەکانی پارێزگاکەدا دابەشدەکرێت.

بەرپرسانی ئیداری خانەقین ترسی ئەوەیان هەیە کەوەک چۆن لەبەشە بودجەکەیان کەمتریان بۆ دانرابوو، لەم یەکەی نیشتەجێبوونانەش بێبەش ببن.

سەمیر محەمەد نوور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «دەبێت بەپێی ڕێژەی دانیشتووان ئەو یەکانە دابەشبکرێت بەسەر شارو شارۆچکەکاندا، بەو پێیەش خانەقین ٧,٠٠٠ حەوت هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی لەو یەکانە بەردەکەوێت».

هەروەها وتی «بەڵام ئێمە ترسمان هەیە لەوەی کەئەم یەکە نیشتەجێیانەش بەدەردی بەشە بودجەی ئەمساڵمان بەرنو ئەو ڕێژەیەمان بۆ دانەنێن، لەبەرئەوەی دڵنیانین لەئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەو متمانەمان پێیان نەماوە، لەو کاتەوەی کەهەڵوێستیان نەبوو لەسەر بەشە بودجەی قەزاکەمان».

سەید تالیب محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بەدەستووری وت «قسەیەکی واهەبوو کەگوایە ئەو یەکەی نیشتەجێیانە بۆ عەرەب بێتو بەر کورد نەکەوێت، بەڵام وتی «ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە بەنووسراوێک لەدەستەی وەبەرهێنانی عێراقەوە چۆنێتی میکانیزمی دابەشکردنی ئەو یەکانەمان پێ بگات، ئینجا بڕیار لەسەر دابەشکردنەکەی دەدەین بەسەر قەزاو ناحییەکانی پارێزگاکەدا».

سەید تالیب محەمەد وتی «ئەگەر بزانین لەو یەکەی نیشتەجێیانە حەقی تەواو بەناوچە کوردنشینەکان نادرێت، ئەوکات قبوڵی ناکەینو قسەی لەسەر دەکەین».

## سێ ئەندامی یەکێتییە وەرزشییەکان دووردەخرانەوە

شالاو کەریم لەسلێمانی

بێ هیچ بنەماو پاساوێک، لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان، گێچەڵ بەسێ ئەندامی یەکێتییە وەرزشییەکانی کوردستان دەکاتو لەکارەکانیان دووریاندەخاتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لەهەوڵی ئەوەدایە هەریەک لە«هێمن فەرەیدونو کەنعان ئیسماعیلو رزگار محەمەد»، لەپۆستەکانیان دووربخاتەوەو لەجێی ئەوان کەسانیتر دابنێت.

دەستوور زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کەبڕیارەکەی لیژنەی ئۆڵۆمپی، سیاسییەو پەیوەندی بەوەرزشەوە نییە، ئەویش بەو پێیەی هەرسێ ئەندامەکە لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، بانگەشەیان بۆ لیستی گۆڕان کردووە.

کەنعان ئیسماعیل ئەندامی یەکێتی پایسکلسواری کوردستانو یەکێک لەدوورخراوان، بەدەستووری وت «لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپییەوە بەشێوەی دەمی ئاگادارکراونەتەوە بەوەی دوورخراونەتەوەو پێویستە واز لەکارەکانیان بهێنن».

ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کەپێیان ڕاگەیاندوون، دەبێت بەزۆر دەستلەکاربکێشنەوەو وادەریبخەن کەبەویستی خۆیان وازیانهێناوە، نەک لەلایەن لیژنەوە ناچار بەدەستلەکارکێشانەوە کرابن.

ئەو ئەندامە دوورخراوە ئەوەشی وت «هەرسێ ئەندامەکە یاداشتێکیان ئاراستەی لیژنەی ئۆڵۆمپیو خودی مەلا بەختیار کردووەو داوای ئەوەیان لێکردووە بەفەرمی هۆکاری ناچارکردنیان بەدەستلەکارکێشانەوە پێ رابگەیەننو هۆشداریشیان پێداون کەهەڵوێست وەردەگرن ئەگەربێتو لەوە ئاگاداریان نەکەنەوە».

## بازیان، بەدالەی لێنییەو ٢١ کارمەندیش دەوامدەکەن

محەمەد حەمەنەجیب

ماوەی سێ ساڵ زیاترە بینایەکی نوێ بۆ بەدالەی بازیان دروستکراوەو ٢١ کارمەندیش بە بەردەوامی دەوامی ئاسایی خۆیانی تێدا دەکەن، بەڵام تائێستا ئەو شارۆچکەیە بەدالەی تێدا نییە.

هیوا مستەفا ئەحمەد لێپرسراوی نووسینگەی پۆستەو گەیاندنی بەدالەی بازیان لەلێدوانێکدا بەدەستووری ڕایگەیاند «ئێستا بازیان بەدالەی نییە، بۆیە وەزارەت وتیان بۆتان دێنین، بەڵام نەیانهێنا، هەرچەندە بەدالەیەکی کۆنیش بوو».

ئەو وتی «ئێستا ٢١ کارمەند دامەزراونو رۆژانە دەوامی ئاسایی خۆیان بەڕێدەکەن، بەڵام بەبێ بوونی بەدالە لەبازیان».

هیوا مستەفا ئاماژەی بەوەشدا کەچەندینجار لەڕێی بەڕێوەبەرایەتییەکەیا نەوە داوای بەدالەیان لەوەزارەت کردووە، بەڵام وتی «قسەی کۆتایی وەزارەت ئەوەیە کەچۆن ئێستا بەدالەی سلێمانی دراوە بەکۆمپانیای کورتێل، ئەواش بڕیاروایە هەموو قەزاو ناحییەکان بدەن بەکۆمپانیای ئەهلی، بۆیە ئێمە لەوە زیاتر هیچ نازانین کەکەی دادەنرێت».

ئەو ٢١ کارمەندەی بەدالەی بازیان، ڕۆژانە بە بەردەوامی دەوامی خۆیان دەکەنو موچەی مانگانەش وەردەگرن، بەدالەکە بینایەکی گەورەشی بۆ دروستکراوە.

## دەربارەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

عەممار شابەندەر*

لەو کاتەوەی سەردەشت عوسمان لەسەرەتای مانگی ئایاردا تیرۆرکرا، تۆمەتبارکردنو دژەتۆمەتبارکردن رووپەڕی میدیاکانی کوردستانو بگرە بەشەکانیتری وڵاتیشی گرتووەتەوە.

سەنتەری میترۆ بۆ بەرگری لەڕۆژنامەنوسان، کەسەر بەئەنستیتۆی رۆژنامەوانی جەنگو ئاشتی (IWPR)ە هەر لەیەکەم رۆژەوە لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆییەکاندا، بەشداربووە لەناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەڕفاندنو پاشان تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو داوایکردووە کەلێکۆڵینەوەیەکی وردو شەفاف بکرێت کەئەنجامێکی موعتەبەری لێبکەوێتەوە.

تیرۆرکردنی سەردەشت، چەندین گفتوگۆی دروستکردووە سەبارەت بەوەی کەبۆچی کوژرا، ئایا ئەو رۆژنامەنووس بوو یان نا، هەروەها چۆن نووسینەکانی پەیوەندیان بەکوشتنییەوە هەبووە. وەک IWPR ئەم پرسیارەمان زیاتر لەجارێک لێکراوە، بۆیە پێموایە کەگرنگە وەک بەرپرسی بەرنامەکانی IWPR لەعێراق وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوەو هەڵوێستی ڕێکخراوەکە لەو بارەیەوە ڕوونبکەمەوە.

هەتا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوەی ڕەسمی کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، نەگەشتووەتە ئاستێکی پەسەندکراو بۆ ڕای گشتی، بەڵکو لەڕاستیشدا ئەو ڕوونکردنەوەیەی لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، پێچەوانەی ئەو زانیارییانەن کەخێزانی قوربانییەکە باسیدەکەن. ئەمەش ڕێگەخۆشکەربووە بۆ بەسیاسیکردنی مەسەلەکەو کردنەوەی دەرگای تۆمەتبارکردنو دژەتۆمەتبارکردن لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانو ئۆپۆزیسیۆنو میدیای ناوخۆییو چالاکوانەکانی ئازادی ڕادەربڕین.

بە بەرچاوخستنی هەموو ئەو ڕاستییانە، کەس ناتوانێت گومان لەوە بکات کەکوشتنی وەحشییانەی سەردەشت، پەیوەندی بەنووسینەکانییەوە هەبووە، بەو شێوەیەش مەسەلەکە بریتییە لەمافێکی سەرەتایی ئازادی ڕادەربڕینو مافی دەستەبەرکردنی سەلامەتی لەلایەن دەزگاو دامەزراوە ئەمنییەکانی دەوڵەت.

پرسیار سەبارەت بەوەی کەئایا سەردەشت رۆژنامەنووس بووە یان نا، ئەوە هیچ پەیوەندی بەمەسەلەکەوە نییە. ئازادی ڕادەربڕین لەڕەشنووسی دەستووری هەرێمو دەستووری عێراقو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ هەموو مرۆڤێک زامنکراوە، بێگوێدانە پیشەو بیروباوەڕی سیاسی.

لەوەش زیاتر، بیروبۆچوونی ئێمە لەسەر ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی ڕۆژنامەوانی لەمادەی ١٩ ی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت، کەدەڵێت: «هەموو کەسێک مافی ئازادی دەبڕینو بیروبۆچوونی هەیە: ئەم مافە بریتییە لەئازادی بوونی بیروبۆچوون بەبێ دەستتێوەردانو گەڕانو وەرگرتنو گەیاندنی زانیاریو بیروبۆچوون لەڕێی هەر میدیایەکەوە بێت، بێگوێدانە سنوورەکان.»

سەردەشت، وەک هەر ئەندامێکیتری کۆمەڵگا، مافی ئەوەی هەبوو کەئازادانەو بێ سانسۆرو دەستتێوەردان بیروبۆچوونەکانی دەرببڕێت. تیرۆرکردنی سەردەشت گورزێکی کوشندەیە لەتۆماری مافەکانی مرۆڤو ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستاندا.

ئێستاش ئەرکەکە لەسەر شانی دەسەڵاتدارنی کوردستاندایە کەلێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆو وردو شەفاف بکەن، کەئەنجامێکی موعتەبەری هەبێت، تەئکید لەوەبکەنەوە کەهەموو ئەوانەی لەپشت ئەم کارەوەن، بهێنرێنە بەردەم دادگا.

وەک ڕێکخراوێکی بەرگریکار لەئازادی ڕادەربڕین لەعێراقو دەرەوەشدا، IWPR بەردەوامدەبێت لەبەدواداچوونو ڕوماڵکردنی ئەم مەسەلەیە.

* بەرپرسی بەرنامەکانی عێراق لەئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگو ئاشتی

www.arsivakurd.org

# کۆمەڵو عەلی باپیر داوای لێبووردن ناکەن

## وتەبێژی کۆمەڵ: «ئەی ڕەقیب کوفری تێدایەو ناشەرعیو نادەستوورییە»

مەعاز فەرحان



وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کۆمەڵی ئیسلامیو مامۆستا عەلی باپیر داوای لێبوردن ناکەن، ئاماژە بەوەشدەکات ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، دەستیان لەپشتە.

دوای ئەوەی کەمپینێک لەدژی وتەکانی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دروستدەکرێت، لەبارەی ئەوەی سروودی ئەی ڕەقیبی بەسروودێکی نیشتمانی دانەنابوو، کەمپینەکە داوادەکەن عەلی باپیرو کۆمەڵی ئیسلامی داوای لێبووردن بکەن، کۆمەڵیش جارێکیتر دەڵێت ئەو سرووده نەتەوەییە نەنیشتمانیو نادەستووریو ناشەرعییە.

عەبدولستار مەجید وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بەدەستوری وت "ئەوەی دروستبوو، هەرایە، ئێمە دەڵێین سروودی ئەی ڕەقیب نیشتمانی نییە، تەعبیر لەهەموو نەتەوەکانی ناکات، سروودێکی نەتەوەییە نەک نیشتمانی، بەتەنها باسی کوردی تێدایە، خۆ کوردستان هەر میللەتی کوردی تێدا ناژی، بەڵکو چەندین ئاینو مەزهەب لەکوردستاندا هەن کەئەو سرووده تەعبیریان لێناکات".

هەروەها وتی "شتی ناشەرعی لەم سروودەدا هەیە، بۆیە ڕێزی لێناگرین، کوفری تێدایە".

وتەبێژی کۆمەڵ پێیوایە ئەو سرووده پێچەوانەی دەستووری عێراقو هەرێمیشە، وتی "ئەم سرووده نیشتمانی نییە، کێ بڕیاری داوە کەنیشتمانی بێت، لەدەستووری هەرێمدا هاتووە دەڵێت سروودێکی نیشتمانیمان دەبێت کەبەیاسا ڕێکدەخرێت، کوا یاسای ئەم سروودەی ڕێکخستووەو دایناوە؟ کوا کەسانی پسپۆڕو شارەزا پێداچونەوەو پێشنیاری ئەم سروودەیان کردووە؟".

وتەبێژی کۆمەڵ ئاماژە بەوەدەدات ئەگەر بێتو بەڕاپرسیش ئەی ڕەقیب بکرێتە سروودی نیشتمانی، لەبەری هەڵناسنەوەو داوای لێبوردنیش ناکەن، وتی "مامۆستا عەلی باپیر ئەرکێکی شەرعی بەجێهێناوە، لەبەرئەوەی شتێکی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئاینییمان تێدایە".

عەبدولستار مەجید پێیوایە کەئەوەی ڕوویداوە، جۆرێکە لەموزایەدەکردن بەسەر کۆمەڵی ئیسلامییەوە، وتی "کەس بۆی نییە موزایەدەمان بەسەرەوە بکات، ئێمەش قوربانیمانداوەو خەباتمان کردووە لەپێناوی ئەم میللەتەدا".

> **شتی ناشەرعی لەسروودی ئەی ڕەقیبدا هەیە، بۆیە ڕێزی لێناگرین، کوفری تێدایە**

ئاماژەی بەوەشدا "بەتەئکید دەستێک هەیە بۆ جوڵاندنی ئەو مەسەلەیە، بەڵام بەگوێرەی ئەو ناوانەی کە لەکەمپینەکەدا ناویان هاتووە، ڕووندەبێتەوە کەکێ لەپشت ئەو جوڵاندنەوەیە".

کاوە نادر یەکێک لەڕێکخەرانی کەمپینی ئیمزاکۆکردنەوە دژی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەگەر بێ شەرعی بێت کەئەوان وادەڵێن کەواتە یاسای کوردستان بێ شەرعە، چونکە لەڕووی یاساییەوە داڕێژراوە، پێویستە هەموومان ڕێزی لێبگرین، پێم سەیرە عەلی باپیر لەبەر سروودی وەتەنی هەڵدەستێتەوە کەئەویش ناوی خودای تێدایە، بەڵام لەبەر ئەی ڕەقیب هەڵناسێتەوە".

کاوە نادر ڕەتیکردەوە کەدەستێک لەپشت کەمپینەکەوە بێت، وتی "ئەوە ڕاست نییە دەستی سیاسیمان لەپشتەوە بێت، تەنیا دڵسۆزییەکە بۆ خەڵکی کوردستان، هەرکەسێک سوکایەتی بەموقەدەساتی کوردستان بکات، ئێمە بەرامبەری دەوەستین".

ئەو وتی "ئەوان ناچارن بڵێن دەستێکی سیاسیان لەپشتەوەیە، هەموو حیزبەکانی کوردستان بەو شێوەیە بیردەکەنەوە، خۆ داوامانکردووە داوای لێبوردن بکات، نەمان بردووەتە دادگا ئەگەر یاسا هەبێت، دەبێت بدرێتە دادگا".



# عێراق، لەقەیرانی سیاسییەوە بۆ قەیرانی دەستووری

## پابەندنەبوونی قەوارە سیاسییەکان بەدەستوورەوە، هەموارکردنەوەی دەکاتە پێویستی

کاروخ نامیق

قەیرانی سیاسی نێوان هێزە کێبڕکێکارەکانی عێراق، مەترسی پابەندنەبوونی ئەو هێزانەی لێدەکرێت بەدەستوورەوە، کەئەوەش وڵات بەرەو قەیرانێکی دەستووری دەباتو چارەنووسی دەستووریش دەخاتە مەترسییەوە.

گۆڕەپانی سیاسیی عێراق لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ی ئەنجومەنی نوێنەران، ناکۆکی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییەی خاوەن ٩١ کورسیو دەوڵەتی یاسای خاوەن ٨٩ کورسی، کەهەریەکەیان دەیانەوێت سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عێراق لەلیستەکی ئەو بێت.

بەپێی دەستوور گەورەترین قەوارەی براوەی هەڵبژاردن، مافی کاندیدکردنی کەسێکی بۆ سەرۆک وەزیران دەبێت، کە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت ڕادەسپێردرێت.

سوربوونی لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی کە لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی ٧٥ کورسی، قەوارەکی نوێی ١٦٤ کورسییان پێکهێناوە، بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو، دۆخی سیاسی ئاڵۆزکردووە.

وەڵامی دادگای فیدراڵیش، دۆخەکەی بەرەو قەیرانێکی سیاسی برد، کاتێک وتی سەرۆک وەزیران لەگەورەترین قەوارەی ناو پەرلەمان دیاریدەکرێت. بەو پێیەش ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییە لەمافێکی دەستووری بێبەشکراو کێبڕکێکانی هێندەیتر قوڵکردەوە.

ڕێکنەکەوتنی قەوارەکان لەسەر دیاریکردنی سەرۆک وەزیران، بووەتە هۆی دیارینەکردنی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران.

یوسف محەمەد مامۆستای زانستە سیاسییەکان دەڵێت دیاریکردنی پۆستی سەرۆک وەزیران کلیلی دیاریکردنی پۆستەکانی دیکەیە، ئەگەر قەوارە سیاسییەکان ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی سەرۆک وەزیران کێ بێت، دیاریکردنی پۆستەکانی تری وەکو سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئاسان دەبێت.

بەپێی دەستووری عێراق دوای ١٥ ڕۆژ لەپەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەنجومەنی نوێنەران یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبەستێتو سەرۆکێک بۆ ئەنجومەنەکە هەڵدەبژێردرێت، دوای ٣٠ ڕۆژیش لەبەستنی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، دەبێت سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێت، دواتر سەرۆک کۆمار کاندیدی گەورەترین قەوارەی پەرلەمانی ڕادەسپێرێت بۆئەوەی لەماوەی ١٥ ڕۆژدا کابینەی تازەی حکومەت پێکبهێنێت.

شۆڕش حەسەن مامۆستای زانستە سیاسییەکان، دەڵێت جێبەجێنەکردنی ئەو مادە دەستووریانە لەکاتی خۆیدا، پێشلێکاری دەستوورە، وتی «کاتێکیش دەستوور پێشێلبکرێت، واتا دەسەڵاتەکان بەهای دەستووریان نامێنێت».

یوسف محەمەد وتی «ئەم دۆخەی دروستبووە، وادەکات دەستوور سەنگی لاواز ببێت، ڕێزی بەندەکانی نەگیرێت، ئەمەش وادەکات بەزاندنی لەداهاتوودا کارێکی ئاسان بێت».

حاکم شێخ لەتیف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت لەیەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەبریاردرا دانیشتنی پەرلەمان بەکراوەی بمێنێتەوە، بەپێچەوانەی دەستوور بووە، وتی «چونکە شتێک نییە لەدەستووری عێراقی بەناوی دانیشتنی کراوە«.

حاکم شێخ لەتیف وتی «لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسو پەسەندکردنی دەستووری نوێ، بەرپرسە عێراقییەکان تەنها پابەندی ئەو بڕگەو مادانە بوون کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە».

دەستووری عێراق لەدۆخێکی قەیراناویدا نووسرایەوە، کەنوێنەری زۆربەی سوننەکانی عێراق بەشدارییان تێدانەکرد، بەو هۆیەشەوە بەردەوام داوای هەموارکردنەوەی دەکەنو پابەندنابن پێوەی.

حاکم شێخ لەتیف پێیوایە دەبێت جیاوازیبکرێت لەنێوان ئەوەی وڵاتێک دەستووری هەبێت لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی دەستووریی بێت، دەڵێت دەوڵەتی دەستووریی ئەوەیە کەفەرمانڕەواکان پابەندبن بەدەستوور، ئەگەر وانەبوو، واتا وڵاتی دەستووریی نییە با دەستووریش هەبێت.

شێخ لەتیف وتی «لەڕژێمی رابردووی عێراقدا دەستوور هەبوو، بەڵام فەرمانڕەواکان پابەندنەبوون پێوەی، ئێستاش عێراق خاوەن دەستووری خۆیەتی، ئەگەر پابەندنەبن پێوەی، هیچ جیاوازییەکیان لەڕژێمی پێشوو نییە».

شۆڕش حەسەن دەڵێت دەستوور لەوڵاتی نادیموکراسی هیچ بەهایەکی نییە، «لەعێراقیش دیموکراسیەت وەک پێویست بەرقەرارنەبووە، لەبەرئەوە چاوەڕوانکراوە کەپێشلکاری دەستوورو یاساکان بکرێت».

خۆدزینەوە لەبەندەکانی دەستوورو جێبەجێنەکردنو پابەندنەبوون پێوەی، وادەکات کەهەمواکردنەوەی دەستوورەکە ببێتە پێویستی لەلای بەشێکی زۆری چاودێرانی سیاسیو قەوارە سیاسییەکان.

بەبڕوای یوسف محەمەد ئەم دۆخە پێویستی بەوە هەیە چاو بەدەستووردا بخشێنرێتەوە، ئەو بەسەریەکەوەبوونەی پۆستە سیادییەکان لەبەریەک هەڵبوەشێنرێتەوە. بۆ نمونە هەولبدرێت پۆستی سەرۆک کۆمار دووساڵ دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی عێراق دەستنیشانبکرێت بۆئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆک کۆمارێک هەبێت دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، بتوانێت ڕاستەوخۆ سەرۆکی قەوارەی زۆرینە ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

حاکم شێخ لەتیف وتی «پابەندنەبوون بەدەستوورەوە، دەمانباتەوە سەر ئەو ئەڵقە بەتاڵەی چەندین ساڵە ئەم وڵاتەی تێکەوتووە، ئەویش بریتییە لەنەبوونی سیستمو دیموکراتییەتو سەروەری یاسایە، هەروەها بریتییە لەدووبارەکردنەوەی هەموو ئەو تراژیدیانەی کەهەشتا ساڵە ئەم عێراقەی تێدا دەژی».

# دەستوور، وردەکاری ڕێکخستنەکانی گۆڕان بڵاودەکاتەوە

## سەرکردایەتی پارێزگاکانی بزووتنەوەکە زۆرینەیان لەباڵی ریفۆرم دەبن

تایبەت بەدەستوور

دەستوور وردەکاری چۆنیەتی ڕێکخستنەکانی گۆڕان لەپارێزگاو قەزاو ناحییەکاندا بڵاودەکاتەوە، لەئێستاشدا ئەو بزووتنەوەیە زۆرێک لەکارەکانی تەواوکردووە، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەکە بەزنجیرە دەبێتو لەئێستادا ئیش لەسەر دانانی کەسەکان بۆ ئەو زنجیرانە دەکات.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای ناوەندەکانی دەنگدانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕێکخستنەکانی خۆی دادەنێتو لەهەموو قەزایەکیشدا بارەگایەک دەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەڕێکخستنەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بەدەستووری وت «قەزای مەڵبەندی سلێمانی یەک بارەگای تێدا دەبێتو دابەشدەبێت بۆ ٢١ بازنە، هەربازنەیەک لەچەند گەڕەکێک پێکدێتو لیژنەیەکی ١٤ کەسی کاری تێدادەکاتو یەک کەس وەک سەرۆکی لیژنەکە دەستنیشاندەکرێت».

دەستوور زانیویەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەر قەزایەکدا بارەگایەک دەکاتەوەو بەو پێیەش لەپارێزگای سلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان ١٦ بارەگای سەرەکی دەکاتەوەو لەوێوە سەرپەرشتی بازنەکان دەکرێت لەناو قەزاو ناحیەکاندا.

سەرچاوەکە وتی «هەموو قەزاو ناحییەکانی پارێزگای سلێمانی دابەشکراوە بەسەر ٧٩ بازنەدا کە ٧٩ لیژنە سەرپەرشتیدەکات، بەڵام لەوانەیە عەربەت وەک بازنەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو بارەگای تێدادا بکرێتەوە».

هەروەها وتی «بۆ پارێزگاکانی تریش بەهەمانشێوە دەبێت، بەتایبەت لەسلێمانیو دهۆکو هەولێرو کەرکوک».

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «لەئێستادا ناتوانین باس لەشێوازی خۆڕێکخستنەوەکە بکەین تا تەواو نەبێت، بەڵام ئەو کەسانەی هەڵسوڕاون لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا بەپێی شوێنەکان بانگدەکرێنو قسەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆ دانانی ئالیەتی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لەداهاتوودا».



سەرچاوەیەکیتر لەبزووتنەوەی گۆڕان، بەدەستووری وت «ژمارەی پێویستی خەڵک لەبەردەستدایە بۆ دانانی لەو بازنەو بارەگایانە، لەقۆناغەکانی داهاتوودا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن ئەو کادیرانە رابهێنرێنو توانای فیکریو سیاسیان بەرزبکرێتەوە».

هەروەها وتی «ئەو هەڵبژاردنەی ئێستا بۆ بازنەو بارەگاکان دەکرێت، وەکو هەڵبژاردنی ئۆرگانی فراوان نییەو لەبنکەکانی خوارەوە دەست بەخۆڕێکخستنەوە کراوە، نەک لەسەرەوە ئەوەش کارەکەی قورسترکردووە».

سەرچاوەکە وتی «سەرەتا لێپرسراوی بازنەکان دیاریدەکرێن، کەهەر بازنەیەک بریتیدەبێت لەچەند بنکەیەکو هەر بنکەیەکیش لێپرسراوی خۆی دەبێت، کەلیژنە دەبێتو ئەو لیژنانەش ئەندامی بازنەکان دەبنو بازنەکانیش ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبنو لەقەزاکانیشدا ئەندامی ئەنجومەنی قەزاکە دەبن، بەڵام ئەوەش کاتی دەوێت تا هەموو بازنەکانە ڕێکدەخرێن».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد تا کەسەکانی خوارەوە دانەنرێت سەرکردایەتی سەرەوە دیارناکرێت، وتی «ئێستا گۆڕان لەقۆناغی دانانی قائیدەکەدایە، دانانی سەرکردەکانیش لەوکەسانە دەبێت، کە کەسانی بەئەزموونو تەجروبەی سیاسی درێژیان هەیە لەناو حیزبە سیاسیەکانیتر کەهاتوونەتە ناو گۆڕانەوە».

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، هەریەکە لەپارێزگاکان سەرکردایەتییەکی تایبەت بەخۆی دەبێت، وتی «ئەو کەسانە دادەنرێن کەئەزموونیان لەناو پارتەکاندا هەبووە، بەتایبەت ئەوانەی بەباڵی ریفۆرم ناسراون، لەگەڵیشیاندا کەسانی نوێی تێدا دەبێت کە لەناو بزووتنەوەکەدا هاتوونەتە پێشەوە».

---

# «زیاتر لە ٨٦ گەڕەك لەهەولێرو قەزاو ناحیەکان کارەبای نیشتمانیان نییە»

## نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ دەستوور

سازدانی: عەلی بانیشاری

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور ئاماژە بەوەدەدات، بەهۆی کەمی بودجەی پارێزگای هەولێرەوە، تائێستا هەندێک لەگەڕەکەکانی هەولێر وەک پێویست خزمەتگوزاریان پێنەگەیشتووە.

پارێزگاری هەولێر نایشارێتەوە کۆمپانیای جینائین کەپاککردنەوەی هەولێری لەئەستۆدایە، گرفتی بۆ دروستکردوون، دەڵێت کەموکورتی لەکارەکانی ئەو کۆمپانیایەدا وای کردووە زبڵو خاشاکێکی زۆر لەگەڕەکەکانی هەولێردا بەدیبکرێت.



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر

**دەستوور:** هەولێر لەڕێگاوباندا کێشەی نییە، هەروەها چواردەوری شار رازێنراوەتەوە بەباخو یاریگا، بەڵام کەدەچیتە ناو چەقی شارەکەو گەڕەکەکانەوە، هەست بەوە دەکەیت هێشتا خزمەتگوزاری زۆری دەوێت، بەشێک لەگەڕەکەکان تائێستاش کێشەی خزمەتگوزارییان هەیە؟

**نەوزاد هادی:** ئەوە بۆ بەرفراوانی گەڕەکەکان دەگەڕێتەوە، بۆنمونە وەک ٨ی حەسارۆست و٥ی حەسارۆست لەنێوان دارەتوو و باداوەدایە، بێگومان ئەوانە گەلێک فراوان بوون، بەڵام ئەو بودجەیەی لەبەردەستماندایە بەشی ئەو هەموو کارە ناکات، ئەو کێشانە ماونو هەروەها بودجە بەشی ئەو هەموو خزمەتگوزاریانە ناکات، بەحوکمی ئەوەی ژیانی خەڵک گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ئێستا هاووڵاتیان کارەبایان دەوێ، ٣٢٥ گوندمان ماوە کارەبای نیشتمانی بۆ ڕاکێشین، زیاتر لە ٨٦ گەڕەکو پارچە گەڕەک لەسەنتەری هەولێرو قەزاو ناحیەکان ماوە کەکارەبایان نییە، بێگومان ئەمەش پێویستی بەبودجەی زۆرە، ئەوەی لەبەردەستماندایە بەشی ئەو هەموو خزمەتگوزارییە ناکات، ئێمە ئەو گەڕەکانەی کێشەیان هەبوو، نۆژەنمانکردەوە، ئەو شوێنانە نەماون هەموویان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام بەشە نوێیەکانی هەولێر زۆر گەشەدەکەنو زیاتریش پێویستیان بەخزمەتگوزارییە.

**دەستوور:** بۆچی بودجەی پارێزگا بەشی خزمەتگوزارییەکانی هەولێر ناکات؟

**نەوزاد هادی:** بێگومان ڕاستە، بودجەکە بەش ناکات، ئەمساڵ ٤٤ ملیار دینار هەیە لەبودجەی پەرەپێدان کەبەشی ٥ لەسەدی یان ٧ لەسەدی ئەو خزمەتگوزاریانە ناکات، ئەوە شتێکی ئاشکرایەو پەیوەندی بەژمارەی بودجەوە هەیە.

**دەستوور:** دەوترێت بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆی پێویستو دەرنەچوونی ئاوەڕۆی ماڵان، هەولێر بەرگەی دوو بارانی بەهێز ناگرێت، ئەمساڵو ساڵی پاریش ئەوەمان بینی، کەچەندین ماڵ کەوتنە ژێر ئاوەوەو خانووەکان دەڕوخانو ڕێگا دەگیرا، باشە بۆ تائێستا ئەوانە چارەسەر نەکراون؟ ئایا چارەسەری هەیە؟ چۆن؟

**نەوزاد هادی:** ئەو کێشەیە لەهەولێر چارەسەرکراوەو ئێستا ئەو گرفتانەی ئاوەڕۆ چاککراون، ئەگەر تەماشای گڵکەند بکەین یان تەعجیل پێشترو ئێستا، گۆڕانکاری بەدیدەکەیت.

**دەستوور:** لەکۆمەڵێک لەگەڕەکەکانی هەولێردا زبڵو خاشاکێکی زۆر دەبینرێتو هاووڵاتیانی بێزارکردووە، ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەو گەڕەکانە لەئارادایە، ئایا پەیوەندی بەو کۆمپانیانەوە هەیە، کەئەرکی پاککردنەوەی هەولێریان لەئەستۆیە یان شارەوانی هەولێر لەو کارە بەرپرسە؟ بۆ لێپێچینەوەتان نەکردووە؟

**نەوزاد هادی:** کۆمپانیای جەنائین ئەو کارەی کردووە، واتە پاککردنەوەی هەولێر لەئەستۆی ئەوان بووە، ئەو کۆمپانیایە هەندێک گرفتی هەبووە، ئەوان عەقدیان هەیە لەگەڵ شارەوانی، بەڵام ئاشکرایە کۆمپانیای جەنائین کۆمەڵێک گرفتی لەهەولێر هەبوو، ئەوەش کاریگەری لەسەر خاوێنکردنەوەی شاری هەولێرەوە هەبوو، ئێستا لەقایمقامیەت لیژنەیەکمان داناوە بۆ سەرپەرشتیکردنو ڕێکخستنی ئەو کارانەی کەئێستا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، سنووری شارەوانی چوار لەنزیک کەسنەزان بگرین تا ڕێگای ٩٤ی باداوە زۆر بەرفراوان بووە، لەو ناوچانە کێشەی زبڵ زۆرە، هەندێک لەگەڕەکەکان کێشەیان زۆر کەمترە لەو گەڕەکانە، ئەگەری هەیە جەنائینیش دابەشبکرێت، کەئێستا جەنائین یەک کۆمپانیایە لەگەڵ ٦ شارەوانی، لەوانەیە جەنائینیش بێتە ٦ پارچەو لەگەڵ ئەوانەدا دابەشبکرێت، بۆ ئەوەی باشتر کۆنترۆڵ بکرێتو تەرکیزیش ئێستا زیاتر لەسەر ئەوە دەکرێت، کێشەکانی شارەوانی ٤ ماوە، لەمەودوا بەشێوەیەکی زیاتر کێشەکان چارەسەردەکرێن.

**دەستوور:** کرێکارانی بیانی بەلێشاو هاتوونەتە هەولێرەوەو کرێکارانی هەولێریش کار نییە بیکەنو ڕۆژانە لەسەر شەقامەکاندا دەسوڕێنەوە، پارێزگا بۆچی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی تائێستا نەداوە؟

**نەوزاد هادی:** هاتنی کرێکاری بیانی بووەتە ململانێ (مونافەسە)و کارەکە لەململانێکەدایە، بەڵام ئەگەر کرێکاری کورد لێرە کاربکات، هەرگیز کۆمپانیا نایداتە کرێکاری بیانی، چونکە کرێکاری بیانی گرفتی زۆرەو کێشەکان لەمانەوەو شوێنی نیشەجێبوونو گرفتی ڕۆژانە خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئەو کرێکارەی نیشتەجێی ئێرەیە، ئەو کێشانەی نییەو ئەگەر کرێکاری خۆمان کار بکات، ئەوە هەل بۆ کرێکاری بیانی نابێت، بەهیچ یاسایەک تۆ ناتوانیت ڕێگەبگریت کە کەسێک لەموسڵ بێتو لەهەولێر کاربکات، تۆ حکومەتیتو حوکمڕانی دەکەیت.

> ئەگەر کرێکاری ناوخۆ کاربکەن، کرێکاری بیانی ناهێنرێت بۆ کوردستان

**دەستوور:** کێشە لەنۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێردا هەبوو، ترسی ئەوە لەئارادابوو ئەو نۆژەنکردنەوەیە بەشێوەیەکی دروستنەبێت، ئەو کێشەیە بەکوێ گەیشت؟

**نەوزاد هادی:** نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق ئامادەبوو لەدانانی بەردی بناغەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێردا، ئەو کارە ١٣ ملیۆن دۆلاری بۆ دابینکراوە، هیچ کێشەیەک نییە لەقەڵای هەولێردا، نۆژەنکردنەوەکەش یونسکۆ دەیکاتو بەرنامەیەکی زانستی بۆ دانراوە.

www.arsivakurd.org

# ڕۆڵی کوردی تێدا دەبینرێ
# ئایا ناوچەکە بەرەو جەنگێکی نوێ دەڕوات؟

هیوا سەلیمی

لەدوای پەسەندکردنی سزا ئابوورییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو هەروەها سزا یەکلایەنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا، پەیوەندییەکانی ئێرانو وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات.

بەرپرسە سیاسییەکانی ئەمریکا ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ڕەتناکەنەوە، هاوکات بەرپرسانی تارانیش هەڕەشە لەوڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکەن کە لەئەگەری پشکنینی کەشتییە بارهەڵگرەکانی ئێران، پەرچەکردارو وەڵامی شیاویان بۆ پشکنەران دەبێ. قایلنەبوونی لایەنەکان بۆ کۆتاییهێنان بەم قەیرانە، پێشبینی جەنگێکی نوێ لەناوچەکە بەدەستەوەدەدا.

دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەتی نوێی عێراق زۆر هۆکاری هەیە، یەکێک لەهۆکارەکان پشتیوانی ئێران لە ناسەقامگیری لەعێراقو بەرگرتن بەپێکهاتنی حکومەتی نوێیە.

هاوکات یەکێک لەئامانجەکانی تورکیا بۆ ناوبژیوانی لەنێوان ئێرانو ڕۆژئاوا، نیگەرانی لەکەوتنەوەی جەنگێکی نوێ لەناوچەکەیە. دەستوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراق بۆ دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پێکهاتنی حکومەتی نوێ، هەروەها مانۆڕە سیاسییەکانی تورکیا لەناوچەکە بۆ نیگەرانی ئەو وڵاتانە لەهێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەگەڕێتەوەو بەرژەوەندی ئێرانو تورکیا لەم هاوپەیمانییە شاراوە، لەخاڵی نیگەرانی لەئایندەی گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەو داهاتووی سیاسی کورد لەناوچەکە یەکدەگرێتەوە.

تورکیا لەئەگەرەکانی داهاتوو ئاگادارە

سەبارەت بەگرژیو ئاڵۆزی تورکیاو ئیسرائیلو هەروەها هەواڵەکانی تورکیا بۆ ناوبژیوانی لەنێوان ئێرانو ڕۆژئاوا لەسەر پرسی ئەتۆمی، لێکدانەوەو ڕای جیاجیا بڵاوبووەتەوە. نزیکبوونەوەی تورکیا لەوڵاتانی دراوسێو یاریکردنی سیاسیی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەفۆرمی یاریکەرێکی بەهێز لەناوچەکە، جیا لەسەرجەمی هۆکارەکانی وەک لاوازبوونی وڵاتانی کۆنسیرڤاتی عەرەبیو هەوڵەکانی تورکیا بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، سەرکردنەوەی سەر لەنوێی شوناسی نەتەوەیی تورک کەخۆ لەدوو جەمسەری ناکۆکی عوسمانیزمو ئاتاتورکیزمدا دەبینێتەوەو چەندین هۆکاریتر، دەتوانێ نیگەرانی لەئایندەی پرسی کورد لەناوچەکەش بێ. ئەو پرسەی کەساڵانێکی دورودرێژە تورکیا سەرمایەی مادیو مەعنەوی بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرفدەکا، ئێستا فاکتەرە دەرەکییەکان دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکانی بگۆڕێو سەرجەمی هەوڵەکانی تورکیاش ڕەنج بەخەسار بکات.

ئەحمەد داود ئۆغڵۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەنوێترین ئاخاوتنی پەیوەندیدار بەم بابەتە ڕایگەیاندووە، سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر ئێران بۆ ئەوەیە کەجەنگێکی نوێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپا نەبێ. ناوبراو لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەیدا ڕایگەیاندووە کەتورکیا خوازیاری ئەوەیە کەکێشەی ئەتۆمی ئێران لەڕێگەی ئاشتیانەوە چارەسەر بکرێتو ناوچەکە لەڕوودانی هەر شەڕو کێشەو پشێوییەک دووربکەوێتەوە. لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی وەزیری دەرەوەی تورکیا واقعییەو تورکیا لەهێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانو کاریگەری ئەم مەسەلە لەسەر پرسە ناوخۆییەکانی تورکیا نیگەرانە.

هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران، هاوسەنگی هێز لەناوچەکە دەگۆڕێ، کۆمەڵێک زیانو قازانجی لێدەکەوێتەوەو پێگەی سیاسیی کورد لەئێران دەگۆڕێ. ئەم بابەتەش واتە گۆڕانکاری لەپێگەی سیاسیی کورد لەئێران، بەقازانجی بزووتنەوەی کوردی لەهەموو پارچەکانی کوردستانەو بەحوکمی بوونی بزووتنەوەی کوردیی ئەکتیڤ لەتورکیا، ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی جیدیو گەورە دەبێتەوە.

دوکتۆر ئەحمەدی مستەوفی پسپۆڕی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان لەفرانکفۆرتی ئەڵمانیا ئەگەری هاتنەئارای سیناریۆی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران بەزیانی ستراتیژیی حکومەتی تورکیا وەسفدەکات. ئەو بەدەستووری وت «ئەگەر تورکیا دژایەتی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دەکات، بابەتێکی ئاساییەو ئەم دژایەتیکردنەی تورکیا واقعبینی سیاسیی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی لەپشتەوەیە. تورکیا لەپێگەیەکی سیاسیی بەهێز لەناوچەکە بەهرەمەندەو بێگومان هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، بەپێچەوانەی زۆر کەس کەپێیانوایە بەقازانجی هەژموونی تورکیا لەناوچەکەیە، بەزیانی ئەو وڵاتەیە«.

مستەوفی وتی «تورکیا کێشەی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی هەیە، نایەوێ ئیمتیازێکی زۆر بەکوردەکان بدا، بەڵام لەوەها حاڵەتێکدا کەکوردەکانی ئێرانو عێراق بەمافەکانی خۆیان گەیشتوون، تورکیا ناچار بەپاشەکشە دەبێو ئەوکات نەک بەرەزایەت، بەڵکو بەناچاری دەبێ کێشەکان چارەسەربکات.»

### عێراق دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕێ

لەدوای ڕووخانی سەدامو هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، بەردەوام شەڕێکی نەرمو شاراوە لەنێوان ئێرانو ئەمریکا لەئارادابووەو تائێستاش بەردەوامە.

لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لەمانگەکانی ڕابردوو و ئاڵۆزیو کێشمەکێشە سیاسییەکانی دواتر، ئێران ڕۆڵێکی بەهێزی بینیووەو ئەم دەستێوەردانانەی ئێران تائێستا درێژەی هەیە. کار تا ئەو شوێنە گەیشتووە کەچەند ڕۆژ لەمەوپێش یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی نیشتمانی عێراق کەدەوترێ سەر بەئێرانن، نیگەرانی خۆیان لەبارودۆخی عێراقو دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەتی نوێ دەربڕیو ڕایگەیاند کەئێران لەڕێگەی جەنڕاڵ «قاسم سلێمانی»یەوە پرسەکان یەکلاییدەکاتەوە.

وەڵامدانەوە بەپرسیاری هۆکارەکانی گرنگیی عێراق بۆ حکومەتی ئێران، بەنیگەرانی ئێران لەئەگەرەکانی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە گرێدراوە.

دکتۆر مستەوفی وتی « هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق باس لەوە کراوە، کەعێراق سەکۆیەکی خۆهەڵدانی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ئێرانە.»

بەرپرسانی ئێرانی بەردەوام بۆ دڵنەوایی خۆیانو بۆ بەدرۆخستنەوەی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆسەر ئێران، باسیان لەوەکردووە کەئەمریکا لەئەفغانستانو عێراق تێچەقیوەو ئەمریکا ئەو توانایەی نییە کەبەرەیەکی نوێی شەڕ بکاتەوە. درکاندنی ئەو ڕاستییە لەزمانی بەرپرسانی ئێرانی، دەتوانێ هۆکارێک بۆ هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیری لەعێراقدا بێ.

ئێران دەیەوێ بەدەستوەردان لەعێراق ڕەوتی ئاسایی پێکهاتنی حکومەت لەباربەرێو لەم ڕێگەوە ئەمریکا ناچار بەپاشگەزبوونەوە لەهێرش بۆ سەر ئێران بکات.

لەلایەکیترەوە ئێرانو تورکیا لەڕێگەی هاوکاریکردنی ئەمنیو سەربازییەوە، دەیانەوێ پوتانسیلەکانی بزووتنەوەی کوردی لەباربەرنو زۆربەی ئەو چالاکییە سەربازییانەی لەم چەند مانگەدا لەسنوورەکانی عێراقدا ڕوویداوە، بەهاوبەشی دوو وڵاتی ئێرانو تورکیا بووە. ئەم مەسەلەش لەئاراستەی لاوازکردنی کورد بۆ کەڵکوەرگرتن لەدەرەفەتەکانی داهاتووە.

# «بودجە موحافیزکارێتی دروستکردووە بۆ حیزبە ئیسلامییەکان»
## کامەران بابان زادە ڕاوێژکاری عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

کامەران بابان زادە ڕاوێژکاری عەلی باپیر، ئەمیری گشتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت حیزبە ئیسلامییەکان دەترسن، ئەگەر بێتو ئۆپۆزیسیۆنبوونەکەیان هەندێکیتر توندتر بێت، لەوانەیە حکومەت لەلێسەندنەوەی هەندێک لەومافانەی کەدەیانداتێ، تووشی گیروگرفتیان بکات.

بابان زادە ڕایوایە هێشتا ئۆپۆزیسیۆن قۆناغی ڕەخنەگرتنی بۆ قۆناغی فشارخستنەسەر حکومەت تێنەپەڕاندووە.

**دەستوور:** چاوەڕواندەکرا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەگشتی لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ەوە گەشەبکەن، بەڵام ئەوە ڕووینەدا، بۆچی؟

**کامەران بابان زادە:** دەتوانین بڵێین هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان وەکو چاوەڕواندەکرا، گەشەیاننەکرد، هۆکاری گەشەکردنو گەشەنەکردنیش هەمووی ناوەستێتە سەر ئەو پارتانەی یان ئەو لیستانەی کەبڕیاری ئۆپۆزیسیۆنبوونیان داوە، ئۆپۆزیسیۆنبوون پێویستی بەزەمینەسازی ئەو واقیعەیە، کەئۆپۆزیسیۆن تیایدا بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنبوونی داوە، کەتیایدا تایبەتە بەو حیزبەی لەدەسەڵاتدایە، تا چەند ئەدەبیاتی ئۆپۆزیسیۆنبوونی قبوڵە، هەروەها ئەو پارتو ڕێکخراوانەش کە ئۆپۆزیسیۆنن، چەندە لەگەڵ ئەدەبیاتی ئۆپۆزیسیۆندا دێنەوە، لەبەرئەوەی تائێستا حیزبی دەسەڵات بەبێ ئۆپۆزیسیۆن بووە، کەواتە نەبوونی ئەزموون لەهەردوولا، واقعێکی وای



کامەران بابان زادە ڕاوێژکاری عەلی باپیر

دروستکردووە، ئۆپۆزیسیۆنبوون بەسستی گەشەبکات کەئەمە هۆکارە زاتیەکەیەتی، ئەگینا هۆکاری بابەتی لەوەی کۆمەڵگای ئێمە نیگەرانە بەرامبەر بەخزمەتگوزاریو ئەدای سیاسیی بەرپرسانی حکومەت بەرامبەر بە بەغدادو بەرامبەر بەوڵاتانی هەرێمیو دەوروبەرو تۆپبارانی ئێستای سەرسنوورەکان، بەوەی کەقابل بەوەن ڕەخنەیان لێبگیردرێت بەوەی لاوازیان هەیە.

**دەستوور:** وەک تێبینیدەکرێت لەلایەنی دەسەڵاتەوە هیچ بەخۆداچوونەوەیەکی جیدیو ئاوڕلێدانەوەیەک بەڕووی خەڵک ڕووینەدا، کەچاوەڕواندەکرا بەهۆی فشاری ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕووبدات؟

**کامەران بابان زادە:** دەتوانم بڵێم قۆناغی ئۆپۆزیسیۆنبوون لەوڵاتی ئێمە تائێستا قۆناغی ئۆپۆزیسیۆنبوونی ڕەخنەگرانەیە، هێشتا ئۆپۆزیسیۆنبوون لەوڵاتی ئێمە نەبووەتە ئۆپۆزیسیۆنێکی فشاری، نەبووەتە ئۆپۆزیسیۆنێکی کێبڕکێ بۆ پرۆژەو باشتربوونی ئەدای حکومەت، لەبەرئەوەی ئۆپۆزیسیۆن لەوڵاتی ئێمەدا لەقۆناغێکی وەرچەرخاندا دەژی، ئۆپۆزیسیۆنبوون کە لەشەقامی کوردیەوە سەرچاوەیگرتووە، بەقۆناغێکی ڕەخنەگرانە تێپەڕیوە، بۆیە لەبەرامبەردا بەشێکی شەقامی ئێمە ڕەخنەگر بوایە، خۆشەویستبوو، بەڵام لێت ناپرسن بەدیلت چییە بۆ بەرەو باشتربردنی ئەم سیستەمە.

دەتوانم بڵێم زۆربەی بازاڕی ئۆپۆزیسیۆنبوونو زۆربەی جەماوەرو پشتیوانانی ئۆپۆزیسیۆنبوون لەشەقامی ئێمە لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن کۆبووەتەوە، هێشتا نەبووەتە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کەپرۆژەی جێگرەوە پێشکەشبکاتو بتوانێت لەڕێگەی فشاری خۆیەوە کاروبارەکانی حکومەت بوەستێنێت، ئەگەر حکومەت بەو چاکسازیە هەڵنەستێت، پێموایە دەگونجێت لەقۆناغەکانی ئایندەدا ئۆپۆزیسیۆن بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

**دەستوور:** دەوترێت لایەنە ئیسلامییەکانیش نەیانتوانیوە ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی بن، بۆچی؟

**کامەران بابان زادە:** لایەنە ئیسلامییەکان بەفەرمی ڕایانگەیاندووە، کەئۆپۆزیسیۆنن، ئەگەر بڵێی لەهەڵوێستو ڕاگەیاندنەکانیاندا ئەو ئۆپۆزیسیۆنە جیدیە لێیان بەدیارنەکەوتووە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەک بۆ ئۆپۆزیسیۆن لەوڵاتی ئێمەدا، نەبوونی یاسایەک بۆ ئەحزاب، نەبوونی یاسایەک بۆ بودجەی حیزبەکان لەهەرێمی کوردستان، تائێستاش حکومەت کەئەم دوو حیزبە تیایدا باڵادەستن، زۆر سروشتیە بەڕێگایەک لەڕێگاکان فشار بخەنەسەر حیزبەکانی تری دەرەوەی خۆیان، چونکە تائێستا بودجەی ئەحزاب لەوڵاتی ئێمەدا بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکنەخراوە، پێموایە ئەمە جۆرێک لەموحافیزکارێتی دروستکردووە بۆ حیزبە ئیسلامییەکان. تائەندازەیەک ئەو ئۆپۆزیسیۆنبوونە جیدیو توندەیان لێبەدەرنەکەوێت کەخەڵک لێیان چاوەڕێدەکات، بۆیە ئەمانە تائەندازەیەک دەترسن ئەگەر بێتو ئۆپۆزیسیۆنبوونەکەیان هەندێکیتر توندتر بێت، لەوانەیە هەڵوێستی حکومەت بەرامبەریان بۆ لێسەندنەوەی هەندێک لەومافانەی کەدەیانداتێ، توشی گیروگرفتیان بکات.

**دەستوور:** مەبەستت لەوەیە کەئەگەر لایەنە ئیسلامییەکانیش هەڵوێستی توندیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا هەبێت، ڕووبەڕووی سزای نانبڕین دەبنەوە، بۆیە وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی مامەڵە ناکەن؟

کامەران بابان زادە: تائێستاش ئەو حیزبە ئیسلامییانەی ئۆپۆزیسیۆنن، دەیان بارەگاو کەناڵی ڕاگەیاندیان هەیە، کەئەوەش وایکردووە خەرجییەکی زۆریان بخاتەسەر، ئەم خەرجیە زۆرەش وایکردووە نەتوانن موجازەفە بەم هەموو خەڵکو دامەزراوەی خۆیانەوە بکەن، کەخەرجی دەوێت، دووریش نەبێت لەئەنجامی نواندنی هەڵوێستی توندیان بەو حیسابەی ئۆپۆزیسیۆنن نەکەونە ژێر باری نانبڕینو کەمکردنەوەی بودجەیان لەحکومەت، ئەمەش بەهۆکارێکی سەرەکی دەزانم لەوەی موحافیزکارترن لەئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆیان.

**دەستوور:** دەوترێت لەدوای ئەو ڕاپۆرتەی چوار حیزبەکە بڵاویانکردەوە، لایەنە ئیسلامییەکان دەترسن لەوەی ئەگەر کەموکوڕیەکانی دەسەڵات بۆ خەڵک بڵاوبکەنەوە، ڕووبەڕووی سزای دەسەڵات دەبنەوە، بۆیە ئێستا نایانەوێت مامەڵەیەکی ئۆپۆزسیۆنانە بکەنو ڕاپۆرتی لەو شێوەیە بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەنەوە؟

**کامەران بابان زادە:** زەمانی سزای توند نەماوە، لایەن ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرێت، ئۆپۆزیسیۆنێکی کراوەو ڕاشکاوانەترە دوو حیزبی دەسەڵات بێن خەڵکانی بگرنو بیخەنە گرتوخانە، ئەمە بەسەرچوو، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا حیزبەکانی ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا بەئۆپۆزیسیۆنو غەیری ئۆپۆزیسیۆنەوە، حیزبی سەردەمی دەوڵەتداری نین، حیزبی سەردەمی دەوڵەتداری خەرجی زۆرنییە، ئەم هەموو کادیرو موچەخۆرەی نییە، بۆیە حیزبەکانی ئێمە ئەگەر بیانەوێت حیزبی ئۆپۆزیسیۆن بن، دەبێت پێش هەموو شتێک ئەم خەرجیە زۆرە لەخۆیان دوربخەنەوە، چونکە کاتێک خەرجییەکی زۆرت هەبوو لەکاری سیاسی خۆتدا بەدڵنیایەوە لەو حاڵەتەدا ناتوانیت ئۆپۆزیسیۆن بیت، واتە حیزبی ئۆپۆزیسیۆن دەبێت لەو حیزبانە بێت کەخەرجیان کەمبێت، بۆئەوەی بەرگری هەموو ئەو پێشهاتە بکات کە لەئاکامی ئۆپۆزیسیۆنبوون توشیدەبێت.

# «شیوعی زۆرترین باجی ئەو دۆستایەتییەی داوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی»

## ئەبو تارا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بۆ دەستوور

سازدانی: فەرمان ڕەشاد

ئیبراهیم سۆفی، ناسراو بەئەبو تارا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا راشکاوانە دانبەوەدادەنێت کەحیزبی شیوعیو چەپەکان لەکوردستان سەرکەوتوو نەبوون، ئاماژە بەهۆکارەکانی ئەو شکستەش دەکات کەڕووبەڕوویان بووەتەوە.

ئەبو تارا دەڵێت لەلایەن بەشێک لەکادیرانمان رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووینەتەوە، بەهۆی ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا دەیکەین، دەڵێت "ئەو دوو حیزبەش بێوەفابوون بەرامبەر حیزبی شیوعی".

هەروەها دەڵێت کادیری حیزبیمان هەیە رەخنەی ئەوەی هەیە، کەبۆچی جۆرێک لەگەڵ پارتی هەڵسوکەوت دەکرێو جۆرێکیترە لەگەڵ یەکێتی.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە، کەبڕوای وایە فکرەی چەپ بەگشتی لەدوای رووخانی سۆڤێتەوە پاشەکشەی کردووە، ئیتر ئەو ئایدۆلۆژیایەک نییەو ناتوانرێت سیستمێکی هاوچەرخانەی پێ بەڕێوەببرێت؟

**ئەبو تارا:** بێگومان هەر وەک چۆن پەیدابوونی ئۆردوگای رۆژهەڵاتی سۆشیالستی کاریگەری لەسەر کۆتاییهێنان بەرژێمێکی فاشستی وەک نازی هەبوو، هەروەها رۆڵی لەکۆتاییهێنانی جەنگی جیهانی دووەمو خوێنڕشتن هەبوو، ئاواش رووخانەکەشی تائێستاش کاریگەری لەسەر شیوعییەکان هەیەو بەگشتیش هەبووەو هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا شیوعییەکان سیاسەتو ئیدارەی حیزبە شیوعییەکان، پێنج یەکی مرۆڤایەتی بەڕێوەدەبەن، بەدانپێدانانی شارەزایانی ئابووری جیهانی، ئابووری چینی شیوعی بەردەوام لەپێشوەچووندایە، کەئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی سەرەڕای ئەو فشارە گەورانەی وڵاتانی سەرمایەداری جیهانیو بە بەهێزکردنی ئابووری خۆیان لەسەر حیسابی ئازادی وڵاتانو چەوساندنەوەیان کەدرێژە بەعومری خۆیان دەدەن، تائێستا بیری ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو یەکسانخوازیبوون کاریگەری خۆی هەیە، هەڵەیە بڵێین بەرەو لەناوچوونە، بەڵکو سەرئەنجامی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنی کەسەرمایەداری بەرەو شکستە.

**دەستوور:** سەبارەت بەچەپەکانی کوردستان، لەدوو هەڵبژاردندا ئەنجامەکانی پاشەکشەی زۆری تێدایە، چ قسەیەکت لەسەر ئەو دۆخە هەیە؟

**ئەبو تارا:** وەک بنەما، چەپەکانی کوردستان فەلسەفەو بیرو باوەڕێکیان هەیە کەکاری لەسەر بکەن، ئەویش ئەوەیە پابەندی چینی هەژارو چەوساوەو لێقەوماوان بێت، لەگەڵ دابەشکردنی سامانەکان بەشێوەیەکی عەدالەت، ئەمانە هەموو لەبەرنامەی چەپەکاندا بوونی هەیە، ئەم خەباتەش لەکوردستاندا کۆتایینەهاتووە، پاشان کەمهێنانی دەنگ ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە بەرنامەو شیعاری ئێمە دروستنییەو کەڵکی نەماوە، بەڵام دابیننەبوونی میکانیزمو ئیمکانیەتو توانای جۆشدانی جەماوەر هۆکار بووە، بۆیە دوای ٢٥ی ٧ دوو حاڵ هاتووەتە ئاراوە، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بۆکراوە لەکۆمیتەی ناوەندی حیزبو کۆمیتەی پارێزگاکانیشدا، پێویستی گۆڕانکاری هاتووە لەسەرکردایەتیو کادیرانو شێوازی ئیشکردندا، هەروەها گۆڕانکاری لەشێوازی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لایەنەکان کە لەپێشترا ئێمە دوایاندەکەوتین، ئەوانیش هیچ ئەرکێکی هاوپەیمانیان بەجێنەدەگەیاند، کەئەمە بووەتە هۆکار رێکخراوەکانی حیزب تورەببنو دەنگەکانیان بدەنە لایەنیتر، کەئەمە لەنێو بەڵگەنامەکانی هەڵسەنگاندنەکانی حیزب مەوجودە، بۆیە لەحاڵی ئێستادا زۆر قسەی جیدیان لەسەر دەکرێت.

**دەستوور:** ئێستا کە ٧١ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی شیوعیدا تێدەپەڕێت، بەڵام دنیا گەلێک گۆڕانکاری تێیدا روویدا، بەڵام ئایدۆلۆژیای حیزبی شیوعیو میکانیزمەکانی پەیڕەوکردنو جێبەجێکردنی فکری ئێوە تەقریبەن نەگۆڕاوە؟

**ئەبو تارا:** حیزبی شیوعی لەرابردووا هەوڵی ئەوەی داوە ئەرکی حیزبێکی عەلمانی بێ بۆ چینە چەوساوەکانی کوردستان، لەو حاڵە هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکانداوە بۆ سەرخستنی دۆخی هەرێم وەک ئەرکی نیشتمانی خۆی، حیزب لەماوەی رابردوودا هەوڵی ئەوەیداوە خەتی یاخود هێزی سێیەم دروستبکات کەچەپەکان بن، بەڵام هەمیشە گرفت بۆ دروستکردنی دراوە، ئەمەش وایکردووە زۆرجار رەخنە لەم بوارە بگیرێ، بەڵام مانای ئەوە نییە لەداهاتوودا گۆڕان لەم بوارانەدا نایەتەکایەوە، لەچوار کۆنگرەی رابردوودا هەوڵدراوە گۆڕانکاری لەناو و ناوەڕۆکی ئەم حیزبە بکرێ، کەچی زۆرینە لەگەڵ ئەو گۆڕانانە نەبوون، بەڵام ئێستا حیزب پێیوایە پێویستی بەچاکسازی هەیە، پێویستە چاکسازی لەئامرازو میکانیزمو سەرکردایەتی خۆی بکات، ئەگەر چالاکانەتر کارنەکەین زیاتر تووشی ئازاردەبین، بۆیە لەئێستادا لەهەمووکات زیاتر حیزب ئامادەی گۆڕانکاری تێدایە.



> حەوت ساڵە دەمانەوێت سەتەلایتێک دروستبکەین تا بیری حیزب بگەیەنینە خەڵک

**دەستوور:** بەبڕوای تۆ کێشەکانی ئێستای حیزبی شیوعی چین، بۆچی پێگەی جەماوەری لەدەستداوە؟ ئایا مەسەلەکە تێنەگەیشتی کۆمەڵگایە لەفکری مارکسی یان نەگونجاندنی ئەو فکرەیە لەگەڵ دۆخی ئەمڕۆو کۆمەڵگادا؟

**ئەبو تارا:** کێشەکان ئەوەیە هاوکێشەکان هاوکارنەبوون لەباری دەسەڵاتداریەتیو بودجەو راگەیاندن، ئەوە حەوت ساڵە دەمانەوێت سەتەلایتێک دروستبکەین تا بیری حیزب بگەیەنینە خەڵک، ئەمە جگە لەوەی هاوبیرانو هاوچینانی حیزبی شوعی تائێستا بەوهۆیە بیری شیوعیان بەتەواوی لا رۆننەبووەتەوە، بەڵام ئەو خەباتە درێژەی دەبێ، چونکە خەباتی برسیو رەنجدەران کۆتایی نەهاتووە، کێشەکە پەیوەست نییە بەفکرەوە، بەڵکو ئەو بارودۆخەیە کەحیزب تێیدایە، ئەمەش قابیلی باشبوونە لەداهاتوودا.

**دەستوور:** ئەوە تاچەند پەیوەندی بەسیاسەتو بڕیارەکانی حیزبەوە هەیە، بۆنمونە ئێوە زیاد لەپێویست لەپارتییەوە نزیکن، لەکاتێکدا پێشتر لەشەڕی ناوخۆدا بێلایەن بوون، هەروەها بەهۆی پارتییەوە چەندین پۆستتان وەرگرتووە؟

**ئەبو تارا:** شیوعییەکان لەشەڕی ناوخۆدا کاریان بۆ ئەوە دەکرد کەمترین خوێن بڕێژرێتو هەوڵی ئاشتیان دەدا، ئەمەش نەپارتیو نەیەکێتی حاشای لێ ناکەن، بەڵام کەمترین وەفایان بۆی هەبووە، مەسەلەکە نەرمی نییە لەگەڵ پارتی، شیوعی زۆرترین باجی ئەو دۆستایەتییەی داوە، بەڵام رەنگە خەڵک حەقی خۆی بێ رەخنە بگرێت، کادیری حیزبیش هەیە رەخنەی لەوبارەوە هەیە، کەبۆچی جۆرێک لەگەڵ پارتی هەڵسوکەوت دەکرێو جۆرێکیترە لەگەڵ یەکێتی، بەڵام ئەوەش دەکرێ بچێتە ژێر بەشێک لەشیکردنەوەکانی دوای ٧/٢٥و ٣/٧ بەگوێرەی قۆناغی داهاتوو رێکبخرێنەوە.

**دەستوور:** ئێوە کەتەبەنی ئایدۆلۆژیای چەپدەکەن، چۆن لەگەڵ پارتی کەحیزبێکی نەتەوەییەو یەکێتی کەسۆشیال دیموکراتە بەشداری حکومەت دەکەن، ئەوە تاچەند لەگەڵ بنەماکانی فکری ئێوەدا دەگونجێت؟

**ئەبو تارا:** لەلایەک حیزبێکی وەک یەکێتی خۆی ئێستا بەحیزبێکی سۆشیال دیموکرات دەزانێ، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە هەموو حکومەت تەسلیمی سۆشیال دیموکرات بووبن، بەپێچەوانە هەموو تەسلیمی نەبوون، شیوعیش لەئێستادا مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دایە کەهێشتا نەگەیشتووەتە ئامانجی خۆی، هێشتا مەترسیو هەڕەشە هەیە، راستە ئەو بارودۆخەی کەشیوعی هاوکاری دەکات رەنگە لە٩٠٪ لەبەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بێت، بەڵام بێگومان ئەگەر ئەوان شکستبهێنن، هەموو کورد زیان دەکات، بۆیە شیوعی لەوە پەشیمان نییە کە لەرابردوودا کردوویەتی، دەکرێ گۆڕان بەسەر ئەو شیوازە کارکردنە بێ، بەڵام شیوعی بەکفری نازانێ کە لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکان هاوکاری بکات، چونکە ئامانجو بەرژەوەندی هاوبەش لەئارادایە.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن بۆیە حیزبی شیوعی نەبووە بەئۆپۆزیسیۆن، یەکەم لەبەرئەوەی بودجەیەکی گەورە وەردەگرێت لەپارتیو یەکێتی، دووەمیش سەرکردەکانی حیزب بەو بڕوایە گەیشتوون، کەئۆپۆزیسیۆنبوونو نەبوونی ئەوان هیچ لەمەوزوعەکە ناگۆڕێتو ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت؟

**ئەبو تارا:** ئۆپۆزیسیۆنبوون کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام دەبێ تۆ دەزگایەکی راگەیاندنی بەهێزت هەبێو لەشەقام هەڵوێستت هەبێ بەرامبەر دەسەڵات، ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کەئێستا ناوی گۆڕانەو خاوەنی ٢٥ کورسی پەرلەمانە، ئەو تادوێنی بەشێکبووە لەیەکێتی، ئەو بەشێک لەسەرکردایەتیو جەماوەرو ئیمکانییەتو سەروەتی یەکێتی نیشتمانی بەکارهێناوە، ئەگەر هەر هێزێکیتر لەجێگای گۆڕان بەو شێوەیە کاری بکردایە، دڵنیام ئەو دوو حیزبە رێگەیان پێ نەدەدا، بۆیە ئێمە دەبێ وردتر قسە لەسەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بکەین، گەشەسەندنی ئەو ئۆپۆزسییۆنە لەژێر کاریگەری ئەو فاکتەرانەدا بووە، بەڵام ئەوە حیزب ئەو بۆچوونەی سەرخست لەکاتێکدا راو و رای بەرامبەر هەبووە، دووجار حیزب ئەوەی پەسەندکردووە، بێگومان دەبێ ئەوەش بزانین کەئێستا قۆناغی خەباتی نەتەوەییمان پێویستی بەیەکهەڵوێستی هەیەو ئێستاش هەڕەشە یا فشار لەسەر شیوعیو چەپەکان ماوە، لەگەڵئەوەشدا ئێمە کارمان بۆ پاراستنی دەسکەوتە مێژووییە نیشتمانیو نەتەوایەتییەکان کردووە، چاومان

> لەکۆنگرەکانی حیزبدا داوامانکردووە گۆڕانکاری لەناو و ناوەڕۆکی حیزبدا بکرێت، بەڵام زۆرینە لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا نەبوون

لەکەموکوڕی دانەپۆشیوەو قسەمان لەسەر کردووەو بێدەنگ نەبووین، بەڵام ئەوەی حیزبی شیوعی تینوێتی خەڵکی نەشکاندو دەنگیان بۆ لایەنی تردا. سەبارەت بەپۆستیش ئێمە هەر یەک وەزارەتمان وەرگرتووە کەئەمەش حەقێکی خۆمانە.

**دەستوور:** هەندێک کەس دەڵێن سەرکردەکانی حیزبی شیوعی ئەگەر واقیعیانە بیربکەنەوە، ئەوا باشترە حیزبەکە هەڵوەشێننەوە، چونکە ئیتر هیوایەک بۆ گۆڕانو مانەوەی ئەوان نەماوە؟

**ئەبو تارا:** بەگوێرەی بەرژەوەندییە چینایەتیو نیشتمانییەکانو یاسا، کۆمەڵێک خەڵک لەحیزبێکدا، کاتێک کۆدەبنەوە لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامو حیزب دروستدەکەنو کاتێکیش دەتوانن خۆیان هەڵیدەوەشێننەوە کەپێیانوابێ پێویستە شێوازی کارکردن بگۆڕدرێ، گۆڕانکاری لەحیزبی شیوعی لەنەوەدەکانەوە باسدەکرێت لەناو و ناوەڕۆکەوە، بەڵام لەکۆنگرە گۆڕانکارییەکان سنووردارنو گەورەنین، دەبێ کادیرانو سەرکردایەتی بڕوا بەیەک بێنن بۆ گۆڕانی گەورە.

**دەستوور:** خۆت هیوات بەوە هەیە جارێکیتر حیزبی شیوعی ببێت بەهێزێکی کاریگەر لەمەیدانەکەدا؟

**ئەبو تارا:** شت بەهیواو ئارەزوو نایەتەدی، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەنگاوانەی کەپێویستن بۆ گۆڕانی ریشەیی جێبەجێبکرێن، بەدڵنیایی حیزبی شیوعی دەبێتە هێزێکی کاریگەر.

> ئێمە دوای یەکێتیو پارتی دەکەوتین، ئەوانیش هیچ ئەرکێکی هاوپەیمانیان بەجێ نەدەگەیاند

وریا حەمە تاهیر

# میدیای سێبەر

لەدواژمارەیدا گۆڤاری لڤین ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، کە بەحسابی خۆیان دەستێکی نهێنیان ئاشکراکردووە، ئەوەیان خستوەتەڕوو کەمیدیاکان چۆن پارە لەیەکێتیو پارتی وەردەگرن.
ڕاپۆرتەکە بۆ کەسێک شارەزایی نەبێت، دەبێتە بەڵگەیەک بۆ تاوانبارکردنی خەڵکانی دی، کەزۆرێکیان هیچ گوناهێکیان نییەو جگە لەهەوڵێکی جدی بۆ پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیو فراوانکردنی مەودای ئازادی ڕادەربڕین، هیچیتریان نەکردووە، وەک برادەرانی گۆڤاری لڤین لەهەڵپەی گیرفانپڕکردنو سەفەرکردنی لوبنانو کڕینی ئۆتۆمبێلی ئاخر مۆدێلدا، دەستیان لەگەڵ ئەم بەرپرسو ئەو بەرپرسدا تێکەڵنەکرد بەناوی ڕۆژنامەگەرییەوە.

من دەمەوێت باس لەدوو ڕۆژنامە بکەم لەم نووسینەمدا، یەکەم ڕۆژنامەی خوێندنی لیبراڵە کەمن ساڵانێک کارم تێداکردووەو بەرپرس بووم تیایدا، بەشاهیدی زۆرێک لەڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسانی بەویژدان، ڕۆژنامەیەکی بەپێزو دەنگێکی جدی بوو. کەهەموو ستافەکەی تا ٤ مانگ پێشداخستنی، بەدرێژایی زیاتر لەپێنج ساڵ، بەبێ موچە دەوامیان دەکرد. لڤین هاتووە بەئەنقەست دەڵێت لیبراڵ میدیای سێبەرە، گوایە بەنهێنی پارەی وەرگرتووە، بەبێئەوەی ڕوونیبکاتەوە. کاتی خۆی حکومەتی هەرێم» ئیدارەی سلێمانی« پرۆژەی هاوکاری میدیای سەربەخۆی هەبوو، خوێندنی لیبراڵیش مانگانە ٤٠٠ هەزار دیناری پێبڕابوو، ئەویش بەئاشکرا دەدرا نەک بەنهێنی، ئێمە خۆمان دەیانجار ئەوەمان باسکردووە، لەپرۆژەی سیستمی ئیداریو بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەدا نووسیبوو.

ئەوکات کەئێمە بەبێ موچە دەوامەان دەکرد، ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری ئەوکاتی ڕۆژنامەی ئاسۆ، لەڕێگەی ڕۆژنامەنووس ڕێباز مەحمودەوە چەندجارێک پەیامی بۆ ناردین کە لەگەڵ ئاسۆ کاربکەین، کەئەو خەونی هەبوو ڕۆژنامەکەی بکات بەڕۆژانەو دواتریش کردی، بەڵام ئێمە هەر بڕیارێکی وامان نەدا لەئاسۆ کاربکەین، دواتر کاک ستران لەڕێگەی مەریوان حەمە سەعیدەوە کەموحەریر بوو لە iwpr دەعوەتێکی ڕێکخست، کەئێمە لەخوێندنی لیبراڵ، هەموو ستافی لڤین جگە لەئەمجەد محەمەدو ئەحمەد میرە، هەموویان لەوێ بوون.

لەوێ کاک ستران هیچی نەوتبوو، ئەوان ئامادەبوون لەئاسۆ ئیشبکەن، بەڵام تەنها داوای پارەی زیاتریان دەکرد، نمونەی ڕۆیشتنی بێژەرێکیان لەکەناڵی جەزیرەوە بۆ ئەلعەرەبیە دەهێنایەوە کە لەپێناو موچەی زیاتردا ڕۆیشتووە. ئەوان کەجێگری سەرنووسەرو زۆربەی دەستەی نووسەرانی لڤین بوون، ئەوکات کاک ستران دەیتوانی ئیستیقالە بەهەموویان بکات لەلڤین لەپێناو پارەدا، کەپارەکەش دیارە هی کێیە.

بەهەرحاڵ ئاشکرایە ساڵانێک برادەرانی لڤین لەئاسۆ کاریانکردو بەموچەی چەور، ئەوکات ئەو پارەیە حەرامو گڵاو نەبوو! چونکە لڤین هێشتا نەبوو بوو بەمیدیای ئەهلی!

ڕۆژنامەی دووەم کەمن دەمەوێت باسی بکەم، ڕۆژنامەی دەستوورە کەئێستا ئەم وتارەی تێدا بڵاودەکەمەوەو جێگری سەرنووسەریم.

لڤین لەڕاپۆرتەکەیدا نووسیوویەتی، دەستوور ڕۆژنامەی سێبەرەو لەیەکێتییەوە نزیکە. لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی پێ نییە لەوبارەیەوە بیخاتەڕوو. من کەچەند مانگێک لەلڤین کارمکردووە، دەزانم نووسینی ئەو ڕاپۆرتانە چۆنن، سەرنووسەریش چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. بۆیە بۆ من ئاساییە لڤین کاری وا بکات، بەڵام بۆ خوێنەر شتێکی دیکەیە.

بۆیە بەهەموو ئەوانەی لەلڤین کاردەکەنو هەر کەسێکیتر، کەئەگەر تاکە بەڵگەیەکی دەستکەوت لەسەر ئەوەی کەدەستوور، پارەی لەیەکێتی وەک حیزب یان شەخسی سەرکردەکانی یان ئۆرگانو دەزگاو مەکتەبەکانی وەرگرتووە، ئەوا بابڵاوی بکاتەوە، بێمنەتین، بەڵام نەک وەک لڤین درۆهەڵبەستن.

کەسانی بەویژدانیش ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ ٣٨ ژمارەی ڕۆژنامەی دەستوور بکەن، تێدەگەن کەڕۆژنامەکە لایەنگیریو دژایەتی هیچ لایەکی نەکردووە، نە یەکێتی، نە پارتی، نەگۆڕان، نە ئیسلامییەکانو چەپەکان. تەنها لەچوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانیو ئیتیکی ڕۆژنامەوانیدا ڕومالی ڕووداوەکانمان کردووە، بەبێ ئیستسنا لەهیچ حیزبێکو سەرکردەیەک. ڕۆژنامەکەی ئێمە بۆ خۆی دەتوانێت وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لەبارەی بێلایەنیو بابەتیبوونەوە دەکرێن.

ئێمە نەهاتووین ڕۆژێک بەئاوازی سەمیر سەلیم هەڵپەڕینو ڕۆژێکی دی بەرهەم ساڵح، جارێکیش نەوشیروان مستەفاو جارێکیتر نێچیرڤان بارزانی، دواتریش خەڵاتی ئازادی ڕۆژنامەوانی بدەینە عیماد ئەحمەد، کەنەک لەسەر تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە دێڕێکی نووسی ، نە لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشتیش قسەیەکی کرد.

ئێمە لەپێناو پارەو ئیمتیازو سەلامەتی خۆماندا موجامەلەی هیچ بەرپرسێکی ئەمنیو سیاسییمان نەکردووەو دەمانچەمان لەکەس وەرنەگرتووە، باکیشمان بەوە نییە لەپێناو نووسیندا وەک سۆرانو سەردەشت بکوژرێین، نەک بکروزێینەوە لای بەرپرسانی ئەمنی، جگە لەوەش هیچ بەرپرسێکیش ناتوانێت لەکۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆژنامەنووساندا بەتەعلیقێک بمانشکێنێتەوە.

ئێستا بێینە سەر باسی لڤین، کەسەرەتا ئۆرگانێکی ڕەسمی یەکگرتووی ئیسلامی بوو، دواتریش بەهۆی ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر پارتی دەیکردو لەژێر فشاری پارتیدا مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەفێڵکێدا دەزگاکەی کرد بەئەهلی! واتە سێبەر.

ئەحمەد میرە، کەنازناوە حیزبیەکەی ئەحمەد شەشۆییە، تاپێش دواکۆنگرەی یەکگرتوو، لەکۆبوونەوەی ئاسایی مەڵبەندی سلێمانی یەکگرتوودا بەشداریکردووە. دواتریش شێوازی پەیوەندییەکەیان گۆڕیوە.

هەروەها دژایەتی توندی لڤین لەسەرەتاوە بەرامبەر نەوشیروان مستەفاو گۆڕان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەیەکگرتوو ترسی هەبوو پێگەکەی لەدەستبدات بەو هۆیەوە، بەڵام دواتر بۆئەوەی خۆیان لەو قەیرانی چاوترساندنو چەپۆکانەی پارتیو یەکێتی ڕزگاربکەن، کەوتنە پیاهەڵدانی گۆڕان، بەڵکو بەهۆی گۆڕانەوە ئەوانیش تۆزێک بحەسێنەوە.

ئێستا لڤین بۆئەوەی بیسەلمێنێت کەئەو گۆڤارێکی ئەهلییەو سەربەخۆیە، دوو شت دەکات، یەکەم جوێندان بەخەڵک لەبری ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیو ڕەخنەی مەنتیقی لەچوارچێوەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیدا، دووەم هاتووە دەستەچەورەکەی خۆی بەخەڵکیتردا دەسڕێت، دەیەوێت پاکی خۆی وا بخاتەڕوو کەخەڵک وەک خۆی پیس بکاتو بەخەڵک بڵێت میدیای سێبەر.










ڕۆژی ٢٠٠٨/٠٦/٢٢ لڤین چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەرهەم ساڵح سازداوە، دەیانەوێت بەرهەم ساڵح وەک فریشتە پیشانی خەڵکی کوردستان بدەن، لەپێشەکی دیدارەکەدا دەنووسن «لەم دیمەنەدا جێگری سەرۆک وەزیری عێراق لەڕۆژنامەنووسێکی سەرقاڵ دەچوو لەبەرگی بەرپرسێکی بزێودا».

دواتر دەیانەوێت بەرهەم ساڵح بخەنە سەرووی هەموو سیاسییەکانی وڵاتەوە، دەڵێن «هەڵسوکەوتو مامەڵەی ئەو لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا لەهەڵسوکەوتی سەرۆکە وردەکارو پڕکارەکانی دنیا دەچێت، کەدەیانەوێ قسەبکەنو هیچیشت نەدەنێ. ئەو دەزانێت سیاسیبوونی بەرپرس لەبێدەنگ بوونیدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کەقسەبکاتو ێشنەکەوێت».
درێژەی دەدەنێو دەنووسن «بەرهەم ساڵح سیاسییەکی لۆکالی نییە، بەڵکو کۆڵانە تەسکەکانی سیاسەتی کوردستانی تێپەڕاندووەو لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەجووڵێت».
ئەوان کە لەڕیاکارێکانیان بەردەوامدەبن، دەیانەوێ ئەوە لەزهنی خوێنەری کورددا بچەسپێن کەبەرهەم ساڵح لەبەغداد زیاد لەجوهدی خۆی خستووەتەگەڕ، دەنووسن «دەمێک خەریکی کۆبوونەوە ڕەسمییەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانو دەمێکی تریش خەریکی کۆبوونەوە سیاسییەکانی کوردو عەرەب بوو، بێ پشوو دەجووڵاو یەکەم پیتی بەیانیو دواپتی ئێوارە لەگەڵ ئەم پیاوەدا لەیەک چووە، چونکە ئەگەر بتەوێت نیشانەی ماندوو بوون لەتەوێڵیدا بدۆزیتەوەوە، ڕەنگە کارێکی ئەستەم بێت.»

دواتر بۆ ئەوەی کەس گومان لەسەرچاوەی پارەکانی بەرهەم ساڵح نەکات کەئەو دەزگایەی پێ بەڕێوەدەباتو ئەوان موچەی لێوەردەگرن، دێن بۆی دەکروزێنەوە، وای پیشاندەدەن، کەئەو هیچ پارەی ئەم وڵاتە بەهەدەر نادات، «دیداری ڕەسمیمان لەگەڵدا کرد، ئەم ژوورە کەچەند تاکوجووت قەنەفەیەکی ڕەنگ جیاوازی تێدا بوو، شەش تابلۆی جۆراوجۆریشی تیادا هەڵواسرابوو».
دواتریش کەئیتر موچەکەیان لەدەزگای خەندان بڕا، کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی گەندەڵییەکانی دەزگاکە، وەک ئەوەی ئەوان بیریان چووبێت ئەوان سەرپەرشتی پاشکۆیەکیان لەو ڕۆژنامەیە دەکرد. ئەی ئەگەر دەزگاکە پارەکەی هی خەڵک بێتو گەندەڵ بێت، پێم ناڵێیت تۆ چیت؟

**لڤینو نەوشیروان مستەفا**

یەکگرتوو کەسەرەتا لەجیابوونەوەکەی نەوشیروان ترسیان هەبوو، کەپێگەی ئەوان لاواز بکات، لەڕێگەی لڤینەوە کەوتنە دژایەتیو شەڕپێفرۆشتنی، بەئەندازیاری شەڕی ناوخۆو قەتڵوعامی پشتئاشان تۆمەتباریان کرد.
دواتریش زانیان سەرهەڵدانی گۆڕان بەقازانجی یەکگرتوو دەشکێتەوە، ئەگەرچی لەسەرەتاشدا کاریگەری لەسەر دەنگەکانی ئەوان هەبێت، دیسانەوە لڤینیان ڕاسپارد بۆ پشتگیریو لایەنگیری نەوشیروان مستەفاو گۆڕان، بەجۆرێک نووسیان نەوشیروان مستەفا بەتەنیا حیزبێکی سیاسییە.

**لڤین چی بۆ یەکگرتوو دەکات**

ئێوە بینین لەم چەند ژمارەیەدا کە لەبەردەستی ئێمەدان چۆنو بەچ شێوەیەک باسی یەکگرتوو دەکەن. ئەمەش ناونیشانی هەندێک لەو ڕاپۆرتو چاوپێکەوتنانەیە کەلڤین بڵاویکردوونەتەوە، «لڤین نهێنیی ناکۆکییەکانی نێوان سەلاحەدین بەهادینو مەلا سدیق ئاشکرادەکات» ژمارە ٦٢، «پیاوی بەهێزی دوای سەلاحەدین بەهادین کێیە؟ کۆنگرەی یەکگرتوو ململانێی نێوان بادینیو قوڕەیشییەکان بەخۆوە دەبینێت» ژمارە ٦٦، «سەلاحەدین بەهادین چۆن گرەوی سەرۆکایەتیی ئیخوانی بردەوە؟» ژمارە ٦٣، «لەکۆنگرەی یەکگرتوودا هەولێرییەکان بەرپرسانەترو وردتر دەنگدەدەن» ژمارە ٦٥، «سەلاحەدین بەهادین: تێوەگلانی یەکێتیو پارتی لەئەرگەنەکۆن لەکۆنگرەی قاهیرە گەورەترە« ژمارە ٨٥، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو: سیاسەتی پارتیو یەکێتی سیاسەتێکی داگیرکەرانەیە« ژمارە ٨٦، «ئایا یەکگرتوو چاو لەپارتی دادو گەشەپێدان دەکات؟» ژمارە ٩٦، «هادی عەلی: لەڕووی سیاسییەوە پارتی زەرەری کرد لەڕووداوەکانی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمان» ژمارە ٩٢، «دیندار نەجمان دۆسکی: لەڕووداوەکەی دهۆکەوە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی ئاسایی نەبووەتەوە» ژمارە ١٠١. ئەو ناونیشانانە، ناونیشانی ڕاپۆرتو چاوپێکەوتنەکانی لڤینن، ئایا ئەوە میدیای سێبەر نییە؟ بەتەنیا خاڵی کۆکردنەوەی ئەم ستافە، یەکگرتووبوونیان بووە، هیچیتر.

ئێمە داکۆکی لەوە ناکەین کەپارەی حکومەتو خەڵک بدرێت بەراگەیاندنەکانی حیزب، بەڵام کەسێک کەدژایەتی ئەوە دەکات دەبێت، پێشتریش کەخۆی پشکی هەبووە دژی ئەوە بووبێت، یان ئێستا کەتێگەیشتووە ئەوە پارەی گشتی بووە، با ئەو چەند ساڵە موچەی وەرگرتووە لەو پارەیە بیگەڕێنێتەوە.
لڤین لەوکاتانەدا بەشێوەیەک دەستیانکردبوو بەمەدحو سەنای بەرهەم ساڵح. تاجارێکیان لەکۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بەرهەم ساڵح بەهێمن باقری وت، دەڵێن بەرهەم لەپشت لڤینەوەیە. چەند ناشیرینە ئینسان لەپێناو پارەدا هەموو شتێک قبوڵ بکات. هەر ڕۆژە زوڕنا بۆ یەکێک بژەنێت.
لەوەسفی بەرهەم ساڵحدا لڤین دەنووسێت «هیچ کەسێک لەیاریکەرە سەرەکییەکانی ناو یەکێتی، هێندەی بەرهەم ساڵح تەنیا نییە، نەپرۆژە سیاسییەکەی لەگەڵ ئەو باڵەدا دەگونجێت کەنزیکە لێیانەوە، نەباڵی بەرامبەریشی خۆشیان دەوێتو قبوڵی دەکەن. لەو نێوانەدا بەرهەم ساڵح وەک یاریکەرێکی تەنیا ماوتەوە کە نەبۆ خۆی خاوەنی تیمێکی بەهێزە نە بەفیعلی سەربە بەرنامە سیاسییەکانی یەکێک لەو دوو تیمەیە».
لڤین دەیەوێت وا پیشانبدات کەبەرهەم ساڵح بەشێک نییە لەکوتلەگەری، ئەو سیاسییەکی ڕاستو ڕەوانە، کەدەزگاکەی خۆیشی ئەوانەی لڤین ناویان لێناون زوڕناژەن، ڕوویان نایەت بەو شێوەیە مەدحی بەرهەم بکەن.

# کێ میدیای سێبەرە؟










دەستوور

گۆڤاری لڤین لەژمارە ١٣١دا راپۆرتێکی بەناونیشانی «کێ لەپشت فەوزای رۆژنامەگەرییەوە؟» بڵاوکردەوە، لەبەشێکی راپۆرتەکەدا ناوی رۆژنامەی دەستوور هاتووەو تۆمەتبارمان دەکات بەمیدیای سێبەری یەکێتی، بێ بوونی هیچ بەڵگەیەکو دۆکۆمێنتێک ناوی ئێمەیان خزاندووەتەوە ناو راپۆرتەکەیانەوە.

بۆ هەموو لایەک روونە کەحیزب لەم هەرێمەی ئێمەدا دەستی خستووەتە سەرجەم جومگەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەو بۆ خۆی مۆنۆپۆڵکردووە، ماوەی نزیکەی بیست ساڵە بەشێکی زۆری داهاتی ئەم هەرێمە بۆ حیزب دەڕوات. لەئێستاداو لەدوای دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن، لەکوردستان گەرموگوڕییەکی زۆر دەبینرێت بۆ جوڵاندنی ئەم کەیسە. دەستخۆشی لەهەموو هەوڵێک دەکەین کە بەئاراستەی کەمکردنەوەی دەستی حیزب بێت لەناو حکومەتدا، بەڵام بەداخەوە گۆڤاری لڤین بۆ لێڵکردنی رەوشەکەو تێکەڵکردنی کارتەکان، لەدوا ژمارەیدا راپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی «کێ لەپشت فەوزای رۆژنامەگەرییەوەیە» لەپاڵ ریزکردنی کۆمەڵێ دەزگاو رۆژنامەو گۆڤاردا کە بەڕۆژی روون بودجەیەکی قەبە لەحکومەت وەردەگرن. ناوی ئێمەشی هێناوە کە گوایە ئێمە میدیای سێبەری یەکێتین، کەپێشتر بەشێکی سەرەکیی ئەم بابەتە لەوێب سایتی یەکگرتوودا بڵاوکراوەتەوە لەرۆژی ٢٠١٠/٥/٢٧.

### بۆچی وەڵامدەدەینەوە

لەناوهێنانی ئێمەدا لڤین غەدرێکی گەورەی لەئێمە کردووە، کە بەناڕەواو بێ بوونی هیچ بەڵگەو دۆکۆمێنتێک ناوی ئێمەی خزاندووەتە راپۆرتەکەیان، کەدیارە خۆشیان پێش هەموو کەس دەزانن کەئەوەی لەراپۆرتەکەدا هاتووە، هیچ بنەمایەکی نییە. هەردوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە، ئەحمەد میرە لەچەند کەناڵێکی جیاوازەوە هەوڵیدا هەڵوێستی خۆیمان بۆ روونبکاتەوە.

ئێوارەی رۆژی ٢٠١٠/٦/٣٠ کاتژمێر ٠٨:٠٧ ئەحمەد شەشۆیی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری لڤین، لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیکرد بەسەرۆکی ئەنجومەنی رۆژنامەی دەستوورەوە، پرسیاری لێکرد کەئاخۆ دوا ژمارەی گۆڤاری لڤینی بینیوە؟، ئەویش پێیوت کەنەیبینیوە، ئەحمەد میرە وتویەتی راپۆرتێکمان لەسەر میدیای سێبەر بڵاوکردووەتەوەو لەبەشێکیدا ناوی رۆژنامەی دەستوور هاتووە، سەرۆکی ئەنجومەنی رۆژنامەی دەستوور لێی دەپرسێت بۆ ئێمە؟، میرەش دەڵێت منیش نازانمو ئەو راپۆرتەم دوورو نزیک نەبینیوە تا گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوەو چەند جارێک دڵنیایی دا کە ئەو راپۆرتە لەدەرەوەی ئاگاداری ئەو بووە، بەڵام ئێمە دڵنیامانکردەوە کەوەڵامی پێویستمان دەبێت.

دواتر ئەحمەد شەشۆیی لەڕێگەی کاژاو جەمال جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتییەوە هەوڵیدا قەناعەتمان پێبهێنێت، کەناوهێنانی ئێمە لەو راپۆرتەدا، کارێکی بێبەرنامەو بێمەبەست بووە، دواتر کاک کەمال رەوفی سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتیمان ئاگادارکردەوەو هەڵوێستی خۆمان بۆ روونکردەوە، کەدەمانەوێت وەڵامیان بدەینەوە، کاک کەمال وتی لەبەرخاتری من جارێ هیچ مەکەن، تاخۆم قسەیان لەگەڵ دەکەم، دوای ئەوەی کاک کەمال قسەی لەگەڵ ئەحمەد شەشۆیی کرد، هەمان ئەو قسانەی وتبووەوە کەگوایا ئەو دوورو نزیک ئاگاداری ناوی ئێمە نەبووەو ناوهێنانی ئێمە لەڕاپۆرتەکەدا کارێکی بێبەرنامە بووە. کاک کەمال داوایەکی زۆری لێکردین وەڵامی راپۆرتەکەی لڤین نەدەینەوەو ئەو بەڵگانەی ئامادەمانکردووە، لەم کاتەدا بڵاوینانەکەینەوە.

ئێمەش بەو خۆشەویستانەمان وت کەئەوان غەدرێکی گەورەیان لەئێمە کردووە، کەپێویستە بەوردیو دوور لەزمانەکەی لڤین، بەپشتبەستن بەدەیان بەڵگەو دۆکۆمێنت، کە لەبەردەستمانن، وەڵامیاندەدەینەوە، بۆ هەموو لایەکی روونکەینەوە کێو چۆن ئەم بەڕێزانە لەپاڵ سێبەری هێزێکی کۆنەخوازداو بەدەستتێکەڵکردن لەگەڵ دەیان بەرپرسی ئەمنیو حیزبی دەستڕۆیشتوو سەرقاڵی بەڕێوەبردنی چ کارێکن. بێمنەتیشین لەئەحمەد شەشۆییو ستافەکەیو هەرکەسێکیتر، هەر بەڵگەیەکیان هەیە لەسەر دروستیی ئەو بوختانەی بۆ ئێمەیان دروستکردووە، بڵاوییبکەنەوە، نەک تۆمەت هەڵبەستن. ئەگەر خەڵکانی بەویژدانیش تەماشای لاپەڕەکانی رۆژنامەی دەستوور بکەن، دەزانن ئێمە میدیای سێبەر نەبووینو بەبێ جیاوازیو بەبێ سانسۆر، بۆچوونو روانینی هەموو لایەنو حیزبێکمان بڵاوکردووەتەوەو دەستوور رووپەڕی لاپەڕەکانی بەڕووی هەموو لایەکدا کراوەبووە، نەک میدیای سێبەر بووبێت.

ئێمە لێرەدا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسەی کە ئاخۆ کێ لەپشتی فەوزای رۆژنامەگەریی کوردییەوەیەو کێ میدیای سێبەرە، بەدواداچوونێک بۆ مێژووی گۆڤاری لڤینو کارەکانی دەکەین، ئەوەش بەمەبەستی دەرخستنی راستیو سەلماندنی ئەوەی کەلڤین بەهەڵەدا چووە.

### میدیای سێبەر

گۆڤاری لڤین میدیای سێبەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، کۆی ئەو ستافەی لەم گۆڤارە کاردەکەن، کادری باڵای ئەو حیزبەن، ساڵی ٢٠٠٢ دوای ئەوەی مامۆستا سەلاحەدین سەردانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات، دوای لێدەکات یارمەتیانبدات بۆ دروستکردنی سەنتەرێکی لاوان لەشاری سلێمانی بەمەبەستی کۆکردنەوەی کادرە گەنجەکانیان، تاڵەبانی رازیدەبێت، بڕێک پارە وەک هاوکاریی مانگانە بۆ سەنتەرەکە دابیندەکاتو مامۆستا ئەمجەد مەحمەدی خوشکەزای مامۆستا سەلاحەدینو کادیری باڵای یەکگرتووی قوتابیان دەکاتە بەرپرسی سەنتەرەکە، ئەویش کۆمەڵێ لەگەنجە خوێندەوارو کادرەکانی یەکگرتووی قوتابیان لەگەڵ خۆی دەهێنێتە ناو سەنتەرەوە، «عەبدوڵڵا رێشاوی، فازڵ نەجیب، فەرمان عەبدوڕەحمان، محەمەد شێخ فاتیح، یاسین عومەر، زمناکۆ ئەنوەر، ئەحمەد میرەو هێمن باقر... هتد»، کەئەمانە گەنجی چالاکی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامیی کوردستان بوون، پاش ماوەیەک سەنتەرەکە گۆڤارێکی گەنجانەی دەرکرد بەناوی لڤین کەخاوەن ئیمتیازەکەی سەنتەری چالاکیی لاوان بوو، سەرنووسەری گۆڤارەکەش ئەمجەد محەمەد بوو، ستافێک لەو گەنجانەی لەسەرەوە ناویان هات، لەگۆڤارەکەدا کاریاندەکرد. ئەم گۆڤارە وردە وردە رێچکەی خۆی گۆڕیو لەگۆڤارێکی گەنجانی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕا بۆ گۆڤارێکی سیاسی دەمشڕ، ئەمجەد محەمەدی سەرنووسەری ئەوسای لڤین لەژمارە ١٢و ١٣ی لڤیندا لەبارەی سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکەوە بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت «لایەنی دارایی گۆڤارەکە، پەیوەندیی بەخاوەنی ئیمتیازەوە هەیە» مەبەستی «سەنتەری چالاکیی لاوان»ی سەر بەیەکگرتووی ئیسلامییە. دوای ئەوەی گۆڤارەکە هێرشەکانی بۆ سەر نەیارانی یەکگرتوو چڕترو هەمەلایەنەتر کرد، بەشێک لەستافەکەی دەست بەرداری بوون چوونە دەزگاکانی تری راگەیاند، لەم نێوەندە دەسەڵاتێکی زیاتر بەئەحمەد میرەو هێمن باقر درا کەدوو کادری دڵسۆزی یەکگرتوو بوون. مامۆستا ئەحمەدو ستافەکەی دەتوانن پێمانبڵێن کێ موچەی پێدەدان کێ خەرجیی گۆڤارەکەی بۆ دابیندەکردن؟ ئۆفیسەکەتان لەکوێ بوو؟ خۆ ناڵێن لەسەر فرۆشی خۆمان دەژین.

دواتر لڤین چەند راپۆرتێک لەسەر پارتیو یەکێتی بڵاودەکاتەوە، بەهۆیەوە مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبە یەکگرتوو ئاگاداردەکەنەوە، کەئەوە قبوڵناکەن، کە لەکۆبوونەوەو دیدارە رەسمیەکاندا موجامەلەو لەژێرەو لەسێبەردا لەڕێی گۆڤاری لڤینەوە هەرچی ناشیرینبوو، دەیانوت. دەبێت حسابی خۆیان لەگەڵ گۆڤارەکەدا یەکلاییبکەنەوە. لەژێر ئەو فشارانەدا یەکگرتوو ناوی خۆیو سەنتەرەکەی لەسەر گۆڤارەکە لادەدات.

دواتریش لەژمارە ٦١ەوە ئەمجەد محەمەد خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لڤین دەگۆڕێت، ئەحمەد میرەی سەرنووسەر لەشوێنەکەی دادەنرێت، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە بوو لەسەریان. ئەگەر نا با مامۆستا ئەحمەد بۆ ئێمەو ئێوەشی روونبکاتەوە کەچۆن بوو بەخاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لڤین کە لەو کاتەدا تیراژی ١٣ هەزاری لەسەر نووسرابوو، خێرە کاک ئەمجەد بێ هیچ داوایەک گۆڤارەکە بۆ بەڕێزیان جێدەهێڵن، یاخود فەرمانی حیزبەو دەبێ هەمووان ملەکەچ کەن بۆی.

ئەمجارە خراپتر لەجاران، کەوتنە نانەوەی فەوزایەکی راگەیاندن، کە پێمانوانییە لەهیچ کوێیەکی دنیادا نمونەی هەبێت؟ چیتان بەکۆمەڵی ئیسلامی نەکرد ئەو کاتەی یەکگرتوو کەوتبێتە بەرامبەر هەر هێزێک، ئێوە دەیان بابەتان لەسەر ئەو هێزەو پیرۆزییەکانی نووسیوە. لەکام




ژمارەیەدا توانیوتانە تانەو رەخنەیەک لەیەکگرتوو بگرن. چیتان بۆ یەکگرتوو نەکرد؟

ئیتر لەوە بەدواوە لڤین دەستی واڵابوو، راپۆرتی شیکاری بەخەیاڵی نووسەرەکە خۆی، نەک شیکەرەوەکان، بنووسێتو بکەوێتە وێزەی هێزە سیاسییەکان، هەرجارەی یەکێک ئەویش بەمەزاجی شەخسی خۆیان، وەک یاسین عومەر بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە دوای دەستلەکارکێشانەوەی باسی دەکات، چۆن هێمن باقر بەمەزاجی خۆی دەکەوێتە جوێندان بەنەوشیروان مستەفا، کەدیارە بەئەمری حیزب بووە، دواتریش دەستدەکەن بەپیاهەڵدان بەباڵایدا، ئەمیش بەڕێنمایی حیزب، تا ئەوانیش لەپاڵ نەوشیروان جورئەتی دوو رەخنە بکەن.

ستافی لڤین تا لەرۆژنامەی ئاسۆو دەزگای خەندان موچەیان هەبوو، د. بەرهەم ساڵحیان کردبوو بەباشترین پیاوی سیاسی وڵات، دواتریش کە لەدەزگاکەی نەمان، دەستیانکرد بەدژایەتیکردنی.

راپۆرتەکانی لڤین هەمووی لەسەر خەیاڵاتی راپۆرت نووسەکەیە، نەک سەرچاوەکان، ئەوان مۆدیلێکیان داهێنا، ئێستا لەبازاڕدا دەیان گۆڤار هەیە بەبێ سەرچاوە راپۆرت بڵاودەکەنەوەو دەکەونە وێزەی خەڵک. ئەم مۆدێلەی یەکگرتوو لەڕێگەی لڤینەوە وایکرد یەکێتیو پارتیو گۆڕانیش چەندین گۆڤار وەک لڤین بەسێبەری خۆیان بخەنە بازاڕەوەو بکەونە گیانی یەکتری. ئەی ئەمە فەوزا نییە لڤین بەرپای کرد؟

خۆ ئەگەر ئێستا هەموو خەڵک ئەمەی بۆ رووننەبێت، ئەوا مێژوو هەموو ئەوانە دەنووسێتەوە.

### وەسفەکانی بەرهەم ساڵح

ئەوسا کەستافی لڤین لەدەزگاکەی بەرهەم ساڵح موچەخۆربوون، لایان ئاسایی بوو کە پارەی حکومەتو گەل بۆ میدیای حیزب بڕوات، لەبەر ئەوەی خۆیان پشکیان هەبوو. ئەوان ئەوکات هەرگیز داکۆکیان لەبودجەی گشتی نەکرد، بەڵام کەئێستاش داکۆکی لێدەکەن لەبەر ئەوە نییە بەتەنگ ئەوەوە بن، کەپارەی وڵات تەخشانو پەخشان دەکرێت، بەڵکو تەنها لەبەر تۆمەتهەڵبەستنە بۆ هەندێک شوێنو دژایەتی دەزگاکانی پارتیو یەکێتیە لەڕوانگەی یەکگرتووەوە.




# هەڤاڵ لەقامیشلۆو حەسەکە سەما دەکات

موحسین یاسین

سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیمەوە بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند کەناوبراو ئێستا لەقامیشلۆیەو بەنیازە لەرۆژانی ٨و٩ی ئەم مانگە لەهەریەک لەشاری قامیشلۆو حەسەکە چەند کۆنسێرتێک سازبکات.

سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد کەناوبراو جگە لەو کۆنسێرتانە لەماوەیەکی نزیکدا یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومی (من چی کریە) بەناوی (بەدرۆ مەژی) کلیپدەکات، کەتێکستی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو "موزەفەر"ەو میلۆدی "کامەران عەبدولڕەحمان"ەو لەکوردستان کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامدەدرێت.



# نینا: ئازادی لەو وڵاتە زۆرە، بەڵام ئێمە هەر لەسەر دابونەریتی کوردەواری خۆمان ماوین

لە (نینا) دەکات؟

نینا: تائێستا تووشی ئەو حاڵەتە نەبووم، بەڵام ڕەنگە لەمەولا تووشی ببم، بەڵام دڵنیام بەگوڕترم دەکاتو وام لێ دەکات کاری باشتر بکەم، بەمەرجێک ئەم توانجانە لەچوارچێوەی هونەر دەرنەچێت.

دەستوور: تاچەند ئامادەیت گوێ لەڕەخنەی هونەری بگریت؟

نینا: ڕەخنەیەک بۆ هونەر بێت، دەیخەمە سەر سەر، بەڵام ئەگەر لەشوێنی خۆی نەبێتو ڕەخنەکە ڕاست نەبێتو تەنانەت بۆ شکاندنم بێت، هەر گویشی لێ ناگرم.

دەستوور: دەکرێت بزانین بۆچی سەرجەم ئاوازو هۆنراوەکانی ئەلبومە نوێیەکەت لەگۆرانیبێژ (ڕائید شامیل) وەرگرتووە، ئایا هیچ کەسێکیتر ئامادەنەبووە کەهۆنراوەو ئاوازت بۆ دابنێ، یاخود ئەوە ویستی خۆت بووە؟

نینا: لەڕاستیدا من کەسیترم نەدەناسی لەهونەرمەند ڕائد شامل بەولاوە، کەدەستیشمانکرد بەئامادەکردنی ئەو ئەلبومە، هونەرمەند ڕائد شامل هۆنراوەی شاعیری تریشی بۆ ناردم، بەڵام من هەر هۆنراوەکانی ئەوم زیاتر بەدڵبوو، بێگومان لەداهاتووشدا هۆنراوەو ئاوازی هونەرمەندی تریش دەڵێمەوە.

دەستوور: ژیانی هاوسەریتان پێکهێناوە؟

نینا: نەخێر وازووش بیری لیناکەمەوە.



بەژمارە ٦٢٩٩/١/١ لەرۆژی ٢٣ حوزەیرانی ٢٠١٠، تیایدا هاتووە "بڕی ٨٥٩٨٠٠٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی بۆ ساڵی ٢٠١٠ تەرخانکراوە، لەو بودجەیە بڕی ٢٦٣٦٣٢٩٠٠٠ دینار بۆ قەرزی فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تەرخانکراوە".

سەلاح حەسەن بەڕێوەبەری گشتی سینەما بەوەکالەت لەوەزارەتی ڕۆشنبیرو لاوان، لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور وتی "ئەمساڵ لەسەر داوای د. کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا کەبودجەی ئەمساڵی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لەهەرێمی کوردستان، بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکرابکرێت، بۆ ئەوەی شتەکان شەفافانە بێت".

ئەوەشی ڕوونکردەوە "بڕی ٢٦٣٦٣٢٩٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ قەرزەکانی پارساڵی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لەبودجەی ئەمساڵ تەرخانکراوە".

بەڕێوەبەری گشتی سینەما بەوەکالەت لەوەزارەتی ڕۆشنبیرو لاوان وتی "ئەو بودجەیە بۆ هەریەک لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما لەهەولێر، سلێمانیو دهۆک تەرخانکراوە، جگە لەبودجەیەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما کەبۆ ئەو دەرهێنەرە کوردانە تەرخانکراوە کە لەدەرەوەی ئەو سێ پارێزگایەن، لەوانە بۆ شاری کەرکوک، پارچەکانی دیکەی کوردستانو ئەو سینەماکارانەی لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبەن".

راشیگەیاند "هیچ دەرهێنەرێک مافی ئەوەی نییە کە سەر بەپارێزگایەکی دیاریکراوە لەهەرێم، بچێت لەبودجەی دیاریکراو بۆ پارێزگایەکی دیکە پارە بۆ فیلمەکەی وەربگرێت، بۆنمونە دەرهێنەرێکی شاری دهۆک بۆی نییە لەسەر بودجەی تەرخانکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی، فیلمێک بەرهەمبهێنێت".

ئاماژەی بەوەشکرد کەکاتێک پارە بۆ لایەنێکی بەرهەمهێنانی فیلم دیاردەکرێت، وەک وێنەگرتن، مۆنتاژ، ئەکتەرو...، دەرهێنەر یان بەڕێوەبەری بەرهەم، بۆی نییە دەستکاری ئەو پارەیە بکاتو پارەی بەشێک لەوێنەگرتن بخاتەسەر بەشی مۆنتاژو بەپێچەوانەوە، وتی "دەبێت ئەمە بەئاگاداری ئێمە بێت، چونکە پێشتر شتی لەم جۆرە کراوەو لەمەودوا ئێمە ڕێگەی پێ نادەین".

بەرهەمە سینەماییەکانی ئەمدواییەی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێم، توانیان بەشداری لەچەند فێستیڤاڵێک بکەنو خەڵات بەدەستبهێنن، لەوانەش فیلمی "شوێنێک بۆ یاری" لەدەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی کەبەرهەمێکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمە لەگەڵ وڵاتی ژاپۆن، هەروەها فیلمی "سرتە لەگەڵ با" لەدەرهێنانی شەهرام عەلیدی، جگە لەفیلمەکانی دیکەی بەرهەمی هەرێمی کوردستان، کە لەچەندین فێستیڤاڵو ڕووداوی سینەمایی جیهانی بەشداربوونو خەڵاتیان بەدەستهێناوە.


# "سیاسەت کاری هونەری داگیرکردووە"

دەشتی ئەنوەر

هونەرمەند بەکر ڕەشید بێزاریی خۆی دەربڕی لەو دۆخەی ئێستای کەهونەرمەندانی تێکەوتووە، دەڵێت "ئەم وڵاتە وڵاتی ئەوە نییە کەئیشی هونەری تێدا بکەیت، سیاسەت هەمووی داگیرکردووەو بەشی ئیشی هونەری تێدانەماوە، ئەوەشی کەدەکرێت تەنها خوگرتنەو هیچیتر نا".

بەکر ڕەشید دەرهێنەری هەردوو درامای "وەسێتنامەو ژیلەمۆ" ئەوەشی وت "ئەمە جگەلەوەی هونەرمەند ڕێزی ناگیرێتو بەناوی هونەرمەندانەوە ڕێکخراو هەیە، بەڵام ئەمانە وەک پێویست خزمەت بەهونەر ناکەن، کەچی دەبینیت لەوڵاتانیتر هونەرمەندێک دەتوانێت ژیانی خۆیو دەوروبەریشی بژێنێت".

ئەو دەرهێنەرە ئاماژەی بەوەشدا هونەر تازە تێکەڵی ژیانی بووەو ناتوانێ وازیشی لێ بهێنێت، وتی "ناچارم بەم شێوازەشەوە هونەر بەرێبکرێت. کەهیچ خۆشییەک لەسێبەری هونەردا بەدیناکرێت".



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

کەسێک زۆر بەشێوەیەکی ڕوون لێت نزیکدەبێتەوە، بەڵام تۆ هەستی پێناکەیت. هەرگیز بیرت لەوە نەکردووەتەوە کەئەو کەسە ئەوەندە هەستی بۆت هەبێت، پێویستە کاتی بدەیتێ تا لەیەکتر تێبگەن.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

وا هەست دەکەیت کارەکەت بێزارت دەکاتو بەگوێرەی خواستەکانت بەڕێوەناچێ، بەڵام دەوروبەرەکەت بەو جۆرە بیرناکەنەوە. گوێگرتن لەبۆچوونی کەسانی دەوروبەرت هیچ زیانێکت پێناگەیەنێ. هەندێک لەئاواتەکانت دێنە دی.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

باری داراییت لەجاران باشتر دەبێت، لەهەندێ گیروگرفت ڕزگارت دەبێت کەماوەیەکبوو ببونە سەرئێشە بۆت، لەڕابردوو زیاتر دڵت خۆشدەبێتو خۆشت تێبینی ئەو دڵخۆشییەت دەکەیت. کەسانی نوێ دێنە نێو ژیانتەوە.




**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

زۆر حەزت لەئازادییە، بەڵام ناتوانی دەستەبەری بکەیت. شانسی گۆڕینی بەشێکی بچکۆلە لەژیانت لەم هەفتەیەدا دێتە بەردەمت. پێویستە بەباشی بیر لەداهاتوو بکەیتەوەو لەلایەنی خۆشەویستییەوە پشت بەهەستت ببەستی.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

هێمنو لەسەرخۆبەو بەئارامی کارەکانت بەرێبکە، پێویستە لەبیرت نەچێت کەکار تەنها کارەو کاتی تایبەتی خۆی هەیە. ژیانی تایبەتیت لەگەڵ کاردا تێکەڵ مەکە، چونکە لەهەمانکاتدا ناتوانی دوو ئامانج وەدی بهێنی.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

بایەخی زۆر بەکاتەکانت بدەو ڕێکیان بخە. ئەولەویاتی کارکردنت دیاری بکە، هەرچەند بەلاتەوە زەحمەتە. بەباشی بیر لەلایەنە باشەکانو خراپەکانی هەر پرۆژەیەک بکەرەوە پێش ئەوەی دەستپێبکەیت.

# نینا: لەبڵاوکردنەوەی یەکەم گۆرانیم پاشگەزبوومەوە

nena

دەستوور

نینا جەمال کچە گۆرانیبێژ کە١٧ ساڵە کوردستانی بەجێهێشتوووەو لەگەڵ دایکو باوکو هەر چوار براکەی لەوڵاتی ئوسترالیا دەژی، بۆ دەستوور دەدوێت.

دەستوور: نینا کێیە؟ لەچ قۆناغێک دەخوێنێت؟

نینا: ناوم نینا جەمال، ٧ ساڵ بووم کوردستانم بەجێهێشت، لەپۆلی ١ سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی زیرەک لەسلێمانی، دواتر لەئوسترالْیا دەستم بەخوێندن کردو ئێستا لەکۆلیژی ژمێریاری دەخوێنم.

دەستوور: بابزانین سەرەتای کاری هونەریتان دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێکو چۆنو لەڕێی کێوە دەستانکرد بەگۆرانیوتن؟

نینا: من هەر لەمنداڵیەوە گۆرانیم دەوت لەقوتابخانە، بەڵام لەتەمەنی ١٥ ساڵیەوە ئەوکات گروپێکی میوزیکی کوردی لەئوسترالْیا دامەزرا کەباوکم سەرپەرشتی ئەو گروپەی دەکرد، من لەوێوە بەفەرمی دەستمکرد بەگۆرانیوتن.

دەستوور: ئەو هونەرمەندە کێ بووکەحەزت لەدەنگی بوو؟ کاریگەری هەبوو بەسەرتەوە؟

نینا: من زۆر خولیای دەنگی مامۆستا تایەر تۆفیقو مامۆستا عەلی مەردان بووم، ئێستاش گوێگری دەنگی هەموو گۆرانیبێژێکم.

دەستوور: وەکو کچێکی کورد تاکو چەند چێژت لەئازادی ئەو وڵاتەی لێینیشتەجێی وەرگرتووە؟

نینا: ئازادی لەو وڵاتە زۆرە، بەڵام ئێمە هەر لەسەر دابونەریتی کوردەواری خۆمان ماوین، بۆیە من ئەو ئازادییەی لەوێ هەیە زۆر بەلامەوە گرنگ نییە، چونکە من لەگەڵ ماڵەوە زۆر بەختەوەرمو ڕێگریم ناکەن لەکاری میوزیکدا.

دەستوور: ساڵی چەند یەکەم گۆرانیت تۆمارکرد؟ ئاوازو هۆنراوەی کێ بوو؟

نینا: من سێ ساڵ لەمەوبەر یەکەم گۆرانیم لەئوسترالْیا تۆمارکرد کەئاوازو هۆنراوەی هونەرمەند رائد شامل بوو، بەڵام لەبەرئەوەی لەوێ کاری ستۆدیۆکەیو دەنگدانانی زۆر پرۆفشناڵ نەبوو، بۆیە لەبڵاوکردنەوەی پاشگەزبوومەوەو نەمهیشت بڵاوبێتەوە.

دەستوور: توانجو قسەی خەڵک تاچەند کار



# بەدیعە دارتاش: بەشی چاوپێکەوتنێکیترم پێنەماوە



دەشتی ئەنوەر

هونەرمەندی بەناوبانگ بەدیعە دارتاش بەدەستووری ڕاگەیاند بەهۆی ئەوەی ئەوەندەی قسەی بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان کردووە، بەشی ئەوەی پێنەماوەتەوە جارێکیتر چاوپێکەوتن بکات.

ئەو هونەرمەندە ئەوەشی وت "ئەگەر چی تەمەن لەکاتی خۆی تێپەڕیوە، بەڵام لەو کاتەوەی کەمن لەناو ئیشی هونەریدام، بەردەوام خەریکی چاوپێکەوتنم".

لەبارەی ئەوەی بە چ شتێک توڕەدەبێت، دارتاش وتی "شتێک ئەگەر قەناعەتم پێ هەبێتو بەرامبەرەکەم بیەوێت پاشگەزمبکاتەوە یان ڕێگری لێ بکات، ئەوا توڕەدەبمو بێتاقەتدەبم".

بەدیعە دارتاش ئاشکرایشیکرد کەئەو لەگەڵ خواردندا زۆر بەینی باشەو هەموو خواردنێک دەخوات، بەڵام لەهەمووی زۆرتر میوە زۆر دەخواتو دەڵێت "زۆرم حەز لەمیوەیە، نەک تەنها دانەیەک، بەڵکو هەموو میوەیەک".

# دوو ملیار بۆ قەرزی فیلمەکانی ٢٠٠٩ تەرخانکراوە

## وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان، زیاتر لەهەشت ملیار دیناری بۆ سینەمای کوردی تەرخانکردووە

ژەنیار لەهەولێر

وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە ٨,٥ ملیار دیناری عێراقی بۆ سینەمای کوردی بۆ ئەمساڵ تەرخانکردووە، بەڵام لەو بودجەیە نزیکەی دوو ملیار بۆ قەرزی فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تەرخانکراوە.

بەپێی نووسراوێکی فەرمی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە

# هونەرمەندانی نەمساو کوردستانو عێراق کۆدەبنەوە

## شۆراوی کەرکوکی ساڵی ١٩٦٣، لەگەلەرییەکی هاوچەرخدا خۆی دەنوێنێت

موحسین یاسین

بۆ یەکەمجارو لەگەڕەکی شۆراوی شاری کەرکوک، بە بەشداری چەندین هونەرمەندی بەناوبانگی وڵاتی نەمساو بەئامادەبوونی (ئیرنست ڤووەللا)، بەرپرسی کلتووری سۆشیال دیموکراتەکانی ڤیەنناو بەسەرپەرشتی هونەرمەند فایەق رەسوڵ، رۆژی ٧/١٤ گەلەری (شۆراو ئارت)ی هاوچەرخ دەکرێتەوە.

ئەو گەلەرییە لەبەرنامەیدایە ساڵانە چوار پێشانگا ڕێکبخات بۆ هونەرمەندانی هاوچەرخی نەمساو هونەرمەندانی کوردستانو هونەرمەندانی هاوچەرخی عێراق.

هەروەها لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەی هاوبەش بۆ هونەرمەندانی هاوچەرخی نەمساو کوردستانو عێراق، هەوڵدەدات هەماهەنگبێت لەگەڵ گەلەرییەکانی دیکەی کوردستان بۆ گواستنەوەی گشت پێشانگەکانی (شۆراو ئارت) بۆ گەلەرییەکانی دیکەی کوردستان.

ئەو گەلەرییە هەوڵدەدات پێشانگەی تایبەت بۆ هونەرمەندانی کوردستان لەوڵاتی نەمسا بکاتەوە.

شۆراو گوندێکە کەشوێنەوارەکەی ئێستاش لەناو شەریکەی نەوتی کەرکوکدا ماوەو لەساڵی ١٩٦٣وە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تاڵانکراوەو دانیشتوانەکەشی دەربەدەرکراونو دواتریش رووخێنراوە.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەهاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بەشوێنەوارە کۆنەکەی گوندەکە، گوندی شۆراو بەنەخشەیەکی نوێتر ئاوەدانکراوەتەوەو ئێستا گەڕەکێکە لەگەڕەکەکانی شاری کەرکوک.




**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەگەر پلانی دەستکەوتنی هەندێک پارەت داناوە، ئەوا ئەم هەفتەیە گونجاوە بۆ دەستکردن بەپرۆژەیەک، بەڵام پێویستی بەبیرکردنەوەو ماندوبوون هەیە. هەندێک هاوڕێیەتی نوێ سوودی زۆری بۆ ژیانت دەبێت.




**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

لەژیانتدا هەلی زۆرت نایەتە بەردەم لەبەرئەوە پێویستە بەباشی بیر لەبارودۆخەکان بکەیتەوەو هەڵیانبسەنگێنیت، زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەڵدەکەیت کە هاوسۆزتنو وەک خۆت قسەدەکەن، لەوانەشە هەندێکیان ببنە هاوڕێی ژیانت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

پێویستت بەهەندێک پشووە، چونکە هەر جۆرە چالاکیو ئیشو کارێک کاردەکەنە سەر بیرکردنەوەکانت. ئەم هەفتەیە لەبارە بۆ ئەوەی ئەو پلانانەی بۆ ئەنجامدانی گەشتێک داتناون، بیانخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

هەسارەی مارس وات لێدەکات کەمێک قایلتر بیت لەجاران. هاوڕێیانو کەسە نزیکەکانت دڵخۆش دەبن گەر بەشداری لەبۆنەیەکدا بکەیت لەگەڵیان. زۆر سەرنجی کەسێکت ڕاکێشاوەو حەز بەنزیکبوونەوەت دەکات.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەندێک کێشەی بچووک بێزارت دەکەن، چونکە تۆ بەو جۆرە کێشانە ڕانەهاتوویت، دوای چەند هەفتەیەک لەسەرقاڵی، کەمێک کاتت بۆ پشوودان دەبێت، ڕۆژە زۆر خۆشەکانت بریتین لەپێنجشەممەو سێشەممە.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم هەفتەیە هەندێک ڕووداو وات لێدەکەن بکەویتەوە ژیانی چەند ساڵێک لەمەوبەرو خۆشی لەو ساتانە دەبینیت، بیری چەن یادگارییەکت دەکەویتەوەو چێژت پێدەبەخشن، ڕۆژی خۆشەویستیت یەکشەممەیە.

www.arsivakurdi.org

# ”ڕەنگە لەکابینەی نۆیەم کێشەی بینا چارەسەربکرێت“

## بەڕێوەبەرانی پەروەردە داوای بینای زیاتر دەکەن، وەزارەتیش دەڵێت بەسێ کابینەیتر ئەو کێشەیە چارەسەرناکرێت

کاروخ نامیق

بەڕێوەبەرانی پەروەردە داوادەکەن لەوەرزی داخستنی قوتابخانەکاندا، وەزارەت دەستبکات بەدروستکردنی قوتابخانەی زیاتر بۆئەوەی کێشەی کەمی خوێندنگە بنبڕبکرێت، وەزارەتیش دەڵێت کێشەی چارەسەرکردنی بینای خوێندنگە بەسێ کابینەی تریش چارەسەرناکرێت.
پسپۆڕانی پەروەردەییو مامۆستایان داوادەکەن لەدروستکردنی بینای خوێندنگەکاندا ڕەچاوی بواری پەوەردەیی بکەن، نەک وەک ئەوەی ئێستا کەبینای خوێندنگەکان ”لەسەربازگە دەچن“.
بەپێی بەدواداچوونێکی وردی دەستوور، لەتەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی، بەهەزاران بینای خوێندنگە پێویستە دروستبکرێت، بۆئەوەی کێشەی بینای خوێندنگە چارەسەربکرێت، وەزارەتیش دەڵێت لەئێستادا بەچڕی دەستمان بەدروستکردنی بینای خوێندنگەکان کردووە.
کەمی بینای قوتابخانەو خوێندنگاکان، بەیەکێک لەگرفتەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردە لەهەرێمی کوردستاندا دادەنرێت، کە تائێستا لەبەشێکی زۆری قوتابخانەکان دوو دەوامو سێ دەوامی تێدادەکرێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک زانیاری زۆر لەکاتێکی کەمدا بەخوێندکار بدرێت، دواتر نەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.
مستەفا ڕەشید بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، داوایکرد پەلەبکرێت لەدروستکردنی بینای زیاتر، بۆئەوەی کێشەکانی پەروەردە لەناوەندەکانی خوێندندا کەمتربکرێنەوە.
مستەفا بەدەستووری وتی ”هەڵمەتێکی باش هەیە بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانەو خوێندنگا لەناوچەکانی گەرمیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بەبینای زیاتر هەیە“.
بەپێی وتەی ئەو بەڕێوەبەرە، پەروەردەی گەرمیان پێویستی بە ٨٦ بینا هەیە بۆئەوەی بتوانن کێشەی دوو دەوامیو سێ دەوامی کەمبکەنەوە.
لەلایەکیترەوە عەلی محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ وتی ”لەسەر بودجەی ٢٠٠٩ زیاتر لە ١٢ بینامان بۆ دروستکراوە، زۆرینەیان ئێستا وەرگیراونەتەوە.
هەروەها وتی بڕیاریشوایە



لەساڵی داهاتوودا ٨ بینای دیکەمان بۆ دروستبکرێت، هەندێکیان خراونەتە تەندەرو دراوەتە کۆمپانیا، ئەمە تاڕادەیەک کەموکوڕی بینای لەکۆڵکردوینەتەوە.
پەروەردەی قەڵادزێ بەشەش پۆلیو نۆ پۆلیو هەژدە پۆلی، نزیکەی ٢٠ بینای تریان پێویستە.
لەکوردستان بەهۆی کێشەی زۆری بیناو پەلەکردن لەدروستکردنی، پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی دەڵێن بینای خوێندنگەکان ”لەسەربازگە“، دەچن، داواشدەکەن سیستمی دروستکردنی بینای خوێندنگەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت.
مەریوان سەلاح حلمی مامۆستاو شارەزا لەبواری پەروەردەیی، پێیوایە مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە، بریتییە لەبینای قوتابخانەو خوێندنگاکان.
ئەو وتی کەمی بینای خوێندنگاکان لەکوردستاندا گەورەترین گرفتی بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە دروستکردووە، بەداخەوە حکومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردە تائێستا وەکو پێویست بەدەمییەوە نەچوون.
مەریوان وتی ”ئەگەر بینای خوێندنگا کەمبێت، ناتوانرێت ئەو ئامانجە پەروەردەیانەی کەهەیە، بەدیبهێنرێت، بۆنمونە ناتوانرێت ئەگەر خوێندنگایەک دوو دەوامو سێ دەوامی تێدابێت، کاتی وانەکان درێژبکرێنەوە، بەڵکو تەنها دەتوانی بەکاڵوکرچی لەکاتێکی کەمدا کۆمەڵێک زانیاری بەسەر خوێندکاردا بدەیتو بەسەریەوە کەڵەکە دەبێت“.
هەروەها داوایکرد چۆنیەتی شێوازی دروستکردنی بینای قوتابخانە زۆر گرنگی پێبدرێتو وتی ”نابێت وەک ئەوانەی ئێستا بێت کە لەسەربازگە دەچێت“.
ئاماژەی بەوەشدا کەبینای خوێندنگەکان دەبێت هەموو شتێکی تێدابێت، وەک مەلەوانەگەو یاریگاو ئینتەرنێتو کۆمپیوتەرو هۆڵی هونەر بۆئەوەی ئەو منداڵە ئارەزووەکانی لەخوێندنگا بهێنێتەدی نەک لەشوێنیتردا.
بەڵام لەکوردستاندا جگە لەچەند قوتابخانەیەکی نمونەیی، هیچ قوتابخانەیەکیتر ئەو مەرجە پەروەردەییانەی تێدا نییە.
ئیبراهیم حەوێز بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیە وتی ”تائێستا کێشەی بینامان هەیە. بۆئەوەی بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەربکەین، پێویستمان بەدروستکردنی ٥٢ بینا هەیە“.
پێشتر سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم، لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی دەستووردا ڕایگەیاند پێویستمان بەدروستکردنی ٣ هەزار و ٥٠٠ بینای قوتابخانە هەیە، ئەویش بەنۆژەنکردنەوەو

> ”بیناکانی خوێندن لەسەربازگە دەچن

دروستکردنی بینای نوێ، بەڵام وەزارەتی پەروەردە ڕایدەگەیەنن کەناتوانن کێشەی بینا چارەسەربکەن.
ئیسماعیل بەرزنجی وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، بەدەستووری وت ”کۆمەڵێک بینای تازە بەردی بناغەی بۆ دانراوە لەسەرجەم پارێزگاکانی کوردستاندا، بودجەی بۆ تەرخانکراوەو نەخشەی بۆ دانراوەو دەست بەدروستکردنی خوێندنگاکان کراوە“.
ئاماژەی بەوەشدا کە لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان قوتابخانە دروستدەکرێت، واتا لەچەند لایەکەوە کار بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانەو خوێندنگاکان دەکرێت.
ئیسماعیل بەرزنجی دەڵێت ”ئەو ژمارە بینای خوێندنگا بەئێمە دروستناکرێت، ئەو بودجەیەمان نییە، لەکابینەی حەوتەمو هەشتەمو نۆیەم ئەو ژمارە بینایە تەواوناکرێن، بەڵام بەپلەبەندی دەتوانین دروستیان بکەین“.
ئاماژەی بەوەشدا کە لەتەمەنی کابینەی شەشەمدا تەنها دەتوانن نزیکی ١٠٠ بینا دروستبکەن.
وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بەوە دەکات کەئەو بینایانەی دروستیدەکەن بەپێی پێداویستی ناوچەکان دابەشیانکردووە.
بەرزنجی وتی ”ناوچە دابڕاوەکانیش بینای قوتابخانەی تێدا دروستدەکرێت“.
کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی وتی لەبەرئەوەی خوێندکار بەردەوام لەزیادبووندایە، بۆیە پێویستیان بەبینای زیاتر هەیە.
نوری وتی ”لەشاری سلێمانیو دەوروبەری پێویستمان بەدروستکردنی زیاتر لە ١٠٠بینا هەیە، کەبڕیاروایە ٤٣ بینامان بۆ دروستبکرێت“.
مەریوان سوڵاح حیلیم وتی ”کەمی بینای خوێندنگا، کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی زیرەکی خوێندکار، چونکە بەهۆی کەمی خوێندنگاوە ناتوانرێت کاتێکی زیاتر ببەخشرێت بەوانەکان، هەروەها مامۆستا ناتوانێت هەموو خوێندکارەکان بەشداری پێبکات لەوانەکەدا“.



داوادەکرێت لەکاتی پشووەکاندا وەزارەت بینای زیاتر دروستبکات



فایەق سەعید

## جیهانبینی پەروەردە


faiekk@hotmail.com

## ریفۆرمەکانی خوێندنی باڵاو ناڕەزاییەکان

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری لڤین تاقە کەس نەبوو کەبەتوندی نێگەتیڤانە ڕەخنە لەریفۆرمی پۆزەتیڤی وەزیری خوێندنی باڵا بگرێت، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، نووسەرێکی وریای وەکو ئەو دژی ریفۆرمێکی پێشکەوتوو بێت. وتارەکە لەزۆر لاوە لاوازە، بەزمانی تەنز نووسراوە، بەراوردی ئەم ریفۆرمە بە بەعسەوە دەکات، بەپەلە بەسەر شتەکاندا تێپەڕبووە.. هتد. هەروەها ١٣٠ مامۆستاو خوێندکاری خوێندنی باڵا ناڕەزایی نامەیەکیان نووسیوە. سەرەتا من پێم باشبوو ئەوان پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤیان پێشکەش بەوەزارەت بکردایە، دواتر من لەبەشێک لەمەترسیەکانیان تێدەگەیشتم، ئەوان پێویستیان بەوەیە پێشنیار بخەنە بەردەست وەزارەت.
من پێموایە سەرجەمی وتارەکان کەدژ بەم ریفۆرمە نووسراون، پرۆداکتیڤ نینو زیاتر لەڕوانگەیەکی نازانستیەوە نووسراون. من قورساییەکان ناشارمەوە، بەڵام پشتیوانی لەهەموو ریفۆرمێک دەکەم کەزانکۆکان لەو تەمبەڵخانەیە ڕزگاربکات. هەموومان ڕەخنە لەپەروەردەو خوێندنی باڵا دەگرین، بەڵام کەڕیفۆرمیش دەکرێت، ئەوە دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکەینەوە، چونکە یەکەم لەبەرژەوەندی هەندێک کەس دەدرێتو دووەم ئەرکی مامۆستاو خوێندکاران قورستر دەبێتەوەو سێیەمیش بەشێک لەنەوەی کۆن ئەم تەمەڵخانەیەی ئێستایان پێخۆشە.
من پێموایە زانکۆکانی ئێمە بریتین لەتەمبەڵخانەیەکی گەورەو ساڵانە هەزارەها خوێندکارو مامۆستای تەمبەڵ بەرهەمدێنن، کەرووی ئەوەیان نییە کێبڕکێ لەگەڵ زانکۆیەکی هاوچەرخدا بکەن. مرۆڤ زۆرجار لێکۆڵینەوەی وا دەخوێنێتەوە دڵی بەمامۆستاکانی زانکۆ دەسووتێت. دوکتۆرو پرۆفیسۆری وامان هەیە بەچەندین ساڵ جارێک یەک دانە کتێب نانووسێت. لەکاتی هەرزەکاریدا ناوی هەندێک لەدوکتۆرەکانیان لێکردبووین بەسارتەری کورد، کەچی لەهەموو کتێبخانەی کوردیدا هەر یەکە چوار کتێبیان نییە، لەکاتێکدا لاوی وامان هەیە ساڵی کتێبێک دەنووسێت. من ئەوە دەزانم ئەمانە لەسایەی سیستمێکی تەمبەڵدا بوون بەدوکتۆرو پرۆڤیسۆرو ئەمەش خەتای ئەوانی تێدا نییە، ئەوەش دەزانم وڵاتی ئێمە دواکەوتووە، بەڵام دەبێ ڕۆژێک یەکێک ئەو بارودۆخە چاکبکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە من هەوڵەکانی وەزیری خوێندنی باڵا زۆر بەرز دەنرخێنمو ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە وەکو هەنگاوی یەکەم لەزنجیرە گۆڕانکارییەک وەربگرم، ئەوە پێموایە سەرەتایەکی زۆر باشەو دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا.
ئەگەر ئەو چاکسازییانەی خوێندنی باڵا پیادە بکرێن، دەرئەنجامەکانی بەم شێوەیە دەبن: ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەخوێندکاران دەتوانن لەخوێندنی باڵا وەربگیرێنو ئەمەش دوو دەرئەنجامی گرنگ دەخاتەوە، یەکەم: تەنها خوێندکارە بەتواناکان دەتوانن بڕوانامەی باڵا بەدەستبێننو ئەمەش کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی کادیری ئەکادیمی زانکۆکان، بەڵام ئەمەیان گرفتێکی دیکەیەو دەبێ وەزارەت پلانی بۆ دابنێت. دووەم: بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو ژمارە کەمەی خوێندنی باڵا تەواودەکەن، لەڕووی نەوعیەتەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆنەکان دەبێتو دەتوانن گۆڕانکارییەک بخەنە ناو زانکۆکانەوە.
سەبارەت بەمەرجی زمانی ئینگلیزی یا زمانێکی زیندووی دیکە کەهەرای دونیای لەسەر دروستبووە، من بەمەرجێکی زۆر باشی دەزانمو هەموو ئەو ڕەخنانەش کەگیراون هەموویان ڕەخنەی توندنو لەڕوانگەی زانستیەوە ناڕواننە بابەتەکەو هیچ جۆرە پێشنیارێکیشیان نەخستووەتە بەردەست وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی بابەتەکە چارەسەربکەن. منیش ئەوە دەزانم زانینی ئینگلیزی یا هەر زمانێکی زیندووی دیکە بۆ خوێندکاری ئێمە سەختە، چونکە زانکۆکانو قوتابخانەکانمان تائێستاش فێری زمانمان ناکەن، بۆیە من لای خۆمەوە پێشنیاری ئەوەم بۆ وەزیر ناردووە کەدەرفەتی شەش مانگ یا ساڵێک بۆ ئەو خوێندکارانە بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەکتیڤ (ڕۆژانە ١٠ کاتژمێر) زمانێکی زیندوو لەکوردستان یا لەدەرەوە بخوێنن. خوێندکاریش دەبێ هەوڵی خۆی بداتو ئەمڕۆ چەندین سەنتەر هەیە لەناو شارەکاندا کەدەتوانێت لەوێوە پەرە بەزمانەکەی خۆی بداتو ڕۆژانە ١٥ سەعات ئینگلیزی بخوێنێت.
گرنگی زمانێکی زیندوو بۆ توێژەر حەقیقەتەو ئەو کوردیو عەرەبیەی ئێمە دەیزانین، بەناچاری نەبێت بەکەڵکی ڕۆشنبیری جیدیش نایەت نەک دوکتۆری زانکۆ. ئەی ئەگەر ئەوان زمانێکی زیندوو نەزانن، ئیدی چۆن دەتوانن لەو بەرهەمە زانستیانە بەرخوردار بن کە لەجیهاندا هەیە. زۆرێک لەوڵاتە ئەورووپاییەکان بەئەورووپای ڕۆژئاواشەوەو بەو ئاستەبەرزەی خۆیانەوە، بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکانیان بەزمانی ئینگلیزییە بەتایبەت لەبەشە زانستیەکاندا، ئێ تۆ بڵێی کوردستان لەوان پێشکەوتووتر بێت.
خاڵێکی دیکەی گلەییەکان بریتیە لەوەی خوێندکار ناتوانێت خۆی قبوڵ لەزانکۆکانی دەرەوە وەربگرێت. ئەمەیان دروستە، هەر بۆیە پێشنیارێکی دیکەشم بۆ وەزارەت ناردووە، بریتیە لەوەی گرنگە وەزارەت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی یا بەلایەنی کەمەوە قبوڵ بۆ ئەو خوێندکارانە دابینبکات کە لەو مەسەلەیەدا سەرکەوتوونابن. هەفتەی داهاتوو لەسەر لایەنێکی دیکەی ئەم ریفۆرمە دەنووسم.

# مۆدەی نوێی کاوبۆو تیشێرتی راقی، کورانی سلێمانی لەئەستەمبوڵ نزیکدەکاتەوە

## کوڕان بەلەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە مۆدێل نوێیانەی کە لەتورکیاوە دێن، خۆیان دەکەنە کوڕی تورکی




بێستون شەریفو محەمەد حەسەن

کورانی سلێمانی روو لەبازاڕەکانی سلێمانی دەکەن، بۆ کڕینو سەیرکردنی نوێترین مۆدێلی نوێی جلوبەرگ، رۆژانەش هەواڵی هاتنی مۆدێلی نوێ لەدوکاندارەکان دەپرسن.

کوڕان دەیانەوێت بەلەبەرکردنی نوێترین مۆدەی کاوبۆو تیشێرتی راقی، خۆیان وەکو گەنجانی ئەستەمبوڵ نیشانبدەن، بەهۆی ئەوەی زۆرترین ئەو جلوبەرگو مۆدانەی دێنە سلێمانییەوە لەتورکیاوە دێن.

بازاڕەکانی سلێمانی بۆ گەنجانی تەمەن ١٨ بۆ ٣٠ ساڵان بەجوانترینو بەرزترین مۆدێلی نوێی کاوبۆو تشێرتی راقیو پێڵاوی رەونەق رازێنراونەتەوەو هەفتانەش مۆدەی جلوبەرگی نوێ دەهێنرێتە بازاڕەکانەوە.

لەهاوینی ئەمساڵدا زۆربەی مۆدێلی جلوبەرگی گەنجان لەتورکیاوە دەهێنرێتە کوردستانو مۆدێلەکانیش بەردەوام لەگۆڕاندایە، وەک گەنجان دەڵێن ئێستا مۆدێلی ئەوەیە جلەکانت "زۆر تەسک بێت، ئەویش بەپێچەوانەی چەند ساڵێک لەمەوبەر کەمۆدێلی جلی تاڕادەیەک فراوانبوو، بەتایبەت لای خوارەوەی کاوبۆکان.

شڤان شەهاب ٢١ ساڵ، کە بۆ جلکڕین هاتبووە شەقامی مەولەوی لەسلێمانی، بەدەستووری وت "بەدوای مارکەی جواندا دەگەڕێین، هەندێک کاتیش گوێ بەجوانی نادەین".

شڤان داوایکرد جلەکان "نەزۆر تەسک بێتو نەزۆر پان بێت، جلەکان سادەو ئاسایی بن جوانە".

جۆری ئەو جلوبەرگانەی ئێستا لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێتو گەنجان زۆرترین داواکاریان لەسەری هەیە، کاوبۆی مۆدێل نوێو تیشێرتی راقییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەپێی داواکاری کەسەکانیش خواست لەسەر جلوبەرگەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

رێبوار محەمەد دوکانی فرۆشتنی جلوبەرگی هەیە لەبازاڕی رەشەمۆڵ، کەیەکێکە لەو بازاڕانەی لەماوەی دووساڵی رابردوودا، زۆرترین گەنجان رووی تێدەکەن، دەڵێت "جلوبەرگ لەتورکیاوە دێنین، جلەکانیش زیاتر تیشێرتو کاوبۆو قوماشە".

سەبارەت بەداواکاری گەنجان وتی "بەو پێیەی کەسەکان جیاوازن داواکارییەکانیش جیاوازن، بۆ نمونە گەنج داوای کۆمەڵێک شتدەکات لەگەڵ رۆژگاردا باوبێت، داوای شتێکدەکات کە کەمبێتو هەم جوانیش بێت".

"شتێک بێنیت کەمبێت، نرخیشی گرانترە، وەک لەوەی شتێک لەبازاڕ زۆر بێت" رێبوار وای وت.

بەوتەی رێبوار ئەمساڵ زۆرینەی گەنجان حەزیان لەکاوبۆی "خوار باریکە"، هەروەها وتی "بەپێی ناوچەکانیش دەگۆڕێت، بۆنمونە خواستی گەنجێکی ناو شار بۆ جۆرێکی جلوبەرگ جیاوازە وەک لەوەی دەرەوەی شار".

محەمەد ساڵح ٢٧ ساڵ بۆ جلکڕین سەردانی تەلاری کاوەی کردبوو، وتی "ئەمڕۆ هەموو مۆدێلێک لەبازاڕدا هەیە، ئەوانەش زیاتر جلوبەرگی گەنجانەن، بۆنمونە کاوبۆو تیشێرت، بۆ مۆدێلیش دێم بۆ بازاڕ دیاریناکەم، ئەوەی بەدڵمبوو دەیکرم".

زۆرترین ئەو جلوبەرگانەی لەبازاڕەکانی سلێمانیدان، لەتورکیاوە دەهێنرێنە کوردستان، بەوتەی خاوەن بازاڕەکانی فرۆشتنی جلوبەرگیش خواستی گەنجان بۆ ئەو جلانەی لەتورکیاوە دێن بەهۆی جوانیو راقی جلەکانیانەوە زیاترە لەجۆرەکانیتر.

خاوەنی بازاڕەکانی جلوبەرگیش خۆیان ئاماژە بەوەدەکەن کەجۆرێک لەیارییپێکردن لەنرخی جلەکاندا هەیە.

محەمەد وتی "نرخەکانیش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێن، پرسیارمکردووە پانتۆڵێک لەهەندێک شوێن ٢٠ هەزارەو لەشوێنێکیتر بە ٢٥ هەزارە، لەشوێنی تریش بە ١٥ هەزارە".

یادگار حسێن ٢١ ساڵ لەبازاڕی رەشەمۆڵ تەماشای جلوبەرگی دەکرد، وتی "دوکانەکان جلوبەرگی تورکی دەهێنن، منیش زیاتر حەزم لەجلوبەرگی تورکییە، تیشێرتو کاوبۆ زیاتر تەسکبێت پێم جوانە".

یادگار دەڵێت "نرخەکان زۆر گونجاو نییەو گرانە".




# خەمە گەورەکەی ژنان ... لەکەرکوکیش بەدواداچوونی بۆ دەکرێت

## سەنتەری پەنا: لەکەرکوکو دەوروبەری لەکۆی ١٣٠٠ کچو ژن زیاتر لە ٥٠٠ یان خەتەنەکراون

دەشتی ئەنوەر

سەنتەری پەنا بەدواداچوونی بۆ هۆکاری ئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچان دەکاتو لەو بەدواداچوونەی کەدەستیان کەوتووە، دەرکەوتووە رێژەی خەتەنەکردن جێگیرەو لەچاو ساڵانی پێشوودا بەرەو نەماندەچێت، بەڵام دەڵێن بۆ بنبڕکردنی دەبێت هەوڵی زیاتربدرێت.

بەرپرسانی سەنتەری پەنا دەڵێن ئیشکردن لەبوارەکانی ژنان لەکوردستانداو بەتایبەت لەکەرکوک تاڕادەیەک ئاسان نییە، بەهۆی ئەوەی کەدەبێت لەگەڵ هەموو نەتەوەکاندا بەکوردو عەرەبو تورکمانو نەتەوەکانیترەوە مامەڵە بکەیتو دەڵێن "ئەوەش ئەرکی ئێمەی گرانترو قورستر کردووەو زۆرجاریش کێشەمان بۆ دروستدەبێت".

ئەو سەنتەرە بەهاوکاری رێکخراوی وادی ئەڵمانی هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی دژی خەتەنەکردنی رەگەزی مێینە دەستپێکردووە لەشاری کەرکوکو دەوروبەری، تێیدا داتایەکیان دەستکەوتووە لەسەر خەتەنەکردنی ژنان لەو پارێزگایەدا.

بەپێی ئەو ئامارەی ئەو سەنتەرە دەستیانکەوتووە، کە لەرێگەی ئەنجامدانی راپرسییەکەوە بەشێوەی دابەشکردنی فۆرم ئەنجامدراوەو زانیارییەکانی ئەو راپرسییە دەست دەستوور کەوتووە، دەرکەوتووە لەکۆی ١٣١٣ فۆرم کەبەسەر ژنانو کچاندا دابەشکراوە، ٥٢٠ کەسیان خەتەنەکراون.


ئاوات یاسین

بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا وتی "ئەو رێژەیەی کەئێمە دەستمانکەوتووە، رێژەیەکی جێگیرە، بەڵام لەچاو ساڵانی پێشوودا بەرەو نەمان دەچێت".

هەروەها رایگەیاند "هێشتا پێویستی بەوەیە کەئەو کارە بنبڕبکرێتو هەوڵی زیاتری بۆ بدرێت".

**هێشتا خەتەنە بەسوونەت ناودەبرێت**

ئەگەرچی چالاکوانانی بەگژداچوونەوەی خەتەنەکردنی ژنان دەڵێن هۆشیارکردنەوەی ژنان رۆڵی خۆی بینووە، بەڵام دەڵێن ئەو دیاردەیە بەناوی سوونەتەوە هێشتا بەردەوامەو زانایانی ئاینیش دژی وەستاونەتەوە.

ئاوات یاسین بەرپرسی سەنتەری پەنا، وتی "ئەم خەتەنەکردنە کەئێستا هەیە، هیچ پەیوەندییەکی بەئاینی ئیسلامەوە نییە، تەنها ئەوە نەبێت کەچەند مەزهەبێک پەیڕەویدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا پرۆسەکە ناوی سوونەتی لێنراوە، زانایانی ئایینیش حەرامیان نەکردووەو فەرزشیان نەکردووە، بەڵام لەو نێوانەدا ماوەتەوە".

ئاوات بەباشی زانی کەراگەیاندن رۆڵ لەهۆشیارکردنەوەی ئەو دیاردەیە ببینێتو وتی "چونکە ئێستا راگەیاندن بووەتە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەو خەڵکیش بەردەوام تەماشای راگەیاندنەکان دەکات، تاوەکو لەو رێگەیەوە هۆشیاربکرێنەوەو ئەم دیاردەیە بنبڕبکرێت".

هەورەها داوایکرد کەیاسایەکیش بۆ سزادانی ئەو کەسانە دابنرێت کەئەو کارە بەئەنجامدەگەیەنن.

سەنتەری پەنا یەکێکە لەو رێکخراوە ناوخۆییە نا حکومییانەی کە لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، بەهاوکاری کۆمەڵێک نووسەرو رۆشنبیرو چالاکوان لەبواری رێکخراوەیدا. سەنتەرەکە کار بۆ لابردنی توندوتیژی لەسەر مێینە دەکات.

ئەو هەڵمەتەی کەسەنتەرەکە دەستپێکرد لەبارەی خەتەنەکردنی مێینەو هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانو بەدواداچوون بۆ مەسەلەی خەتەنەکردنی مێینە، لەمانگی پێنجی ئەمساڵەوە دەستپێکردووەو ماوەی دوو مانگی خایاند، بەرپرسانی سەنتەرکە دەڵێن لەو هەڵمەتەدا جگە لەدەستکەوتنی ئامارێکی خەتەنەکردنی مێینە، توانییان لەڕووی ئایینیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە خەڵکی هۆشیاربکەنەوە.

ئاوات یاسین وتی "ئێمە لەماوەی ئەو دوو مانگەدا ١٣١٣ فۆرممان بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشکردووە، لەو ژمارەیە دەرکەوت تەنها ٥٢٠ کەس خەتەنەکراوە لەناو شاری کەرکوکو دەوروبەریدا".

هەڵمەتەکە روانگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنانی شارەکەو وتووێژکردن لەسەر ئەو دیاردەیە لەکۆمەڵێک سیمینار سەبارەت بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان ئەنجامدرا.

ئاوات وتی "تێبینیمانکرد ئەم دیاردەیە هەیەو زۆریک لەژنانیش کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیەو ژیانی هاوسەرییان لەحاڵەتێکی مەترسیدارداییە کەهۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەتەنەکردنیانو ساردبوونیان لەئەنجامدانی کرداری سێکسی لەژیانی هاوسەریاندا".

ئاماژەی بەوەشدا کە لەئەنجامی هەڵمەتەکەدا ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی کەرکوکدا، بەپلەی یەکەم ئاینو دواتر کلتوور پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچان.

داتاکە لەتەمەن دوو ساڵیو سێ ساڵی تاوەکو تەمەن نزیکەی ٧٠ ساڵی وەرگیراوەو هۆکارەکانی خەتەنەکردنەکەش دەستنیشانکراوە.

# لەساڵیادی کۆچیدوایی ئەورەحمانی حاجی مارفدا (مامەخەمەی زمانی کوردی)



ئامادەکردنی: دادیار ئازاد

زاناو نووسەرو زمانزانو زمانناسی مەزنی کورد (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، نیو سەدە بێ پسانەوە بەدوای وشەی کوردیو کاری زمانەوانی، ئەمێستاش لەنێو وشەو قەڵەمی هەمووماندا دەژی، یەکێکە لەسەرچاوەو کۆڵەکە سەرەکیو پتەوەکانی زمانی کوردی، بەنووسینو لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانو سەرنجەکانی، خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردووەو لەزۆربەی لایەنەکانی زمان دواوەو گەلێک دیوی شاراوەشی دەرخستوونو پەردەی لەسەر هەڵماڵیونو ساغیکردوونەتەوە.

زانای گەورەمان (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەدوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن روو لەوڵاتی رووسیا دەکات، سیانزە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوەو بەهەوڵو کۆششو توانستی خۆی لەرێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی جیهان زمانی رووسی فێردەبێت. لەزانکۆی (لێنیگراد) بڕوانامەی بەکالۆریۆسو ماجستێر بەدەستدەهێنێت، دواتریش لە (ئامۆژگاری رۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای سۆڤیەتی لێنیگراد) بەهاوکاری مامۆستا کوردەکەی پڕۆفیسۆر (قەناتی کوردۆ- کوردۆیف)، کە کەڵکو قازانجێکی زۆری لێبینیوەو بۆ ئەو پاڵپشتێکی بەهێز بووە، نامەی دکتۆراکەی لەبارەی (مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیو شێوازی دانانی فەرهەنگی رووسی-کوردی) تەواودەکاتو بڕوانامەی دکتۆراش بەدەستدەهێنێت.

لەساڵی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە نیشتمانو لەکۆڕی زانیاریی کوردو زانکۆکانی: (سلێمانیو ئیبن روشدو خانەقین) قۆڵی خزمەتکردن هەڵدەکاتو وانە بەقوتابیانی بەکالۆریۆسو ماجستێرو دکتۆرا دەڵێتەوەو سەرپەرشتی دەیان نامەی ماجستێرو دکتۆرای کردووە، هاریکارو هاندەری گەورەی قوتابییە کوردەکانی بەشی کوردی بووە لەشاری بەغدادو پاڵپشتێکی بەهێزیان بووە.

لەماوەی ژیانیدا زیاتر لەبیست کتێبو سەدان وتارو لێکۆڵینەوەو چەندین کتێبو وتاری وەرگێڕدراوی لەبارەی زمانو ئەدەبو کوردناسیو رەخنەو فەرهەنگنووسی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووەو ئەو بەرهەمانەش گرنگیو تایبەتی خۆیان هەیەو بوون بەهەوێنی چەندان کتێبو وتارو توێژینەوەی دیکە، کەبڕواناکەم نووسەرێک لەسەردەمی ئەو و دوای ئەویش هەبووبێت، دوو قسەی لەسەر زمانی کوردی کردبێتو سوودی لەنووسینو بیروڕاکانی ئەوڕەحمان وەرنەگرتبێت، ئێستاش نووسینەکانی لەقوتابخانەکانو زانکۆکان دەخوێنرێنو نرخو بایەخی تایبەتییان هەیە، بەجۆرێک زۆربەی هەرەزۆری خاوەن قەڵەمو خوێندەوارانی ئەم وڵاتە مشتێک لەخەرمانی زۆرو زەوەندی ئەم کەڵەزانایەیان بەرکەوتووە، بەرهەمەکانی پڕن لەداهێنانو بابەتی نوێ، بەردەوام ملی داوەتەبەر ئەو لایەنانەی زمان، کەقسەیان لەسەر نەکراوە یان کەمترین سەرچاوەیان لەسەر هەیەو کتێبخانەی کوردی پێویستی پێ هەبووە. لەڕێگەی وەرگێڕانیشەوە دەیان کوردناسو زمانناسو کەڵەنووسەری جیهانی بەخوێنەرانی کورد ناساندووە.

دوای تەمەنێک لەنووسینو خزمەتو خەمخۆری، کاروانی خزمەتی ئەو کەڵەزانایەمان بەردەوامدەبێتو بڕیاری کارێکی درێژخایەن وەکو دانانی فەرهەنگێکی «کوردی-کوردی» دەدات، کەخەونێکی لەمێژینەی خۆی بووەو ماوەیەک بەتامەزرۆییەوە خەریکی فەرهەنگەکە دەبێت، بەڵام نەخۆشی بەرۆکی دەگرێتو تا رادەیەک لەکاری فەرهەنگەکە دووریدەخاتەوە، دواجاریش مەرگ مەودای تەواوکردنی فەرهەنگەکەی پێنەدا. فەرهەنگەکەی ناوی «میدیا»ی لێنابوو، خۆی لەبیستو پێنج بەرگدا دەبینیەوەو بەڕێوشوێنێکی زانستی فەرهەنگنووسی داڕشتبوو و بەپشتبەستن بەیاساو دەستوورەکانی بواری فەرهەنگسازی وشەو واتاکانی تۆمارکردبوونو لەسەر هەمان رێچکەی فەرهەنگەکەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (قاموسی زبانی کوردی) دەڕۆیشت. مخابن (میدیا)ش وەک فەرهەنگەکەی زەبیحی بەنامورادی سەرینایەوە.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف نزیکەی چل ساڵ وەک خزمەتکارێکی شارەزاو دڵسۆز، شەو و رۆژی لێکگرێداوەو لێرەو لەوێ بەوشەو هەڵوێست خزمەتی نەتەوەکەی کردووە، ئەوەتا خاکییانەو لەخۆبوردوانە نووسیویەتی: (کۆڵەوارمو هەر هێندەم لەدەستدێت، خۆزگە کاری گەورەم لەباردا بووایە، خەجاڵەتی قاپی دڵسۆزی میللەتەکەمم، کەهێندە دڵپاکو لەخۆبووردوون، دەست بەڕوومەوە نانێم ئەو جۆرە دیاریانەم لێوەرگرن).

سەد مخابن لەشەوی ٢٠٠٧/٧/٨\١٧ بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی پاکی سپاردو لەدەست نەتەوەکەی چوو، زمانەکەمان پێویستی زۆری بەم زانامەزنە مابوو، هێشتا چەندین مەڵۆو شارای دیکەی لەباوەش بوو، بیانخاتە سەر خەرمانی زانستیی کارەکانی، تا گەلێک مەسەلەو کێشەی دیکەی زمانی کوردیمان بۆ روونو یەکلابکاتەوە.

دانەبڕانو درێژەدان بەکاروانی خزمەتەکانی جوانترین وەفایە پێشکەش بەو پیاوەمەزنەی دەکەین، پێویستیشە لەلایەن حکومەتو لایەنی پەیوەندیدارو دڵسۆزانەوە، لەئاست خزمەتە بەرچاوەکانیدا ساڵانە یادی ئەم زانایە بکرێتەوە، پەیکەرێکی شایستەی لەبەردەم کۆلێژی زمان یان کۆڕی زانیاریی کورد بۆ چێبکرێت، هەروەها ئاوڕ لەبەرهەمە چاپنەکراوەکانی بدرێتەوەو کار بۆ چاپکردنیان بکرێت، بەرهەمە چاپکراوەکانیشی دووبارە چاپبکرێنەوە، کەهەموویان سەرچاوەی پێویستو گرنگن. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) گۆڕەکەی شادو پڕ نوور بێت.

**سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

**١-بەرهەمە زمانەوانییەکانم، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٢.**

**٢-بەرهەمە زمانەوانییەکانم، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**٣-نیوسەدە لەژیانو زانستی پڕۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧.**

# شەهید عەبە ئامە لەبیرەوەری مێژووی گەرمیاندا

حوسێن ئیسماعیل خان دەڵۆ

هەر بن بەردو کونە ئەشکەوتو قەمە تاوێرو بنە دەوەنو بستە زەمینێکی ئەم کوردستانە، بەخەرەندو دۆڵو لوتکەی شاخەکانیەوە بەتولە رێگاو پێدەشتەکانیەوە بەخانووە قوڕەکانو شەقامە قیرەکانیەوە، ئەگەر بیاندوێنی لەجەواڵو هەگبەی بیرەوەریەکانیاندا داستانو سەربوردەیەکی خەمناکو پڕ لەتراژیدیای رۆڵەیەکی ئەم نەتەوە غەدر لێکراو و بەر چەپۆکی زەمانە کەوتووەت بۆ دەگێڕنەوە .

کەسانێک هەن لەزاکیرەو بیرەوەرییاندا رووداوی تفتو تاڵو پڕ لەموچڕکەو تەزووی ناخۆش خۆی متکردووە، کاتێک دەیاندوێنی وا لەمێشکیاندا رووداوەکە چەسپیوە، وەکو دیمەنی ئەو چرکەساتە وا بەکوڵ دێتە جۆشو خرۆش لەسیمایدا راستی رووداوەکە دەخوێنیتەوە .

حاجی محەمەد حەسەن سەرحەد لەدایکبووی ١٩٤٦ سەرقەڵاو ئێستا لەهەولێر نیشتەجێیە، سەبارەت بەشەهیدکردنی عەبە ئامە وای گێڕایەوە:

کاک حاجی سەبارەت بەشەهیدکردنی عەبە ئامە لەسەرقەڵا، وەکو دەڵێن بەڕێزتان ئاگاداربوون، چۆن ماجەرای ئەو شەهیدبوونە بۆ مێژوو دەگێڕیتەوە؟

حاجی محەمەد: لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣ وەکو من ئاگادارم، شەش پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ گزنگی بەیانیدا تاکو عەسر لەقاتەکانی کفری رووبەڕووی تانکو فڕۆکەو سەربازی رژێم بوونەوەو شەڕیانکردو جەنگین، بەڵام بەهۆی نابەرامبەری چەکو هێزەوە، پێشمەرگەکان فیشەکیان پێنەماو چواریان خۆیان دەربازکرد، عەبە ئامەو پێشمەرگەیەک کەخەڵکی بادینان بوو، دەستگیرکرانو نیوسەعات بەر لەبانگی مەغریب سوپاکە هەردوو دیلەکەیان هێنایە سەرقەڵا، هەموو پیاوانی سەرقەڵایان کۆکردەوە کەخۆیشم یەکێک بووم لەئامادەبووان، ئەو کاتە من تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو، مەلا رەشید حەمە سەعید کەمەلای سەرقەڵا بوو، فەرماندەی سوپاکە بانگیکردو کردیە وەرگێڕ لەنێوان خۆیانو هەردوو پێشمەرگەکەدا، چوارجار مەلا رەشیدیان ناردە لای عەبە ئامەو هاوڕێکەی تاکو جنێو بەمەلا مستەفا بدەن، بەڵام هەر چوار جارەکە عەبە ئامە وتبووی پێڵاوەکانی مەلا مستەفا لەقائیدەکەی ئێوە شەریفترە بۆیە جنێوی پێنادەم، دواتر عەبە ئامەیان لەپێش چاوی ئێمە قۆڵبەست کردوو و چوار سەربازی ئەو سوپایە بەچەکەوە بەرامبەری راوەستان، لەو کاتدا جارێکیتر مەلا رەشیدیان ناردە لای تاکو جنێو بەمەلا مستەفا بداتو ئازادی بکەن، ئەویش وتی ئەگەر مەرجی ئازادکردنم ئەوە بێت جنێو بەمەلا مستەفا بدەم، حەزدەکەم دەقیقەیەک زووتر گوللەبارانم بکەن، من ئەو هەڵەیە ناکەم، ئینجا فەرماندەی لیواکە فەرمانی بەسەربازەکاندا تەقەی لێبکەن، لەپێش چاوی خەڵکی سەرقەڵا دایانە بەر دەسترێژی گوللەو پاش چارەکە سەعاتێک کۆپتەرێک نیشتەوەو پێشمەرگەکەی تری برد، هەرچەند وامان بیست ئەویشیان لەرێگا لەفڕۆکەکە خستووەتە خوارەوە.

دوای ئەوە تەرمەکەی عەبە ئامەیان بردە نزیکی سەربازگەکەی خۆیان کە ٢٠٠ مەتر لەخۆیانەوە دووربوو (ئەو شوێنەی ئێستا قەبرەکەی لێیە) لەوێ بێئەوەی بینێژن فڕێیاندا .

ئەوەی من بیزانم دوای زیاتر لەچوار شەو سوپاکە بەرەو گوندی هەوارەبەرزە چوون، کەئاگادارییان بۆ هاتبوو پێشمەرگە هاتووەتە ئەو گوندە، لەسەربازگەکەیاندا تەنها ١١ سەرباز مابوونەوە، مەلا رەشید لەگەڵ لێپرسراوی ئەو ١١ سەربازەدا قسەیکردبوو کە ئەو تەرمە بنێژێ، ئەویش وتبووی ئێوە بڕۆن بینێژن، داوی ئەوە سەر لەبەیانی ئێمە تەقە دەکەین بۆئەوەی تووشی لێپرسینەوە نەبین .

مەلا رەشید هات لەگەڵ منو چەند کەسێکیتر قسەیکرد بەمەبەستی ناشتنی تەرمەکە، ئێمە ئەو شەوە پێنج کەس چووین (مەلا رەشید، نامیق مەدحەت حەسەن، نوری محەمەد ئەمین (خەڵکی گڵاباتە)، لەگەڵ بەندەو پێنجەمم لەبیرنەماوە) هەریەک کۆڵێک پونگەمان لەگەڵ خۆمان بردو بێڵو قازمەمان برد، سەعاتو نیویک پێش بانگی بەیانی چووینو بەخێرایی گۆڕێکمان بۆ هەڵکەندو بەجلو بەرگی پێشمەرگایەتیەوە لەو جێگایەی ئێستایدا سپاردەی خاکمان کرد، کاتێک ئێمە گەڕاینەوە سەربازەکان دەستیانکرد بەتەقەکردن .

دوای دوو رۆژ سوپاکە گەڕایەوە لەگوندی هەوارەبەرزە ٣٠ کەسیان لەخەڵکی سەرقەڵا دەستگیرکرد، تاکو ئێوارە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆریانکرد تاکو ناوی ئەوانە بزانن کەئەو کارەیان کردووە، لەوانەی کەبەشداری ناشتنی تەرمەکەمان کردبوو، تەنها نامیق مەدحەت لەناو ئەو گیراوانەدا بوو، بەڵام هەوڵەکەیان بێسوود بوو، بۆیە عەسر هەموویانیان ئازادکرد.

بەداخەوە ئەو شۆڕشگێڕە هەر لەو قەبرەدایە کەئێمە لەو شەوەداو بەو ترسەوە بەئەمانەت ناشتمان، هەقە شتێکی شایستەی بۆ بکرێت، چونکە ئێمە ئازایەتیو دڵسۆزیی زۆرمان لێبینی، بۆیە دەبێت وەکو هێماو رەمزی ئازایەتی پێشمەرگەی ئەیلول تەماشابکرێت، نەک وا گۆڕەکەی فەرامۆشکراوە .

# ئیرادەو بەها لای تاكو پێویستی بەكردەكردنی چەمكە مرۆییەكان.



ستارە عارف

*ئایین لەقۆناغی خۆیداو لەسەرەتای هەستکردن بەبوونو دەرککردن بەڕۆڵو گرنگییەکەی، سەرچاوەی کۆکردنەوەی مرۆڤ بووە لەدەوری خولگەیەکی ئایدۆلۆژیو مەعنەوی، دوای تەوتەمە سروشتیو باوەڕە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، هەڵبەتە بۆ سەردەمی خۆی ئەم ڕۆڵە گرنگبووەو ئێستا بەگوێرەی پێشکەوتنی سەردەم تێی پەڕاندووەو پێویستی بەرێکخستنەوە هەیە، بەتێپەڕبوونی ڕۆژ ئیسلامی سیاسی ئاین دەکاتە میکانیزمی خۆژیاندنو دەسەڵات پەیداکردنو زەوتکردنی ئیرادەی تاک، کە بەئەمرۆ ناکۆکە.

*تا ئەم سەردەمە کەنەتوانراوە هیچ گۆڕانکارییەک لەبەندەکانی ئاینو شەریعەتدا بکرێت، بەڵام لەڕۆژئاوا لەسەدەی ناوەڕاستدا چەمکی سیکۆلاریزم پێشکەوتو ئەنجام ئاینو سیاسەتو دەوڵەتیشی لەزۆر قەیران دەربازکرد، بەحوکمی ئەوەی سیکۆلاریزم دوو جۆری سیاسیو فەلسەفی هەیە، لەئەمرۆی ئێمەدا پێویستمان بەسیکۆلاری سیاسی هەیە، کەدەستووری دەوڵەت لەسەر بنەمای شەریعەت دانارێژێتەوە.

*»لەهیچ یەکێک لەم وڵاتانە دین بێ ڕۆڵی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی نەبووە، لەمێژووی مۆدێرنی ئەم کۆمەڵگەیانەدا ڕۆڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەرچاوی بینیوەو تاکو ئێستاش دەیبینێت، جیاوازی ئەوان لەگەڵ لای خۆمان لەوەدایە لەکاتێکدا ئاین بڕێک لەڕۆڵەکان دەبینێتو تەنها ڕەهەندێک لەڕەهەندەکانی شوناسە، هێزە سیاسییە دینییەکانی لای خۆمان دەیانەوێت بیکەن بەهەموو شوناسی کۆمەڵایەتیو هەموو ڕۆڵەکانی بدەنێ، لەکاتێکدا دین بەشێکە لەسیاسەت لەمێژووی مۆدێرنی کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا، هێزە سیاسییە دینییەکانی لای خۆمان دەیانەوێت بیکەن بەهەموو سیاسەت». «مەریوان وریا قانع گۆڤاری سەرچاوە ژمارە ٥ ئاياری٢٠١٠».

*چەمکی سیکۆلاریزم وەک یەکێک لەگرنگترین دیاردەکانی ڕۆژئاوا، بەبڕوای کەسانی شارەزا لەم بوارەدا ڕۆژئاوای لەڕۆژئاوای سەدەکانیتر جیاکردووەتەوەو بەڵکو لەهەموو ناوەندە روناکبیرییەکانی جیهانی جیاکردووەتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ دژایەتیکردنی سکۆلاریزم لەلایەن ناوەندە کۆنەپەرستەکانەوە، «بێبوونی تێگەیشتنێکی دروست لەسیکۆلاریزم نەپشتگیریو نە لەبەرامبەر وەستانەوەی ئەنجامی دەبێت، «ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، لا٥ ساڵی ٢٠٠٨».

*هەبوونی بیروڕای جیاواز لەسەر سیکۆلاریزمو لەروانگەی هەندێک لەبیریارەکانەوە بەمانای ئەم دونیاییو خۆخەریکنەکردن بەدونیای ڕۆحیو مەعنەوی، ئەو دونیا بووەتە هۆی وروژاندنی بیرە ئیسلامییەکانو سیکۆلاریزمیان وەک چەمکێک لەدژی ئایین شیکردووەتەوەو دژایەتیان کردووە، ئەگەرچی زانایان لەبۆچوونی جیاوازی خۆیانەوە مانایان بەم چەمکە بەخشیوە، هەندێک وەک ئاینی مرۆڤایەتیو هەندێک وەک پانتاییەک لەسەرو ئایینەوەو هەندێک وەک بناغەیەکی ئیدیۆلۆژی لێکیداوەتەوە، بەڵام هەموو کۆکبوون لەسەر ئەوەی سیکۆلاریزم ئامانجی گرنگیدان بەپێداویستییە هەنوکەییەکانیو خۆشگوزەرانی مرۆڤە.

*زانایانی بوارەکە بەپێی ئاراستەی فیکریو سیاسیان شرۆڤەیان بۆ کراوە، بۆ نمونە جۆرج یاکوب هالی ئۆک ریفۆرمخوازتی سۆسیالست لەو بڕوایەدا بووە کەدەبێت دەوڵەت پێداویستییە هەنوکەییەکانی چینی کرێکاران دابینبکات، نەک پێداویستی ڕۆحی ئەو دونیا، سیکۆلاریزم لەسەرەتاوە وەک فەلسەفەیەکی ماتریالیستی هاتە ئاراوە کەجەختی لەسەر پێداویستییە دونیاییەکان دەکردەوە، بەپلەی یەکەم ئەم سەرنجە خستوویەتییە بەر ڕەخنەو دژایەتی لایەنەکانی ناکۆک بەم چەمکەوە.

*چەقی سەرەکی لەسیکۆلاریزمدا گەڕاندنەوەی ئیرادەیە بۆ تاکو گەڕاندنەوەی بۆ بڕیاری خۆییو لۆژیکی عەقڵو زاڵبوون بەسەر بێ ئیرادەییدایە، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سیکۆلاریزم کەهاو مانای چەمکی لایکبوونو علیمانییە، زۆر گرنگە کاری بەجیدی بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی ئیسلامی سیاسی ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کردووەو لەشوێنی هەمووومان بڕیار دەداتو زەمینە بۆ فەراهەمبوونی بەها مرۆییو ئازادییە مەدەنییەکان نارەخسێنێتو جیاکردنەوەی ئایینیش گەڕاندنەوەی سەربەخۆییو شکۆیە بۆی.

*هەرچەندە ئێستا سیکۆلاریزم پێی ناوەتە قۆناغێکی جیا لەواتا جەوهەرییەکەی خۆی وەک دەمارگیریو جۆریتر ناونراوەو بەیەکچاو تەماشای ئاینو جیاوازییەکانی مرۆڤ ناکاتو لەسیستمی سەرمایەداریشدا بەرژەوەندیو هاوسەنگی سیاسی لەقۆناغی ترسناکدایەو ئەو وڵاتانەی ئەم سیستمە پەیڕەودەکەن، لەرووە دیموکراسیەکەوە زۆرجار ناکۆکن بەمافەکانی مرۆڤو ژنانیش.

*لەئێستاشدا کۆمەڵگەی کوردییش توشی جۆرێک لەبەریەککەوتن لەگەڵ دیاردەو گۆڕانە ڕۆژانەییەکان دەبێتەوە، چونکە هەوڵێک لەلایەن کۆمەڵو کلتورەوە هەیە، تاک بۆ گرێدانەوە بەکۆنەپارێزیەکانەوە دەگەڕێنێتەوەو ڕەوتی جیهانیش کەڕووبەڕوکرانەوەیە بەرووی کلتوورو شارستانییە جیاوازەکاندا، بۆیە ڕۆژانە لەنمونەی ئەم کۆمەڵگەیانەی وەک کوردستانو عێراق قەیرانی ئازادی مەدەنیو تاکو ڕادەربڕینو جێندەرو هەتا سیاسیو بوارەکانیتریش ڕوودەدەنو سووتاندنو خۆکوشتنی ژنانو گەنجانو دامرکاندنەوەی وزەو هێزی گۆڕانو کاری جیدیو داهێنان بەرئەنجامی ئەم کلتوورو زاڵدەستییە سەپێنراون.

لەفەڕەنسا فیردیناند بویسون وا تەماشای سیکۆلاریزمی کردووە، کەسیستمێکی سیاسییەو دوو ئامانجی هەیە، ئازادی ویژدانو باوەڕ، نەک تەنها وەک ئازادی کەسێتی، یەکسانی لەمافو بیروباوەڕی ئاینی، لەگەڵ پێویستی پەیڕەوکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی، هەر لەفەڕەنسا یاسای جیاکردنەوەی دەوڵەت لەکەنیسە پشتی بەسێ بنەما بەستووە:

- دەبێت زەمینەی ئازادی ویژدانو باوەڕی ئاینی لەسنووری ڕێزگرتن لەسیستمی گشتی دابینبکرێت.
- یەکسانی لەنێوان ئایینو باوەڕەکاندا هیچ ئاینێک لەسەرو ئەویترەوە نەبێت.
- دەزگا کۆمەڵایەتییەکان: ڕەهەندێکە لەپرۆسەی سیکۆلاری، بەدیاریکردنی ڕۆڵی ئاین وەک دەزگایەک لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، یان فاکتەرێکی چالاک تەوزیمی یان گشتگیر بێت، بەڵام ڕۆڵی بژاردە یان ڕاوێژکاری هەبێت، بەتایبەتی لەبواری بەهاو ئاکارە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکاریانەدا بێت، کەپێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەیان ئافرێنێت، وەک گوێزانەوەی ئەندامەکانی لەشو کۆپیکردنو ناساندنی مردنو هتد..
- شوناسی نیشتمانی: دەبێت ئایین وەک ڕەهەندێک لەڕەهەندەکانی ناسنامەی نیشتمانی پیشانبدرێت، بێ جیاکاری لەئاینی ئیسلامیو بوزیو کاسۆلیکیو هتد، یان جیاکاری نەتەوەیی، بەڵکو وەک ئەندامی نیشتمانێکی هاوبەش لەکلتوورێکی هاوبەشدا دیاریبکرێت.
- تاک: سیکۆلاریزم واتە جیاکردنەوەی ئینتیمای هاووڵاتیبوونو ئینتمای ئاینیو باوەڕ، ئازادی هەڵبژاردن بۆ تاک بێناچارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئاینو فەلسەفەیەکیتر.

دانیان بەوەدا ناوە لەسەر ئاستی سیاسی، سیکۆلاریزم داوای ئازادی باوەڕو ئایین بێ دەستتێوەردانی حکومەتو ڕێکخراوەکان دەکات، قەتیسکردنی ڕۆڵی حکومەت بەتەنها لەکاروبارە مادییەکاندا، دەستەواژەی سیکۆلار یەکەمجار لەکاتی کۆتاییهاتنی شەڕی ئاینی لەئەوروپا ساڵی ١٦٤٨ پێکهاتو سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، هەندێکیشیان بەدەوڵەتی سیکۆلار ناوی دەنێن، بەواتای ئەو کاتە گواستنەوەی دەسەڵاتی کەنیسەیە بۆ دەسەڵاتێکی نا دینی یان دەسەڵاتی دەوڵەتێکی مەدەنی.

نووسەری دائیرەی معارفی بەریتانی وا پێناسەی سیکۆلاریزمی کردووە، کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەو ئامانجی خزمەتی خەڵکەو ئاراستەکردنیانە بۆ گرنگیدان بەخۆیانو تەنها ئەم دونیایە، ئەم بۆچوونە قۆناغی قورسی لەرووبەڕووبوونەوەدا تێپەڕاندو لەسەردەمی ڕێنسانسیشدا خەڵک بەدەستکەوتێکی ڕۆشنبیریو مرۆییان پێناسە کرد.

د. حەسەن حەنەفی بیریار خاوەن بیردۆزی»الیسار الاسلامی« لەنێوان سیکۆلاری گشتیو بەشدا، ڕای وایە سیکۆلار جیاکردنەوەی کەنیسەیە لەدەوڵەت، وەک ئەنجامی ئەزموونی مێژووی ڕۆژئاوا، شایەنی ئەوەیە لەسەر ئاستی هەموو جیهان پەیڕەوبکرێت.

**سەرچاوەکان:**

**١- مەریوان وریا قانع گۆڤاری سەرچاوە ژمارە ٥ ئاياری٢٠١٠**
**٢- عەبدولکەریم سروش، سیکۆلاریزمو ئاین و. هێرش کەریم چاپی یەکەم ٢٠٠٩.**
**٣- ئاستین کلاین، سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە، لا٥ساڵی٢٠٠٨**
**٤- منتديات دره البحرين، نبذه عن العلمانيه**
**د. اسماعيل محمد حنفى.**
**٥- محمد قطب، العلمانيه، ص ٧**

# دێرە بێ پەیوەندییەكان

ئارام شەمێرانی

١/ لەگەڵ برادەرێکما چووین هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لەسلێمانی بگرین بەکرێ بۆ کارێکی هونەری، دوای کاتژمێرێک چاوەڕوانی کاکی بەرپرسی هۆڵەکە هاتەوەو وتی: کلیلم پێنییە تا سەیریبکەن، جارێ بچن بۆ دواتر، سەبارەت بەکرێکەشی وتی: ڕۆژێک (٢٠٠٠٠٠) دەکات، ئیتر خوای دەکرد ئەو ڕۆژە داتدەخست یان پیاسەت تیادەکرد، ئەوەش بزانن ئێمە ئەم برە پارەمان دانەناوەو (٧٥٠٠٠) یش خاترمان گرتوون، جا نازانم تۆ ئەم پارەت دانەناوە؟ ئەدی کو دەتوانی ئەوەندە خاترمان بگریت؟ یان ڕەنگە لەموچەکەی خۆی بیداتو بەزەیی بەئێمەی گەنجدا هاتبێتەوەو بیەوێ خزمەتی هونەر بکات .

٢/ درەختەکەی ئیمام محەمەدی دەربەندیخان بووە بەشوێنی خۆهەڵواسینو خۆخنکاندنی گەنجی خاوەن کێشەو هەڵەشە، دەڵێن بڵێی بەهەر گەنجێک ماتۆڕەکەت لەکاتی ڕۆشتنندا دەنگی هەیە یان پێت خوار داناوە، دوای چارەکێک کەبوو بەخیری زینەو دیارنەما، لەوێ خۆی کردووە بەپەتەوە تاخۆی بخنکێنێت، ئەمە نزیکەی ١٠ جارە ئەمە دووبارەدەبێتەوەو هەندێکیان گیانیانلەدەستداوەو هەندێکیشیان یان ئەندامێکیان سەقەت بووە یان ڕزگاریانکردوون، هاوار خوایە تۆ وەفریایان بگەی ئیشەڵڵا.

٣/ شارەوانی هەڵەبجەی شەهید تائێستا سیاجی گۆڕستانی شەهیدانی عەنەبیان نەکردووە کە شەهیدانی کیمیابارانیش لەوێ بەخاک سپێردراون، دەزانن بۆ؟ چونکە وەفد نایەت بۆ ئەوێ تا تاجەگوڵینەی لەسەر دابنێتو چاوی کامێرای میدیاکانیشی پێفێرنەبووە، هەرچەند ئەمە ناشبێتە کێشە چونکەیەکیتر، چونکە تازە کاک خدرکەریم خوا پێی ڕەوا ببینێتو بێچاوێنی بێت لەچاوپیسان، بووە بەجێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتیو هەر مانگەو لەوڵاتێکە، بەە بەە لەو سوتفە،خوایە بیکەی بەنسیبی ئێمە مانانیش، چی دەبێت خۆ ئێمەش شەهیدمان هەیە هەم هی شەڕی ناوخۆو هەم هی کیمیاویش ئەگەر هی پێنووسیش نەچێتە پاڵیان.

٤/ سەیدسادقییەکان کەئێواران دەگەڕێنەوە بۆناو ماڵو حاڵی خۆیان سەرو تلیار خەفەتی ئەخیر مۆدێل دەخۆن بۆ ئەو کارگەی قیری کانی پانکەی کە لەپاڵیانایەو هەموو دوکەڵەکەی دەکات بەسەریانداو گەڵابەیەکیش وەکو زەکات لێدەرناکات بۆ کۆڵانێکی ئەو قەزا قۆزە پڕ قوڕو پڕ تەپوتۆزە.

٥/ پێش ڕاکێشانی تیروپشکی مۆندیال، تورکیاو ئێران لەیاریگای نێودەوڵەتی کوردستانی عێراق بەیەکگەیشتن، یاریەکە تائێستاش تەواو نەبووەو ئەوانیش سوبحانەڵڵا هەر یەکسانن، بۆیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکە لەهێرشی هەڵگەڕاوەدا بەردەوام تۆپی تەقیو دەگرنە یەکترو ناوبژیوانێکی کوردیش نییە کەسێکیان لێ تەڕد بکات یان بوێرێ ئینزارێکی زەرد یان سەوزیان بداتێ، ماڵی سیاسەتو پارەو بەرژەوەندیمدا بەقوڕەوە نایەڵێ هیچ بقسێن.

٦/ تەنکەری نەوت لەمەرزی باشماخو بەناو پێنجوێندا، دەڵێی شارە مێروولەنو ڕەشەبا ئاوی کردووەتە ژێریان، دەڵێی شارە زەردەواڵەنو ئاسنی گەرمکراوت خستووەتە ناو کۆبوونەوەکانیانەوە، کەچی منداڵێکیش لەسەر شەقامێکی کەرکوک لەدەبەیەکی نووسیبوو: بەنزینی ئێرانیمان هەیە.

٧/ لەگوندی زمناکۆی ناوچەی شەمێران پیاوێک دەژی کە لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تەرمی گواستووەتەوە تاوەکو بۆن نەکەنو سەگ نەیانخوات، ئێستا هەردوو ئەژنۆی بەو هۆیەوە لەدەستداوەو قاچەکانی نانوشتێنەوە، چەندین شاهیدیشی هەیە، بەندە بردمە لای سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، کەچی پێی بێژێ چی باشە؟ تۆ پەیوەندیت بەئێمەوە نییە، چونکە سیەکانتو چاوت عەیبیان نییە.

٨/ هۆڵی بۆنەکانی سیروان (دوجەیلە) ئەوەندە دڕکوداڵو گیا دایپۆشیوە، قورئان بەحەقت لەوانەیە مەفرەزەیەک کۆنە جاشو کۆنە مستەشارو کۆنە ئەنفالچیو کۆنە بەعسیو تازە دزیش بچنە ناوی تا بەهارێتر راداریش پێیاننەزانێت، نازانم دوای ئەو ئاهەنگەی کەبۆ چواردە بووکو زاوا کرا لەوێ ئیتر بۆچی پوکایەوە؟؟

٩/ بڕیارە لەو شارەزوورە بۆ یاری کۆتایی مۆندیال ئەوەندە فیشەک بتەقێنرێت، هەرچی تفەنگی نووستووە وا راچڵەکێن تا مۆندیالێکیتر خەویان نەیەت.

**سەیدسادقییەکان کەئێواران دەگەڕێنەوە بۆناو ماڵو حاڵی خۆیان سەرو تلیار خەفەتی ئەخیر مۆدێل دەخۆن بۆ ئەو کارگەی قیری کانی پانکەی کە لەپاڵیانایەو هەموو دوکەڵەکەی دەکات بەسەریانداو گەڵابەیەکیش وەکو زەکات لێدەرناکات بۆ کۆڵانێکی ئەو قەزا قۆزە پڕ قوڕو پڕ تەپوتۆزە**

# کورد لەپەراوێزی دانوستاندنەکانی نێوان عەلاوی و مالیکیدا



**ئارام رەفعەت**

لە ٢٩ ی حوزەیراندا سەرکردەکانی لیستی عێراقییەی (زۆرینە سوننە) و لیستی دەوڵەتی یاسای شیعە، بەسەرۆکایەتی عەلاوی‌و مالیکی دیدارێکیان بەمەبەستی دانوستاندن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق سازکرد. ئەم دیدارە، دەرەنجامەکانی هەرچییەک بن، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی هەستیارو چارەنووسسازەو ئاماژەی هاتنەکایەی هاوسەنگییەکی تازەیە کەرەنگە سەراپای پێوەندییەکانی نێوان کوردستان‌و عێراق بۆ درێژماوە دابڕێژێتەوە.

هەستیارییەکی دیدارەکە لەوەدایە کەدوو لیستەکە نوێنەرایەتی زۆرینەی سوننەو شیعەکان دەکەن. لیستی عێراقییەی خاوەن ٩١ کورسی پەرلەمانی، دەکرێت بەدەنگو رەنگی راستەقینەی سوننەکان لەقەڵەمبدرێت، چونکە بەزیاتر لە ٧٥ کورسی دەڤەرە سوننییەکان (بەرامبەر ٦ کورسی بەرەی تەوافوق)، نوێنەرایەتی نیمچە رەهای سوننەکان دەکات. لیستی دەوڵەتی یاساش بە ٨٩ کورسی نوێنەرایەتی زیاتر لە ٥٥٪ی شیعەکان دەکات. بۆیە هەر نزیکبوونەوەیەکی ئەو دوو لیستە لەیەکتری، بەتایبەت هاوپەیمانی لەسەر بنەمای پێکهێنانی حکومەت، دەکرێت بەمانای رێککەوتن‌و ئارایشدانەوەی پێوەندییەکانی شیعەو سوننەو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لەسەر حیسابی گەلی کوردستان لەقەڵەمبدرێت.

کاریگەرییەکیتری ئەو نزیکبوونەوەیە لەقەوارەی ئەو دوو لیستەدایە. بێجگە لەوەی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا بەجیا یەکەم‌و دووەم گەورەترین لیستی پەرلەمانین، بەیەکەوەش ١٨٠ کورسییان هەیە، ئەمەش لەسەرووی ئەو رێژە دەستوورییەیە کەبۆ پێکهێنانی حکومەت پێویستە. واتە، لەرووی یاساییەوە بێ بەشداری کورد ، شیعەو سوننەکان دەتوانن حکومەت پێکبهێنن. بەمانایەکیتر، بەشداریکردن‌و نەکردنی کورد هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی دانوستاندنەکان‌و سەرەنجام پێکهێنانی حکومەت نابێت. بەتایبەت کەهیچ دەق‌و برگەیەکی دەستووری نییە کەپشک‌و پۆستەکانی گەلی کوردستانی لەبەغداد مسۆگەرکردبێت. لەرووی بەشداری‌و پشکی لەدەسەڵاتدا، کورد حیسابی نەتەوەیەکی بۆ نەکراوە، بەڵکو وەک تاکو هاوڵاتی، هاوشێوەی تاکێکی سوننی یان شیعە، مافەکان دیاریکراون.

ئەم هەقیقەتە تاڵەش لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کەدەستووری عێراقی جەخت لەسەر پرەنسیپی زۆرینەی پەرلەمانی دەکاتەوە نەک تەوافوقی. بەمانایەکیتر، بنەمای تەوافوقی نەکراوەتە بەندێکی دەستووری‌و هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان پشکی کوردستانییەکان‌و لایەنە عێراقییەکان لەسێ سەرۆکایەتییەکەدا. واتە، لەدەستووردا وەرگرتنی یەکێک لەسێ پۆستە سەرەکییەکان (سەرۆک کۆمار، سەرەک وەزیران یان سەرۆک پەرلەمان) لەلایەن کوردەوە نەکراوەتە مەرج. لەوەش خراپتر، دەستوور بەشداریکردن‌و نەکردنی کوردستانییەکان‌و شێوازی بەشداریکردنەکەی نەکردووە بەمەرجێک بۆ پێکهێنانی حکومەت. بۆ نموونە، لەحاڵەتی حکومتێکی هاوبەشی سوننە – شیعیدا، یان لەحاڵەتی حکومەتێکی زۆرینە شیعیدا (هاوپەیمانی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی ١٥٩ کورسی)، بەشداریکردن‌و نەکردنی کورد دەبێتە مەسەلەیەکی مۆراڵی یان تاکتیکی. لەهەر بارێکدا، کوردستانییەکان لەمەوقیعێکدا نابن کەبتوانن مەرج بسەپێنن لەهەمبەر بەشداریکردن لەحکومەتدا. ئەم هەقیقەتە رێک لەو پەیامانەدا دەردەکەوێت کە لەلایەن شیعی‌و سوننیەکاندا دەرهەق بەپەراوێزنەخستنی کورد رادەگەیەنرێن.

مەسەلەی ئیلتیزامی دەستووری‌و ئیجباربوونی یاساییانەی بەشداریکردنی کورد جیاوازە لەگوتاری یان (لەباشترین حاڵەتدا) پرەنسیپی پەراوێزنەخستن. لەحاڵەتی ئیجباربوونی دەستووریی بەشداری پێکردندا، بەشدارینەکردنی کورد دەبێتە خەلەلێکی دەستووری‌و ئیداریی وڵات‌و لەوێشەوە لایەنی کوردستانی دەتوانێت بەشداربوون بکاتە کارتێکی فشار بۆ بەدیهێنانی مافەکانی. لەگەڵ هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراقی‌و دووبارە لکاندنەوەی کوردستان بەعێراق‌و بەشداری لایەنی کوردستانی لەبونیادنانەوەی ئەم دەوڵەتەدا، هەلێکی زێڕین بۆ سەپاندن‌و بەدەستووریکردنی پشکی کورد (بەدیاریکراوی) لەدەسەڵاتدا هاتبووە ئاراوە. بەداخەوە لایەنە کوردستانییەکان لەئاستی دابینکردنی ئەم مافە رەوایەدا نەبوون.

لەحاڵەتی «پەراوێزنەخستن»دا، پەیوەندی کوردستانییەکان‌و لایەنی عێراقی دەبێتە پێوەندی نێوان حاشییەو ناوەند. لەو حاڵەتەشدا ئەوە ناوەندە کەتوانای ئاڕاستەکردن‌و کۆنترۆڵکردن، یان سەپاندنی ئیرادەو ئیدارەی بەسەر حاشییەدا هەیە، نەک بەپێچەوانەوە. سەرەنجام هەر بەشداری پێکردنێکی حاشیە لەبڕیارەکان‌و ئیدارەی ناوەندا، دەبێتە ئیمتیازێک کە بەحاشییە دەبەخشرێت‌و لەبەرامبەر ئەم بەخشینەشدا چاوەڕوانی ئیلتیزام‌و پابەندبوون لەحاشیەو سەرەنجام بێ ئیرادەکردنی دەکرێت. لێرەدا ئەگەر لەهاوکێشەو بارودۆخێکی تایبەتدا حاشییە بتوانێت وا لەناوەند بکات کەدان بەهەندێک لەمافەکانیدا بنێت، ئەوا ناتوانێت جێبەجێکردنی ماف‌و ئیلتیزاماتەکان بەسەر ناوەندا بسەپێنێت. جێبەجێنەکردنی بەیاننامەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و مادەی ١٤٠ ی دەستووری عێراقی دوو نموونەی زەقی ئەو حاڵەتەن.

بێجگە لەوەش، لەحاڵەتی «پەراوێزنەخستندا» ناوەند قەبارەو چۆنیەتی بەشداریکردنی حاشییە دیاریدەکات. ئەم پرەنسیپی پەراوێزنەخستنە لەسەرەتای لکاندنی زۆرەملێیانەی کوردستان بەعێراقەوە پەیڕەوکراوە. بۆ چاوبەستی کۆمەڵەی گەلانی ئەوسا، لەکابینەکەی ساڵی ١٩٢٨ی موحسین ئەلسەعدووندا بۆ یەکەمجار پۆستێکی وەزاری دایە کوردێک. لەوساوە تا ساڵی ٢٠٠٣ هەموو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی بەپێدانی چەند پۆستێک (لەوانەش جێگری سەرۆک کۆمار) بەکورد بانگەشەی بەشداریکردن‌و پەراوێزنەخستنی کوردی کردووە. لەئێستادا، سرووشتی بەشداریکردنی دەستووریانەی کورد لەدەسەڵات‌و بڕیارەکانی ناوەندا، هەمان شێوازی هەموارکراو (لەواقیعدا ئارایش دراوەی) ئەو پێوەندی‌و بەشدارییەیە کە ٨٠ ساڵە پەیڕەودەکرێت. بێ توانایی سیاسەتمەدارانی کورد لەسەرلەنوێ دارشتنەوەی بنەڕەتییانەی پێوەندییەکانی نێوان کوردستان — عێراق بەئاڕاستەی شەراکەتی نەتەوەیی بەژمارەو رێژەو پۆست شکستێکەو باجەکەی مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان‌و لەسەرووی هەمووشیانەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم دەیدات. بۆ نموونە، ئەگەر لەفەزای غیابی سوننەکان‌و شەڕی ئەوسای نێوان شیعەو سوننە لە ٢٠٠٥ دا هاوپەیمانی کوردستان توانی لەبەرامبەر بەشداربوونی لەکابینەکەی مالیکیدا بەندی ٢٢ ی تایبەت بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بخاتە بەرنامەیکاری حکومەتەکەی مالیکی، بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا، ئەستەمە کورد بتوانێت مەرجێکی لەم شێوەیە (ئەگەر هاوشێوەی بەندی ٢٢ تەنها لەسەر کاغەزیش بێت) بکاتە بەرنامەیکاری حکومەتەکەی داهاتوو.

لایەنێکیتری مەترسیداری نزیکبوونەوەی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، کارنامەو ئایدیۆلۆژیای ئەو دوو لیستەو هەڵوێستی کاراکتەرە سەرەکییەکانێتی. سەرەرای ئەوەی هەردوو لیستەکە نوێنەرایەتی جیهانبینی‌و بەرژەوەندییە جیاوازییەکانی، زۆر جاریش، دژ بەیەکەکانی شیعەو سوننە دەکەن، بەڵام هەردوولا لەکۆمەڵێک خاڵدا کەپەیوەستن بەچارەنووسی گەلی کوردستاندا یەک دەگرنەوە، لەوانەش مەسەلەی دژایەتیکردنی سیستمی فیدراڵی‌و لایەنگری دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز و رەتکردنەوەی خواستە رەواکانی کوردستان بەتایبەت کوردستانییەتی کەرکوک.

هەرچەندە زۆر لەسیاسەتمەدارانی کورد گرەو لەسەر ناکۆکی نێوان مالیکی‌و عەلاوی دەکەن، بەڵام چاو لەوە دەپۆشن کە لەئاستی سەرکردایەتی ئەو دوو لیستەدا پێوەندیی‌و نزیکایەتییەک هەیەو لەڕابردووشدا لەهەمبەر کورد کارنامەو بەرنامەی هاوبەشیان هەبووە. بۆ نموونە، ئوسامە نوجێفی‌و رافیع عیساوی عێراقییەو شەهرستانی‌و خوزاعی دەوڵەتی یاسا کەشاندی دیدارەکەی ٦/٢٩ بوون، ئەندازیارو رێکخەری پیلانی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٨ بوون. لە ٧/٢٢ دا نزیکەی ١٤٠ پەرلەمانتاری شیعەو سوننەی سەر بەلیستەکانی ئەوسای مالیکی‌و هاشمی‌و عەلاوی‌و شەهرستانی مادەی ٢٤ یان گەڵاڵە کردو توانیان بیکەنە یاسایەک کەپشتگیری یاسایی‌و پەرلەمانی هەبێت. ئامانجی پیلانەکە گێڕانەوەی کەرکوک بوو بۆ واقیعی سەردەمی بەعس. وەک ئاماژەیەک بۆ وەلانانی کێشەکانیان لەپێناو کەرکوکداو کارکردنی هاوبەشیان لەو بوارەدا، چەند سەرکردەیەکی هەردوو لیستەکە، چەندانجار بەڕاشکاوی رایانگەیاندووە کەئەوان لەدەستدانی پۆستی سەرۆک وەزیرانیان پێ باشترە لەجێبەجێکردنی مادەی «١٤٠».

هەستیاری ئەو لەیەک نزیکییەی سەرکردەکانی ئەو دوو لایەنە لەوە دایە، کەدەتوانن کاریگەری لەسەر پێوەندییە شەخسییەکانی نێوان عەلاوی و مالیکی دابنێن. لەوەش گرنگتر، هەردوو لایەن تەئکیدیان لەوە کردووەتەوە کەمالیکی‌و عەلاوی وردەکاری رێککەوتن‌و دانوستاندنەکانیان بۆ لیژنەکان بەجێهێشتووە، کەئەمەش مەودای لەیەکتری تێگەیشتنی نێوان دوو لایەنەکە فراوانتر دەکات. ئەگەر دانوستاندنەکانی نێوان مالیکی‌و عەلاوی شکستبێنن یان بەئاڕاستەی پێکهێنانی حکومەتدا هەنگاو بنێن، لەداهاتوودا سروشتی پێوەندییەکانی ئەو دوو لایەنە هەرچییەک بێت، هیچ لەو راستییە کەمناکاتەوە کەئامادەیی کارکردنی هاوبەشیان لەدژی خواستەکانی گەلی کوردستاندا هەیە.

مەسەلەیەکیتر کەپێویستە بەجیدی وەربگیرێت، ئەوەیە کەئەم نزیکبوونەوەیە لەپشتگیری ئەمریکی‌و رەزامەندی عەرەبی (بەتایبەت سعودییە) بەهرەمەندە. بەگوێرەی هەفتەنامەی ئەهرامی ئینگلیزی ژمارە ١٠٠٥ی رۆژی ٢٠١٠/٧/١، باراک ئۆباما داوای لەشای سعودیە کردووە پشتگیری هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بکات‌و فشار بۆ عەلاوی بهێنێت کەبچێتە پاڵ حکومەتێک کەمالیکی سەرۆکایەتی بکات. هەرچەند سعودییە دەیەوێت عەلاوی حکومەتی عێراق پێکبهێنێت، بەڵام بەگوێرەی ئەهرام ئەمریکا بەو هیوایەی کەهاوپەیمانی نێوان سوننەو شیعەکان رۆڵی ئێران لەعێراقدا کەمبکاتەوە بەردەوامە لەفشارەکانی لەسەر سعودیە بەو ئاڕاستەیەدا. دوو دراو ئەو راپۆرتەی ئەهرام دەکات. یەکەمیان لەروانگەی ئەمریکاوە مالیکی بە بەراورد لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی ئەلحەکیم‌و سەدر، وەک شیعەیەکی پراگماتی نزیکتر لەهەستی عێراقچێتی تا لەئینتیمای بۆ ئێران دەزانێت. لانیکەم لەساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە ئەمریکا پشتیوانی (ئەگەر ناچاریش بووبێت) مانەوەی مالیکی لەپۆستی سەرەک وەزیراندا کردووە. دووەمیان، مالیکی زۆرجار لەسەر ئاوازی ئەمریکییەکان یاریکردووەو لەوانەش هێرشە راگەیاندنە زبرەکانی لەدژی سووریا. زۆرێک لەچاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کەئەم دیدارەی مالیکی لەگەڵ عەلاوی لەسەر خواستی مالیکی بووە، وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر سەفەرەکەی ئەلحەکیم بۆ سووریاو هەڵوێستەکانی بەشار ئەسەد لەدژی مالیکی. کەئەوەش پەیامێکە بەئاڕاستەی نزیکبوونەوەی مالیکی لەو کەمپەی کەنزیکە لەئەمریکا، کەئەمەش ئەگەری ئارایشدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان سوننەو شیعەکان زیاتردەکات. لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێت دیدارەکانی عەلاوی‌و مالیکی بەگرنگترین ئاڵوگۆڕی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئادار دابنرێت.

بەکورتی سیستمی حوکمڕانی‌و برگە دەستوورییەکانی عێراق‌و یاسای هەڵبژاردنەکان بۆ پاشکۆکردن‌و لەقاڵبدانی پێگەی کورد دارێژراون. بۆیە سیناریۆکانی داهاتوو هەرچییەک بن، حکومەتێکی هاوبەشی سوننی شیعی یان حکومەتێکی شیعی بە بەشداری کورد، هیچ لەو راستییە کەمناکاتەوە کەکورد لەعێراقدا جارێکیتر بەرەو پەراوێزخستن‌و پلە دوویی دەڕوات. بەواتایەکیتر، کورد لەبەغداد پێی ناوەتە وەرزی هەڵوەرینی کارت‌و پاشەکشەی خواستەکانی، باجەکەشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حوکمڕانی هەرێمە.

# شەڕ، شەڕی چاوە

## پزیشکانی سلێمانی دەڵێن «سەنتەرە ئێرانییەکە» نازانستیو یاسایین، بەڵام وەزیری تەندروستی دەڵێت هەموو بەڵگەنامە یاساییو زانستییەکانیان بێکەموکوڕیین

گۆران وەهاب

پزیشکانی پسپۆڕی چاو لەسلێمانی رەخنە لەسەنتەری ئێرانی ئەهلی بۆ نەشتەرگەرییەکانی چاو «سەنتەرە ئێرانییەکە»دەگرنو کارەکانیان بەنازانستی لەقەمدەدەن. ئامادەشنین کار لەگەڵ سەنتەرەکەدا بکەن.

دووساڵ لەمەوبەر ئەو سەنتەرە کە لەنەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ کرایەوە، ناوبانگی دەرکرد، نەخۆشەکانی چاو بەرێژەیەکی بەرفراوان روویان تێکرد. نەشتەرگەرییەکانیشیان جێگەی رەزامەندی نەخۆشەکانو وەزارەتی تەندروستی بوو، بەڵام پزیشکانی چاو لەسلێمانی دەڵێن نەشتەرگەرییەکانیان زانستی نین.

د. کاوێنا محێدین پسپۆڕی نەخۆشیەکانی چاو لەنەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ، دەڵێت ئەو سەنتەرە زیاتر بازرگانییە وەک لەوەی خزمەتگوزاری بێت، وتی «ئامانجی سەرەکی سەنتەرەکە کاسبی مادی بوو، نەک خزمەتی هاووڵاتیان، بۆیە دوای دوو ساڵ لەئیشکردنیان وەزارەت گەیشتە ئەو بڕوایە، لەگەڵ ئەوەی پابەندنەبوون بەخاڵەکانی پەیوەیستنامەکەوە، ماوەی گرێبەستەکە درێژنەکەنەوە».

دوای نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەیان لەنەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ، سەنتەرەکە ئێستا وەک نەخۆشخانەیەکی ئەهلی مۆڵەتی وەرگرتووەو کاردەکات. پزیشکانی سلێمانی دەڵێن چەندینجار ناڕەزاییەکانیان بە بەڵگەوە پێشکەش بەوەزارەت کردووە، لەسەر ئەو سەنتەرە.

د. کاوێنا دەڵێت وەزارەتو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیو سەندیکای پزیشکان بەڵێنیانداوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەڵگانە بکەن کەپێشکەشیانکردوون، وتی «هەموو ئەو نەشتەرگەریانەی لەو سەنتەرە ئەنجامدەدرێت، لەنەخۆشخانەی شەهید ئاسۆی چاو بەبێبەرامبەر ئەنجامدەدرێت، بێجگە لەزەرعی قەرەنیە کەئەویش بەهۆی نەبوونی قەرەنیەکەوەیە».

لەبارەی هۆکاری رازینەبوونی پزیشکەکانی سلێمانی بەکارکردن لەگەڵ سەنتەرەکەدا، د. کاوێنا دەڵێت «بەڕاستی شێوزای بینینی نەخۆشو ئیشکردنیان کەمترین مەرجی زانستی تێدانییە، بۆیە پزیشکێکیان لەدەرەوەی سلێمانی هێناوە، کەئەوەش پێچەوانەی یاسای سەندیکای پزیشکانە».

بەرپرسانی «سەنتەرە ئێرانیەکە» لەنرخی رەخنەکانی پزیشکانی سلێمانی کەمدەکەنەوە، دەڵێن رەخنەکانیان لەپێناو داخستنی سەنتەرەکەیە، چونکە بەهۆی سەنتەرەکەوە کەمتر نەخۆش سەردانی ئەوان دەکات، ئەوەش زیانی مادی پێگەیاندون.

بەهادین عەزیز لێپرساوی سەنتەری ئێرانی ئەهلی بۆ نەشتەرگەرییەکانی چاو لەسلێمانی، دەڵێت سەنتەرەکەی ئەوان کەپێشتر لەنەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ بووە، دانەخراوە، بەڵکو گرێبەستەکەیان لەگەڵ نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆو فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە، دوای ئەوەی سەنتەرەکەی ئێستایان لەکەرتی تایبەتدا کردووەتەوە، وتی «هەندێک لەپزیشکانی چاو بەلایانەوە گرانبووە کەسەنتەرێکی ئەهلی چاو لەسلێمانی هەبێت، بۆیە ئێستا دژایەتیمان دەکەن».



پزیشکەکانیش رەخنە لەیەکتری دەگرن

بەهادین عەزیز وتی «ئەو پزیشکانەی لەئێرانەوە دێنە ئەو سەنتەرە، لەهەولێریش نەشتەرگەریان کردووە، ئەو پروپاگەندانەشی بۆ سەنتەرەکە دەکرێت، تەنها بۆ لەکەدارکردنی سەنتەرەکەیەو سەرکەوتنی نەشتەرگەری پزیشکانی چاوی ئێرانیش لەوانەیە هەندێک پزیشکی چاوی خۆمانی نیگەران کردبێت، ئەویش لەترسی مەسائیلی مادی خۆیان».

د. تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم دەڵێت ئەو سەنتەرە مۆڵەتی وەزارتی وەرگرتووە، دواترشی لەلایەن سەندیکاوە مۆڵەتی پێدراوە. ئەو سەنتەرە کۆمەڵە کۆمپانیایەکنو لەبانک زەماناتیان داناوە، ئەگەر رووبەڕووی کێشەیەک بوونەوە، بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

د. تاهیر هەورامی وتی «پزیشکانی ئەو سەنتەرە هەموو بەڵگەنامەیەکیان هێناوە، نرخی نەشتەرگەریەکانیان زیادنەکردووە بەبەراورد ئەو کاتەی لەنەخۆشخانەیەکی حکومیدا بوون».

د. تەها مەحوی سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پزیشکانی کوردستان دەڵێت لەماوەی ئەو دوو ساڵی پێشووی کارکردنی سەنتەرەکە، هیچ سکاڵایەک لەلایەن پزیشکانو ئیداری نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆوە بۆ بەرزنەکراوتەوە، کەکێشەیەکیان هەبێت یان پزیشکەکان لەکارەکانیاندا شێوازێکی باش بەکارنەهێنن.

د. تەها مەحوی وتی«سەنتەرەکە بەردەوام لەژێر چاودێری تەندروستیدا دەبێتو بەدواداچوون بۆ کارەکانیان دەکرێت، بەپێی ئەو یاسایانەی چاودێری نەخۆشخانە ئەهلیەکانی پێدەکرێت».

د. تەها مەحوی دەڵێت ئەو پزیشکانەی دێنە سەنتەرەکە هەموویان CV خۆیان دێنن، وتی «ئەگەر هەر سەرپێچییەکیش بکەن، لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکەینو سزایاندەدەین تاداخستنی سەنتەرەکەش بێت».

# فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بێ سانسۆر بڵاودەکرێنەوە

## پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی، فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بەمەترسی بۆ سەر پەروەردەی منداڵ دادەنێن

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کەگۆرانیو قسەی نێوبازاڕیان لەسەرە، بەبێ سانسۆر بڵاودەکرێنەوە، وەزیری رۆشنبیری ئاماژە بەوەدەدات کەبیر لەکۆنترۆڵکردنی ئەو دیاردەیە کراوەتەوە، پسپۆڕانی کۆمەڵایەتیش ئەمە بەمەترسی دادەنێن بۆ سەر پەروەردەی منداڵ.

لەئێستادا بڵاوکردنەوەو کۆپیکردنی سیدیو بەرهەمی هونەریو فیلم کارتۆنەکانەکان بەکارێکی ئاسان دادەنرێت، بێ هیچ بەربەستێک دەتوانرێت شتی نەشیاو کۆپیو بڵاوبکرێتەوە، زۆرێک لەو سەنتەرانەی کاری فرۆشتنو کۆپیکردنی سیدی دەکەن، ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە بڵاودەکەنەوە.



وەزارەتی رۆشنبیری کۆنترۆڵی فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراویی بازاڕی پێناکرێت.

لاڤین بەختیار ١٠ ساڵ لەگەڵ دایکیدا بوو، وتی «زۆر خۆشن بەلامەوە، بۆیە زوو زوو دەیانکڕم».

دایکی لاڤین وتی «راستە خراپن لەڕووی پەروەردەییەوە، بەڵام بڵێین چی منداڵەکانمان زۆر حەزیان لێدەکەن».

خاوەن تۆمارگاو سەنتەرەکانی بڵاوکردنەوەی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان، ئاماژە بەوەدەدەن، بێ هیچ کوالیتی کۆنترۆڵێک ئەو فیلم کارتۆنانە لەنێو بازاڕدا بڵاودەکرێنەوەو دەفرۆشرێنو منداڵانیش بەزۆری دەیانکڕن.

هاوکار محەمەد خاوەنی پێشانگای راکۆ لەسلێمانی، وتی «هیچ وەزارەتێکو لایەنێک نییە سەرنجی شتی وابدات، هەرشتێک دەتەوێت، دەتوانیت بەئارەزووی خۆت بڵاوییبکەیتەوە باش بێت یان خراپ».

خاوەن سەنتەرەکان ئاماژە بەوەدەدەن کەرێگەنادەن منداڵەکانیان سەیری ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە بکەن، چونکە زۆر نەشیاون بۆ پەروەردەی منداڵ.

ئەحمەد سەعید خاوەنی سەنتەری هەنسک بۆ فرۆشتنو کۆپیکردنی سیدی، وتی «هەرچەندە مەجبورم بیانفرۆشم، چونکە بژێوی ژیانم ئەوەدەخوازێت، بەڵام ناهێڵم منداڵەکانم سەیری ئەو فیلم کارتۆنانە بکەن، قسەی بازاڕییان تێدایەو زۆر خراپن».

جەزا حەمە ساڵح سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان بەدەستووری وت «لەڕووی پەروەردەییەوە ئەو فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوانە کاریگەری نێگەتیڤ دەکاتە سەر پەروەردەی منداڵ».

جەزا حەمە ساڵح بەپێویستی دەزانێت لەوەزارەتی رۆشنبیری لیژنە هەبێت بۆ ئەوەی ئەو سیدیو فیلم کارتۆنانەی کە دەردەچن، ئەو لیژنەیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، ئینجا بڵاوبێتەوە.

جەزا وتی «منداڵ کاتێک سەیری ئەم فیلم کارتۆنانە دەکات، ئەوەی کەدەیبینێت لاساییدەکاتەوەو لەژیانی رۆژانەیدا بەرجەستەی دەکات».

تائێستا لەلایەن وەزارەتی رۆشبیرییەوە ئەو دیاردەیە کۆنترۆڵنەکراوە، هیچ پلانێک بۆ ئەومەبەستە نەخراوەتەڕوو.

کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیریو لاوان بەدەستووری راگەیاند «ئێمە ئێستا کاردەکەین، کۆمەڵێک پڕۆژەمان لەبەردەستدایە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بیرمان لەوەکردووەتەوە کەئەو شتانە کۆنترۆڵبکەین».

# چەند یاداشتێك سەبارەت بەهاینریش بۆڵ

هێرمان ئینگڵهارد
لە فارسییەوە: ڕۆیا جەماڵی

هاینریش بۆڵ بابەتێکی کورتی کە لەساڵی ١٩٥٨ سەبارەت بەژیانی خۆی نووسیویەتی، بەم رستەیە تەواویدەکات: "هەمیشە دەمویست بنووسمو زۆر زوو ئەو کارەم دەستپێکرد، بەڵام زۆر دواتر بەدەربڕین گەیشتم."

ئەو تەمەنی سی ساڵ بوو کەدەستی بەنووسین کرد، راست لەپاش گەڕانەوەی لەجەنگ، جەنگێک کەتیایدا بریندار ببوو و بەدیل گیرابوو. بەچیرۆکی کورت لەسەر شێوازی نووسەرانی ئەمریکی دەستی بەکار کرد. لەساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵەیەکی بیستو پێنج چیرۆکیی لەژێر ناوی "نامۆ کاتێک گەیشتی بەئاسیا..." (١) کۆکردەوەو بڵاویکردەوە. هەڵبەت ئەو ساڵێک پێشتریش چیرۆکێکی درێژی لەژێر ناوی (شییندیفیر لەکاتی خۆیدا گەیشت) (٢) چاپکردبوو. لەساڵی ١٩٥١ یەکەم رۆمانی خۆی، (لە کوێ بووی تۆ ئادەم؟) (٣) بڵاوکرایەوە. ئەو بەرهەمە بەراستی بەمانای رۆمان، رۆمان نەبوو، بەڵکو زیاتر کۆمەڵێک چیرۆکی پێکەوە گرێدراو بوو کە بەدەوری یەک کەسایەتیدا دەخولانەوە. هەر لەو ساڵەدا خەڵاتی گرووپی چلو حەوتی (کە لەو سەردەمەدا بایەخێکی ئەدەبی زۆری هەبوو) پێبڕا. بۆڵ تا رادەیەک بەبێدەنگو هەرا هاتە دنیای ئەدەبیاتەوە. یەکەم بەرهەمەکانی نەسەرکەوتنێکی ئەوتۆیان هەبوو نەهیچ باسو خواسێکیشیان هەڵگرت، تیراژێکی زۆر بەرچاویشیان نەبوو. ئەو دەقانە لەراستیدا یەکەم بەرهەمەکانی زەوییەکی بەپیت بوون. پاش یەکەم دەقە مژدەبەخشەکان، هاینریش بۆڵ ئەو تۆوەی بەو زەوییە بەپیتەوەی کردبوو و هێنایە بەرهەم. ئەو بەدوور لەهەوڵە هەڵچووناوی ئەو نووسەرانەی کارە یەکەمەکانیان دەتەقێتەوەو ناوبانگی لەکتوپڕیش زۆرجار نزمبوونەوەی کارەکانی دواتری لێدەکەوێتەوە، بەیارمەتی وزە لغاو پسێنە چیرۆکنووسییەکەی پەنجەی لەسەر هەر بابەتێک دادەنا، دەبووە چیرۆک.

بۆڵ لەناوەڕاستەکانی پەنجاکان لەئەورووپا وەک یەکێک لەنووسەرە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا ناوبانگی هەبوو و بەرهەمەکانی دەکەوتنە بەر سەرنجو وەک باڵیۆزی کلتووری بانگهێشتکرا، بۆ ئەوەی سەبارەت بەدیاردەی ئەڵمانیای خۆرئاوا زانیاری بدات بەوڵاتانی ئەورووپایی. لەو ماوەیەدا خەڵکی ئەو وڵاتانە بەتەواوی بۆڵیان ناسی. سەرەڕای ئەو رەخنانەی لەجەمسەری خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە ئاراستەی بۆڵ دەکرا، ئەو چەند سەفەرێکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کرد، لەڕاستیدا بەرهەمەکانی ئەو زووتر لەکۆنراد ئادنایێر گەیشتنە مۆسکۆو ملیۆنەها بەرگ لەبەرهەمەکانی لەو ماوەیەدا لەوێ فرۆشرا. لەوڵاتانی تری جەمسەری خۆرهەڵاتیش بەماوەیەکی زۆر بەر لەوەی پەیوەندی دیپلۆماتیکی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئەڵمانیای فیدراڵ بکەوێتە بەر باس، وتەکانی بۆڵ رووبەڕووی پێشوازیی گشتی بووەوە. ئەو تەنانەت لەچیکۆسلۆڤاکیای ئەو کاتدا بوو بەپڕخوێنەرترین نووسەری ئەڵمانیا، لەبەر ئەوە بۆڵ زیاتر لەهەموو هاوکارە نووسەرەکانی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنابوو کەخەڵکی ئەڵمانیا بەدراوسێ خۆرهەڵاتییەکەیان بناسێنێتو تەنانەت هاوسۆزیی ئەوان رابکێشێت.

ئەو پێشوازییە لەبەرهەمەکانی بۆڵ لەدەرەوەی ئەڵمانیا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ خودی نووسەر لەو کۆنفرانسانەدا کە لەسەر بانگهێشتی زانکۆی فرانکفۆرت لەو زانکۆیە پێشکەشیکردبوون، وەڵامێکی رازیکەری بەو پرسیارە داوەتەوە. ئەو لەگەڵ ناساندنی جوانیناسییە مرۆییەکەی (٤) تەوەری بەرهەمەکانی بەنیشتەجێبوون، دراوسێیەتیو نیشتمانو پارەو ئەوینو مەزهەبو مووچە باسکردبوو. لەروونکردنەوەکانی تری کەئەو سەبارەت بەو جوانیناسییە داویەتی، ئەوە دەردەکەوێت کەبۆڵ بەئەرکی خۆی زانیوە بەشوێن زمانێکی شیاودا بگەڕێت.

ئەو زمانەی شایستەی ئەوەیە پێی بژیت، رەنگە هەمان ئەو شتە بێت کەهەلی بۆ پەسەندکرانی بەرفراوانی بەرهەمەکانی بۆڵ رەخساندووە. زۆرکەم روویداوە نووسەرێکی ئەدەبیاتی نوێی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی لەم شێوەیەی لەوپەڕی سنوورەکانی وڵاتەکەی خۆی بووبێت. لەراستیدا بۆڵ کار بەکەرەستەگەلێکی کۆن کەوتوو دەکات. ئەو دەست بۆ تاقیکردنەوەگەلی شێوازیو زمانی نابات، لەسەرخۆشیو ئازار (٥) نامۆیە. ئەو دەپەرژێتە سەر پرسی مرۆڤە بچووکەکان، سەبارەت بەکارەساتەکانی ملیۆنەها مرۆڤی بێناو و نیشان کەزیاتر لەهەموان لەمێژوودا کاریان لێکێشراوە، دەنووسێت. بۆڵ بەشێکی هەرە گەورەی جەنگی جیهانیی دووهەمی لەیەکەم رۆژەوە هەتا دوایین رۆژو تەنانەت ماوەیەکی زۆر پاش تەواوبوونی جەنگیشی وەک دیلی جەنگی ئەزموون کردبوو. هەر لەبەر ئەوە جەنگ لەبەرهەمەکانی ئەودا رۆڵێکی گرنگو سەرەکی هەیە. سەرناوی دوو کۆمەڵە چیرۆکی ئەو بەناوەکانی (کاتێک جەنگ دەستیپێکرد) (٦) و (کاتێک جەنگ کۆتاییهات) (٧) ئەم خاڵە پشتڕاستدەکاتەوە. تەوەری هەموو چیرۆکەکانی ئەو دوو کۆمەڵەیە جەنگە. لەچیرۆکی درێژی (شەمەندەفەر لەکاتی خۆیدا گەیشت) و رۆمانی (لە کوێ بووی ئادەم؟)یشدا بۆڵ لەجەنگ



دەدوێت. چیرۆکەکانی تریش ئەگەرچی راستەوخۆ باسی جەنگ ناکەن، بەڵام ئەزموونی جەنگ کاریگەریی دیاریکەری لەسەریان هەیە. بۆڵ جەنگ رەتدەکاتەوە. رۆحی ئەو لەهەموو ئەو شتانەی لەجەنگدا ئەزموونی کردوون، بەقووڵی برینداره. لەهیچکام لەبەرهەمەکانی ئەودا تووشی رەزامەندی (هەرچەند بچووکیش بێت) لەسەر جەنگ نابین.


لەو بەرهەمانەی تریشیدا کەجەنگ تیایاندا رۆڵی سەرەکی نییە، وەک (تەنانەت وشەیەکیشی نەدرکاند) و (باوەڕەکانی گاڵتەجاڕێک) (٨) بۆڵ هۆگریو هەستی هاوسۆزیی خۆی ئاراستەی ستەملێکراوە بێناو و نیشانو تەرەکراوەکان لەکۆمەڵگەی مرۆیی دەکات.

زۆرێک لەچیرۆکە کورتەکانی ئەو روویان هەر لەو مرۆڤە بچووکانەو بەسەرهاتی ژیانی ئەوانە. لەو چیرۆکانەدا هەژاریو رۆژڕەشییەک دەبینین کەئەو مرۆڤانە پێوەی گرفتارنو زۆربەی جار توانای دەرچوونیان لێیان نییە.

بۆڵ بەنووسەرێکی دەربەست ناودێر کراوە. دەربەستییەکەی ئەو پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەپرسە سیاسییەکانەوە نییە، هەرچەندەش کە بەتەواوی لەسیاسەت دەری ناکێشن، بەڵام هۆگریی ئەو بۆ پرسە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانە کەبیچم بەژیانی مرۆڤەکان دەدات. ئامانجی ئەو شۆڕش نییە، بەڵکو ناسینو تێگەیشتنو گۆڕانە. بۆڵ ئەرکی خۆی لەوەدا دەبینێت کەئەوەی کەدەبێ بگۆڕدرێت، بیخاتە بەرچاوی خەڵکو هەروەها بۆ یەک بەیەکی تاکەکانی روونبکاتەوە کەچۆن دەتوانن لەپرۆسەی گۆڕاندا رۆڵ بگێڕن.

بۆڵ ئامۆژگاری ناکات، بەڵکو کەسایەتییە مرۆییەکان دروستدەکات. ئەو کەسایەتییانە بەهەڵوێستەکانیان، بەو شتانەی هەستیان دەکەنو بیریان لێدەکەنەوە، نالەبارییەکان دەردەخەن، ئینجا پاش ئەوەیە کەگۆڕان دەستپێدەکات.

ئەو دەربەستییەی کەبۆڵ بڕوای پێیەتی، لەپەیوەندییەکەیدا لەگەڵ مەزهەبی کاسۆلیکیشدا دەردەکەوێت. ئەو دەربەستییە بەئەوینی رەخنەگرانەی نووسەر پێی گرتووە. ئەو ئەوینە نەک تەنیا تێڕوانینی ئەو بۆ هەڵەکانو کەمایەسییەکانی مرۆڤ رەش ناکات، بەڵکو وردبینتریشی دەکات. ئەو نووسەرە لەچەند شوێنێکی جیا لەبەرهەمەکانیدا، لەئەدەبیاتو لەتیۆریدا، رەخنە لەکاتۆلیسیزم دەگرێتو بەتایبەتی لەرۆمانی (تەنانەت وشەیەکیشی نەدرکاند) دا تێمێکی سەرسەختانە بەخۆوە دەگرێت. بەهەموو ئەو رەخنانەشەوە گومان ناباتە بەر ئەوە کەکڵێسای کاسۆلیک بایەخێکی لەڕادەبەدەری لەژیانی مرۆڤەکاندا هەیە.



ئەو ستایلەی کەئەو لەبەرهەمەکانیدا کەڵکی لێوەردەگرێت، لەچوارچێوەی ستایلە سو ننە تییە کا ند ا دەمێنێتەوە. ئەو شێوە سوننەتییانە بواری پێویست بۆ پەروەردەکردنی تایبەتمەنییەکانی ستایلی رەچاوکراوی بۆڵ دەخاتە بەر دەستی. کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز کەئەو بەتەواوی لەرووی ستایلو زمانەوە لەنوێنەرانی تری ئەدەبیاتی ئەڵمانیا جیاوازدەکاتەوە. ئەو بگێڕەوەی یەکەم کەسی تاک (کە نزیکترین جۆری دەربڕینە بەروانگەی نووسەر) بەفۆڕمێکی گونجاو دەزانێت. بۆ نیشاندانی تێکگیرانی تاک لەگەڵ دەوروبەر لەگەڵ کەسانی تردا، لەگەڵ پرسو رووداوەکان، مەیلی بۆڵ بۆ هەڵبژاردنی یەکەم کەسی تاک، هەروەها بۆ هۆگریی زۆری ئەو بەوردەکارییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو وەک نووسەرێکی ریالیست زۆری حەزلێیە زانیاریی زۆر ورد سەبارەت بەوزەکانو هێزەکان، مرۆڤەکانو ئەو شتانەی کە لەرەوتی بیچمگرتنی چیرۆکەکانیدا رۆڵی چالاک یان تەنانەت ناچالاک دەگێڕن، بخاتە بەر دەستی خوێنەر. لەگەڵ ئەوانەشدا بۆڵ ئاگای لەوە هەیە کەواقعیەت زۆر سەرتر لەکۆی هەقیقەتەکان، دەمو ساتەکانو رووداوەکانە...خەیاڵی ئێمەش بەشێکە لەواقیع، بەهرەیەکی راستەقینە کەپێمان بەخشراوە بۆئەوەی لەرووداو و رێکەوتەکاندا واقعیەتەکان بناسینەوە.

یەکێکیتر لەشێوازە ستایلییەکانی هاینریش بۆڵ، دووپاتکردنەوەی هەندێک لەزاراوەکانو هەندێک بەشی رستەیە کە لەبەرهەمەکانیدا بەرچاودەکەوێتو هەندێکجار بەخێرایی بەدوای یەکدا دێت، بەڵام تەنانەت لەو شوێنانەدا کەئەو دووپاتبوونەوانە لێکدووریشن، بەباشی دەناسرێنەوە. پێدەچێ نموونەیەک لەم بوارەدا بەس بێت: کەسایەتی ژن لەرۆمانی (تەنانەت وشەیەکیشی نەدرکاند) لەشوێنێکدا بەم شێوەیە سکاڵا دەکات: "دواتر خەباتەکەم دەستپێدەکەم، خەبات لەدژی پیسبوون." چەند لاپەڕەیەک دواتر: "دەنگی تکە تکی ئاو کەحاڵەتێکی هەڕەشاوی بەخۆوە دەگرت، منی بۆ خەبات لەدژی پیسبوون بانگهێشت دەکرد." و دوای ئەوەش چەندینجار بەمەودایەکی کەمەوە دەخوێنینەوە: "...و دەمەوێ لەدوای خەباتەکەم لەدژی پیسبوون کەمێک پشوو وەبەر خۆم بێنم."، "ناچارم خاوێن بکەمەوە، ناچارم لەدژی پیسی خەبات بکەم."... ئەو دووپاتبوونەوانە راست لەو شوێنانەدا کەیەک هەوا دەبنەوە، کاریگەرییک دەگەیەنن کەحیکایەت لەوردبینیی هاوکات لەگەڵ دڵنیایی دەگەن، چونکە رەوتەکان، رووداو و ئەندێشەکان بەشێوەیەک دەردەکەون کە لەگەڵ پرۆسەی واقعیەتدا دەگونجێنو بەروونی دەیخەنە بەرچاوی خوێنەر. تایبەتمەندییە تایبەتەکانی ستایلی بۆڵ، لەگەڵ ئەم راستییەشەوە کەستایلی زمانییەکەی تەواو سوننەتییە، بەتەواوی گونجاوە کەپێشتر ئاماژەمان بەوە کرد. یەکێک لەپرسەکانی هونەری متمانەو رووژێنی بۆڵ ئەوەیە کە بەپشتگوێخستنی تایبەتمەندییە ورووژێنەرەکان، ستایلێکی بەدیهێناوە کەتایبەتە بەخۆیو بیچمێکی کاریگەرو لەبارە بۆ وێناکردنی ژیانی مرۆڤەکانی سەردەمی ئێمە.

١. Wanderer, Kommst du nach Spa...
٢. Der Zug war puktlich
٣. Wo Warst du , Adam?
٤. Asthetik des Humanen
٥. Pathos
٦. Als der Krieg ausbrach
٧. Als der Krieg Zu Ende war
٨. Die Ansichten eines Clowns

# منداڵانو وتنەوەی گۆرانی گەورەکان



ن: سووسەن ئەبووبەکر

هەمووجار کەباس لەئەدەبو هونەری منداڵان دەکرێت، باس لەو جۆرە ئەدەبو هونەرە دەکرێت، کە لەلایەن منداڵانەوە یان لەلایەن گەورەکانەوە بەرهەمهاتووەو گونجاوە لەگەڵ رۆحی منداڵو سەردەمی ژیانی ئەوان. ئەم گونجانە لەگەڵ سەردەمی منداڵیو رۆحی منداڵیدا وادەکات کەئەم هونەرو ئەدەبە بەهونەرو ئەدەبی منداڵان بناسرێت. ئەو کاتەش هونەرێک یان بەرهەمێکی ئەدەبی لەلایەن گەورەکانەوە بۆ منداڵان بەرهەمدێت، بۆئەوەی وەک بەرهەمێکی باشی هونەریو ئەدەبی بناسرێت، بەرهەمهێنەرانی ئەو بەرهەمە هونەریو ئەدەبییە، نابێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منداڵی، بەڵکو دەبێ تێگەیشتنی گەورەکان لەمنداڵی لەبەرچاوبگرن . دەبێ منداڵانو جیهانی منداڵی بەو شێوەی دەرکیان دەکەینو لێیاندەگەین لەهونەرەکەیاندا رەنگبداتەوە. ئەگەر ئاوڕ لەچیرۆکە خەیاڵییەکان بدەینەوە، زۆر باشتر لەم شتە دەگەین. ئەو شتانەی لەچیرۆکە خەیاڵییەکاندا باسیان لێدەکرێ، راستن. ئێمە راستییەکان ناگۆڕین بەوەی بەدڵی منداڵان بێت، بەڵکو مەبەستمان لەپێوەند لەگەڵ راستییەکان دەگۆڕین. تێگەیشتنی نازانستیانەی منداڵ، رەنگە ئەمە بێت کەخۆر بەدەوری زەویدا دەگەڕێ. ئێمەی گەورەکان دەزانین واقیع شتێکی ترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاخۆ دڵنیاین ئەم گریمانەیە راستە؟ بۆ خۆم هیچکات ئەم گریمانەیەم تاقینەکردووەتەوەو ناشتوانم بیسەلمێنم، بەڵام دەزانم بیرکردنەوەی گەورەکان راستە. هەر بۆیە ئەو کتێبە زانستیانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن، وێنایەک دەدەن بەدەستەوە کە لەگەڵ دنیای ئەواندا جیاوازی هەیە.

منداڵان دەتوانن وێناگەلێکی جوان پێشکەشبکەن. لەبواری ئەدەبدا، شیعرگەلێکی جوان دەهۆننەوە کەزۆرتر لەخەیاڵیانەوە سەرچاوەیگرتووە. ئەو پێشکەوتنە سەیرانەی کە لەنووسینی منداڵاندا دەبیندرێت. جێگای سەرسوڕمانەو پێویستە شتیان لێفێربین.

هونەری مۆزیکیش وەک یەکێک لەهونەرە کۆنەکان زۆرجار هەڵگری هەستی مرۆڤەکانە لەساتە جیاوازەکاندا. ئەو کاتەی خۆشحاڵن گۆرانییەکی شاد دەڵێنو مۆزیکێکی شاد دەژەنن، ئەو کاتەی عاشق دەبن، عەشق لەگۆرانیو مۆزیکیاندا رەنگدەداتەوە، ئەو کاتەش کەخەفەتبارن بە بەیتو باڵۆرە ئەم غەمە دەردەبڕن. هەر ئەم تایبەتمەندییە کەهونەری مۆزیک هەڵگری هەستو ساتە جیاوازەکانە، وایکردووە بەوەی کەباوەڕ بەهونەرێکو مۆزیکێک بێنین تایبەت بەمنداڵان. ئەم هونەرەی کەتایبەتە بەمنداڵان، تەواو هەڵگری کەڵکەڵەو دڵەڕاوکەکانی سەردەمی منداڵییە. من زۆرجار شیعری "تۆپەکەم" لەنووسینی کاکەی فەلاح بەنمونەیەکی سەرکەوتووی ئەدەبی منداڵان دەزانم، کەکراوە بەگۆرانیش.

کاکەی فەلاح ئەو کاتەی دەڵێت:

تۆپەکەم

تۆپە سوورو شینەکەم

تۆپ تۆپێنت پێ دەکەمو....

تەواو نزیکە لەهەستو سۆزی منداڵانەوە. منداڵ لەگەڵ ئەم جۆرە هۆنراوەو شیعرە، هەست بەنزیکایەتی دەکاتو دەتوانێت لەگەڵیدا بژی. دەتوانێت بێهیچ گوشارێک بیڵێتەوەو لەیارییدا لەکۆڵان هاوکات لەگەڵ هاورێکانی بیڵێتەوە. ئەمە نزیکی لەژیانی ئەوانو دەروونناسی ئەوانە وادەکات ئەم گۆرانییەو ئەم شیعرە یان هەر گۆرانیو شیعرێکیتر کەنزیکبێت لەژیانی منداڵان ببێت بەهۆنراوەو گۆرانییەکی سەرکەوتوو. ئەمە ئەو شتەیە کەزۆربەی شارەزایانی بواری دەروونناسی منداڵانو ئەدەبی منداڵان جەختی لەسەر دەکەنەوە، واتە نزیکی بەرهەمی هونەری بەجیهانو دەروونناسی منداڵان. هەر بەرهەمێکی هونەریو ئەدەبی ئەو تەمەنو جیهانە تایبەتە لەبەرچاونەگرێت، سەرکەوتوو نابێت.

**وتنی گۆرانی گەورەکان لەلایەن منداڵانەوە**

یەکێک لەو دیاردانەی کە لەماوەی رابردوودا لەکوردستان بووە بەشتێکی باو، وتنی گۆرانی گەورەکانە لەلایەن منداڵانەوەو بڵاوکردنەوەی ئەم گۆرانیانەیە بەکلیپ لەتەلەفیزیۆنەکانەوە. نەئاوازو نەهۆنراوەی ئەم گۆرانیانە بۆ منداڵان دانەنراوە، زۆریش دوورە لەجیهانی منداڵانەوە. بۆ وێنە چەن رۆژ لەمەو پێش لەیەکێک لەکەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانەوە گۆرانییەک کەزۆربەمان بەگۆرانی هونەرمەند "عەزیز وەیسی" دەزانین، بەدەنگی پۆلێک کچی منداڵ کەدیاربوو خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتن بڵاوبووەوە. بەڕاست گۆرانی "گوڵە وەگوڵە هۆ گوڵمی ...." لەلایەن چەن کچێکی ٤-٥ساڵەوە چ مانایەکی هەیە؟ ئاخۆ ئەمە داسەپاندنی جیهانو بیرکردنەوەی گەورەکان نییە بەزۆر بەسەر منداڵاندا؟ ئەگەر ئەم گۆرانیانە لەلایەن چەند کۆمپانیا یا شوێنێکەوە بەمەبەستی پارە بەدەستهێنان بەم منداڵانەوە وتراوەتەوە، بڵاوکردنەوەی لەتەلەفیزیۆنەکانەوە چ مانایەکی هەیە؟ جا سەیر ئەوەشە ئەو گۆرانیانە لەبەرنامەیەکی منداڵاندا بڵاوبێتەوە. بڵاوبوونەوەی هەر گۆرانییەک بەدەنگی منداڵ، کە لەلایەن گەورەکانەوە بەمەبەستی بەرژەوەندی بازرگانی پێی وتراوەتەوە، بەمانای هونەری منداڵان نییەو بۆ ئەوە نابێت لەتەلەفیزیۆنەکانداو لەبەرنامەی منداڵاندا بڵاوبێتەوە.

هەڵبەت تەنها ئەم گروپەو تەنها تەلەفیزیۆنەکان نییە کەبووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم چەشنە گۆرانیانە. بۆ وێنە هەر لەبەردەرکی سەراداو لەشاری سلێمانی، ئێواران دادێت لەلایەن چەند CD وکاسێت فرۆشێکەوە گۆرانییەکانی "کاروان شارەوانی"،"عەزیز وەیسی" و ... لەوتنی منداڵان بڵاودەبێتەوە کەپێویستە بەر بەم دیاردەیە بگیردرێت. ئەو کاتەی هونەری منداڵان لەجیهانی منداڵان دووردەکەوێتەوە، ئەو کاتەیە کەدابڕانێکی ستاتیکایی روودەدات. ئەم دابڕانە ستاتیکایەش لێدانێکی گەورەیە لەهونەری کوردی.

# ئەو رۆژەی کە کامۆش رۆیشت

ن: سمیۆن دووبۆڤار
و: مستەفا

**سیمۆن دووبۆڤار بەنووسینی بیرەوەرییەکانی، کە بەبۆچوونی رەخنەگرێک باشترین بەرهەمی ئەدەبی دووبۆڤارە، دەستیدایە کارێکی گەورە. بیرەوەرییەکانی دووبۆڤار تەنها بایۆگرافی نییە، لێکدانەوەیەکی دەروونشیکارییانەی نووسەرە لەماوەی ژیانی، لەو کاتەوە کەکچێکی منداڵ بوو، تا ئەو کاتەی جیهانی سەدەی بیستەم وەک بیرمەندێکی گەورە باسی لێکرد. بیرەوەرییەکانی سیمۆن دووبۆڤار ئاوێنەیەکی باڵانوێنە لەژیانی هونەری-ئەدەبی فەڕەنساو بەشێکی زۆر لەهەڵکەوتەکانی جیهانی ئەدەبو هونەر دەگرێتەوە.**

دوانیوەڕۆیەکی مانگی ژانۆیە لەماڵی سارتەر تەنها بووم، تەلەفۆن زەنگی لێدا. "لانزمەن" پێی وتم، "کامۆ" بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبیل مردووە. لەگەڵ هاورێیەکی لەباشوورەوە دەگەڕانەوە، ئۆتۆمبێلەکەیان داویە لەدارچنارێکو دەستبەجێ کامۆ مردووە. تەلەفۆنەکەم داخست. قوڕگم گیرابوو، لێوە لەرزەم گرتبوو ، بەخۆمم وت ناگریم، خۆ ئەو زۆر نزیک نەبوو لێم. بەپێوە لەتەنیشت پەنجەرەکە وەستابووم کەدەیڕوانییە سەر "سەن زێرمەن دێپرە". نەمدەتوانی خۆم راگرمو نەمدەتوانی لەغەمدا نوقم بم. سارتەریش نیگەرانبوو و بەدرێژایی شەو لەگەڵ "بووست" باسمان لەکامۆ کرد. بەر لەخەو حەبی "بلادنال"م خوارد. لەو کاتەوەی سارتەر چاکببووەوە ئیتر ئەم دەرمانەم نەدەخوارد، دەبوایە بخەوتایەم، بەڵام نەمدەتوانی بخەوم. جلەکانم کردە بەرمو چوومە دەرەوەو خەریکی پیاسەکردن بووم. بەداخەوەنەبووم بۆ ئەو پیاوە پەنجا ساڵە، بەداخەوەنەبووم بۆ ئەم راستگۆ ناعادلە کە تەواو بەگومانبوو لەفەڕەنساو ئەمە شتێکی شاراوە بوو لەدەروونیدا. بەداخەوەبووم بۆ گەنجێکی پڕهیواو بەرزەفڕ کەشێتی ژیان، چێژەکانی، سەرکەوتنەکانی، هاورێیەتی، هاوکاری، عەشقو بەختەوەری بوو. دوێنی بەلای ئەوەوە زیاتر لەپێرێ بەڕاست دەرنەدەکەوت. کامۆ بەو شێوەی پێم خۆشبوو لەدڵی تاریکی شەودا دەردەکەوت. یەک سات دەردەکەوتو ساتێکیتر بەشێوەیەکی دڵتەزێن لەناودەچوو. ئەو کاتەی پیاوێک دەمرێت، منداڵی، مێرمنداڵیو گەنجێتی لەگەڵیدا دەمرێت. هەموو کەس بۆ ئەو شتەی کە بەلایەوە ئازیز بووە، دەمرێت.

بارانێکی سارد دەباری. لەلای دەرگاکاندا، بێ خانو لانە هەژارەکان لەسەرما کزۆڵەیان کردبوو و خەوتبوون. هەموو شت ئازاری دەدام. ئەم هەژارییە، ئەم چارەڕەشییەی ئەم شارە، جیهانی ژیانو مەرگ.

کەهەستام لام وابوو، ئیتر ئەم بەیانییە نابینێت. جاری یەکەم نەبوو ئەم شتەم لەبەر خۆمەوە دەوت، بەڵام هەموو جارێک جاری یەکەم بوو. "کایات" هاتو لەبیرمە دەربارەی سیناریۆ قسەمانکرد. ئەم قسەکردنە تەنها وەک گفتوگۆیەک دەچوو. کامۆ لەبری ئەوەی جیهان بەجێبهێڵێت، بەهۆی رووداوێکەوە کەبۆی هاتبووە پێش، ببوو بەناوەندی جیهانو من ئیتر تەنها بەچاوی قوچاوەوە دەیبینم. بەرەو لای هەڵهاتبووم، ئەو شوێنەی کەهیچ شتێکی لێ نەبوو و من گەمژانەو نیگەران باسم لەو شتانە دەکرد کەهێشتا بوونیان هەبوو، ئەمە لەحاڵێکدا بوو کەخۆم لەوانەدا هیچ بوونێکم نەبوو. بەدرێژایی رۆژ بەئەزموونێکی بێ ئەگەرو چاوەڕواننەکراوەوە تلامەوە. هەستم بەو دیوی نەبوونی خۆم دەکرد.

ئەو شەوە پێیەوە بووم بڕۆم بۆ تەماشای "هاوشاری کین" . بەر لەکاتی دیاریکراو گەیشتمە سینەماو لەکافەیەکی تەنیشت سینەماکەدا لەشەقامی ئۆپێرا دانیشتم. خەڵک بێ لەبەرچاوگرتنی مانشێتی لاپەڕەی یەکەمو ئەو رەسمەی کەکوێری دەکردم، رۆژنامەیان دەخوێندەوە. بیرم لەژنێک دەکردەوە کەکامۆی خۆشدەویستو هەروەها بیرم لەو ئازارە دەکردەوە ئەو کاتەی رەسمی کامۆ لەسەر رۆژنامەکان لەسەر شەقامەکان دەبینێت. ئەو کامۆیەی کەوا دیار بوو ئەوەندەی هی ئەو ژنەیە هی هەمووانیشە، بەڵام ئیتر ئەو کامۆیە زیندوو نییە کەپێچەوانەی ئەم شتە بەژنە بڵێت.

شەیپوورەکان کەبانگەوازی بێهیوایی مرۆڤەکانیان سەردەدا، لاموابوو زۆر دەستکردن. "میشێل گالیمار" بەتوندی بریندارببوو. گالیمار لەجەژنەکانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ لەگەڵمانبوو. میشێلیش مرد. "گیان"، "کامۆ" ، "میشێل". زنجیرەی مەرگەکان دەستیپێکردبوو و تا دەگاتە مەرگی خودی من کەدرەنگ یان زوو دەگات، هەر درێژەی دەبێت.



هەرێمی کوردستان، سلێمانی ـ شارێی سالم، تەلاری میران ـ نهۆمی پێنجەم ـ بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
info@destur.net

دەستوور

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف

سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر

# دۆڕاندنی تیپەکانیان، گریاندنی

## ئەو گەنجە کچ و کوڕانەی کوردستان کەتیپەکانیان لەمۆندیال کرانەدەرەوە، بۆ تیپەکانیان دەگرین



دەشتی ئەنوەر

کچانو کوڕانی کوردستان دەڵێن دۆڕاندنی تیپەکانیان گریاندوونیو بێتاقەتی کردوون، بەشێکیشیان تاقەتی سەیرکردنی مۆندیالیان نەماوە.

بەدەستپێکردنی مۆندیال زۆرێک لەلایەنگرانی تیپەکان، بەفانیلەو هێمای ئەو وڵاتەوە گوزارشتیان لەتیپەکانیان دەکرد، بەڵام بەهۆی دەرچوونی هەندێک تیپی بەهێز وەک فەڕەنساو ئیتاڵیاو بەڕازیلو ئەرجەنتین، خۆشییەکان پێچەوانەوە بوونەوە، لەجیاتی پێکەنینی پێش مۆندیال، فرمێسک بەچاوەکانیاندا هاتنەخوارەوە.

سارا قادر کچە خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیە لەشاری هەولێر بەهۆی دۆڕاندنی هەڵبژاردەی بەڕازیل تووشی شۆک هاتو دەڵێت "بەڕاستی زۆرم پێناخۆشبوو کەهەڵبژاردەی بەڕازیل دۆڕا، بەدۆڕاندنی ئەو هەڵبژاردەیەش سەیری یارییەکانی مۆندیال ناکەم".

هەروەها دەڵێت "ئەگەر بەحەزی من بوایە، جگە لەبەڕازیل بۆ هیچ تیپێکیتر نەبێت ئەو مۆندیالە، بەڵام ئەمە یارییەو دەبێت هەر تیپێک بیباتەوە".

سارا ئاماژەی بەوەشدا کەبەڕازیل دۆڕا، لەناخەوە زۆر گریا، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار نەیتوانی دەریببڕێت.

ڕەنج عەبدوڵڵا فۆتۆگەرافەرێکەو لایەنگرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە، ئەو پێش هاتنی مۆندیال بەفانیلەو شۆرتێکی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینەوە وێنەیەکی خۆی گرتبوو، لەخۆشەویستی ئەو هەڵبژاردەیەدا لەپرۆفایلی فەیسبوکەکەیدا داینا بوو، ڕەنج دەڵێت "کاتێک هەڵبژاردەیەک بەڕۆحێکی وەرزشیانەوە خۆشدەوێت، زۆر قورسە کاتێک بەچاوی خۆت دەیبینیت دەدۆڕێتو شکستدێنێتو لەمۆندیال دەکرێتەدەرەوە".

ڕەنج وتی "ئەوکاتەی کەتانگۆ دۆڕا، وەک لێکردنەوەی پارچەیەک لە لەشم وابوو، لەناخەوە دەگریام، بەڵام فرمێسک خۆی دەرنەدەکرد".

ئەو فۆتۆگرافەرە ئاماژەی بەوەشدا مۆندیال ئەو تاموچێژەی نەماوەو وتی " هەڵبژاردەکەم دۆڕا، بۆیە سەیرکردنی ئەو مۆندیالە تامو چێژەی نەماوە، ئەگەر سەیریشیبکەم وەک جاران نییەو ئەوەندە تەرکیز ناخەمە سەر یارییەکان".

ڕانە بابان یەکێکە لەو کچانەی کەماوەیەکی زۆرە لایەنگری هەڵبژاردەی ئەڵمانیایەو خۆشەویستی ئەو هەڵبژاردەیە وای لێکردووە چەندجارێک لەکاتی دۆڕاندنیدا بۆی بگری.

ڕانە دەڵێت ئەگەر ئەڵمانیا زووتر بدۆڕایە، ئەوا سەیری مۆندیالم نەدەکرد".

هەروەها وتی "لەو هیوایەدام جامەکە بەدەستبێنێت، ئەگەریش بدۆڕێت، ئەوا خۆشییەکانم دەبێت بەگریانو ئازارەدەچێژم".






# دەلاقە

بەیان عەزیزی

## نانو سەرپەنایەک بۆ ژیان

نایەکسانیی ئابووری، دیاردەیەکی ئاشکرای هەموو کۆمەڵگاکانەو لەوڵاتانی پیشەییەوە هەتا کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بەردەوام مێتۆدی جیاوازیان بەرامبەر بەم دیاردە هەڵبژاردووە. ئەوەی مەبەستی سەرەکی وڵاتانە لابردنی هەژاری بەشێوەیەکی ڕەهاو هەتاهەتایی نییە، لەبەر ئەوەی وەها دۆخێک ئەستەمە. مەبەستی ئەوان سڕینەوەی نێوانی هەژارو دەوڵەمەندیش نییە، چونکە ئەم نێوانە بەپێی پێشکەوتنی پیشەیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتردەبێت. ئامانج لێرەدا گەیاندنی ئەو خەڵکەیە کە لەژێر هێڵی هەژاریدان بەهێڵەکە، پاشان گەیاندنی خەڵکێکیترە لەسەر خاڵی سفرو سەر سنووری هەژاری بەئاستێکی مامناوەندی. ئەگەر بێتو ئەم دوو مەبەستە بەڕێوەبچێت، پرۆگرامەکانی ئەو دەوڵەتە سەرکەوتوو بووە.

**دوو ڕێگەچارە**

سیستەمەکانی لیبرال دیمۆکرات کەجەخت دەکەنە سەر یەکسانیو بەرابەری هەموو مرۆڤەکان، هەرگیز نەیانتوانیوە لەو دوو مەبەستەدا بەتەواوەتی سەرکەوتوو بن. ڕۆژگارێک سیاسەتمەدارە چەپخوازەکان بەدابەشکردنی دووبارەی پارە لەدەوڵەمەندکانەوە بۆ خەڵکی هەژار، ویستیان یەکسانیی ئابووری دابمەزرێنن. دەوڵەتە لیبیراڵەکانیش هاتن بەپارەی زیاترو دووبارە دابەشکردنی لەکۆمەڵگادا ئەو مەبەستەیان جێبەجێکرد کەهیچ کام لەو دووڕێگەیە نەبوونە وەڵامدەری هەژارییەکی ڕوولەزیادبوون. ئەمڕۆکە تێگەیشتنو پێناسەکانی ئێمە بۆ هەژاری تووشی گۆڕانکارییەکی زۆر بووەو ئەو پێناسە نوێیانە ڕێگەچارەو مێتۆدی سیاسی جیاواز داوادەکات.

**هەژاری ڕەها/ هەژاری بەینابەینی**

هەژاری ڕەها بەجۆرێک هەژاری دەوترێ کەتاک لەوێدا کەمترین لایەنو پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بەدەستەوە نییە، کەبریتیین لەشوێنی ژیان، خۆراکو جلوبەرگ. ئەمڕۆکە پێوەرێکیتریش بۆ ئەو سێ خاڵە زیادبووە. کەڵکوەرگرتن لەیارمەتی پزیشکیو تەندروستی. واتە ئەگەر کەسێک دوای ئەو سێ خاڵە نەخۆش ببێت، بەڵام نەتوانێت پارەی نەخۆشخانە بدات، یان کەسێک بێت کەمەرجەکانی کەڵکوەرگرتن لەبیمەی پزیشکیی وڵاتێکی نەبێت، ئەو کەسە هەژارە. هەژاری بەینابەینی بەجۆرێک لەهەژاری دەوترێت کەبارودۆخی ژیانی هەندێ لەگروپەکانی کۆمەڵگایەک لەئاستێکی زۆر نزمتردابێت بەراورد بەزۆربەی خەڵکی کۆمەڵگاکەوە.

**هەژاربوون لەوڵاتێکەوە بۆ غوربەت**

زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان گەیشتوون بەو ئاستەی کەهەژاری ڕەها لەوێدا لەئاستێکی نزمو نزیک بەسفردا بێت. تاکێکی هاووڵاتی لەوێدا بەلانیکەمەوە هەر چوار خاڵی ژیانی ئاسایی بۆ مسۆگەربووە، بەڵام دیسان زۆرن کەسانێک کە لەسەر هێڵی هەژارییدا دەژیـنو ژیانیان پەیوەستە بەیارمەتییەکانی دەوڵەت. زۆرترین ژمارەی ئەوکەسانە بریتیین لەخەڵکی نەخۆش، کەمئەندامان، بەکارهێنەرانی ئەلکهولو مادە ئەفیۆنییەکان یان ژنانی نەخوێندەوار. ئەمانە گروپێکن کەمەترسی هەژاری بەردەوام لەگەڵیاندایە.

هەروەها گروپێکیتر لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندان کەزۆرترین ڕێژەی هەژارییان تێدایەو ئەوان پەنابەر یان خەڵکی کۆچەری ئەو کۆمەڵگایانەن. بۆ وێنە بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەساڵی ٢٠٠٨دا لەبەریتانیا لە٣٥٪ لەپەنابەرانی پاکستانیو هیندستانی لەژێر هێڵی هەژارییدا بوونو زیاتر لە٦٨٪ ی ئەوانەی کەهێشتا کەیسی پەنابەربوونیان تەئیدنەکراوە لەهەژارییەکی ڕەهادان. بنەماڵەکانیان لەوڵاتەکانی خۆیاندا چاوەڕوانییاندەکەنو ئەو پەنابەرانەش زۆرجار پارەیەکی کەم کەپەیدایدەکەن دەینێرنەوە بۆ بنەماڵەکانیان. لەئەمریکا هەژاریو نەژاد ئاوێتەی یەکترن. ئاماری هەژاربوون لەناو ڕەشپێستەکاندا لە ٣٨٪و لەنێوان پەنابەرە ئیسپانیاییەکاندا لە ٣٤٪ ە کەسێ ئەوەندەی هەمان ئامارە لەنێوان سپیپێستەکاندا. پرسیار لێرەدایە کە لەکۆمەڵگا ئاساییەکاندا کە کەمترین ڕادەی پەنابەر یان کۆچەریان هەیە ئایا هەژاری لەگروپ یان چینێکدا زیاترە لەوانی دیکە یان بەشێوەی یەکسان بڵاوەیکردووە؟

**دابڕاویی کۆمەڵایەتی**

ئەمڕۆکە زۆرێک لەکۆمەڵناسان بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی هەژاریی کۆمەڵگا لەچەمکی دابڕاویی کۆمەڵایەتی کەڵکوەردەگرن. لەم پرۆسەدا کەسەکان ناتوانن بەتەواوەتی لەکۆمەڵگایەکی گەورەتردا تێکەڵاوییان هەبێت. لەباری ئابووری، سیاسیو فەرهەنگیەوە لەسەنتەری کۆمەڵگا دەردەکرێنو توانا یان شانسی بەشداریی لەچالاکیو ژیانی ئاسایی ناوەندی کۆمەڵگایان نییەو گروپێکی دابڕاو پێکدەهێنن. لەکۆمەڵگا پیشەییەکاندا بەهۆی هەبوونی ژێرخانێکی پتەوی ئیمکانیات وەک ئاو، کارەباو تەلەفۆنو سیستەمی هاتوچۆی بەردەوام، ئەم دابڕاوییە کەمتر هەستی پێدەکرێتو لەجیاتی ئەوە ئاماری زۆری شەڕکردنو تاوانەکۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبێت، بەڵام لەکۆمەڵگاکانی دیکەدا ئەوەی بەشێوەیەکی زەق دێتە بەرچاو جیاوازیی لەڕادەبەدەری شێوە ژیانی خەڵکی هەژارو دەوڵەمەندە. لێرەدا ئیتر باس لەسەر ئیمکانیاتێک نییە کەدەوڵەمەندان دەتوانن بەپارە بیکڕن، بەڵکو باس لەسەرئەوەیە کەخەڵکی هەژار لەسەرەتاییترین مافەکانی ژیانی ئەمڕۆیی بێبەشن. ئەوان لەخانوودا دەژین، خۆراکو جلوبەرگیان هەیە، بەڵام کاتێک لەسیستەمی گونجاوی خوێندن لەو شوێنانەدا بێبەشنو توانای تێکەڵبوون لەگەڵ ژیانێکی ئەمڕۆییان نییە، بەپێی پێناسە نوێکانەوە بەهەژار ناودەبرێن.

ڕوخساری هەژاریی لای ئێمە هێشتا هەمان ڕوخساری ئاشناو کلاسیکە، شێوەکانی چارەسەرکردنیشی هەمان شێوە کۆنەکانە. تێرکردنو دانی پارەیەکی کاتی بەهەژاران کەتەنیا بۆ چەند کاتژمێر دەرد فەرامۆش دەکرێت. ئێمە پێویستمان بەتیوریزەکردنی هەموو شێوەکانی هەژارییەو دەرخستنی نەخشەیەکی گشتی لەجوگرافیای هەژاری لەکۆمەڵگاکەماندا. بۆئەوەی بتوانین بەپێی هەر شێوەیەک لەهەژاری چارەسەرێک بدۆزینەوەو لانیکەم کەسەکان لەسەر خاڵی سفری هەژارییدا ڕابگرینو نەهێڵین بکەونە ژێر هێڵی مەترسیداری هەژارییەوە.